# کێشەی کوردستان

## لە ئاست تورکیادا

شازادە سورەیا بەدرخان

# کێشەی کوردستان

## لە ئاست تورکیادا

وەرگێڕانی ئینگلیزییەوە:

ئەحمەد قازی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شازادە سورەیا بەدرخان
کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد قازی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٥١
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣٠٢ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: فەرهاد ئەکبەری. تریسکە ئەحمەد

# شازادە سورەیا بەدرخان

١٨٨٣- ١٩٣٨

چیرۆکی ژیانی سورەیا بەدرخانیش وەک ژیان و بەسەرهاتی ئەندامانی تری بنەماڵەی بەدرخان، زۆر سەرنجڕاکێشە، ژیانی ئەم نەجیبزادە کوردە، سمێڵ گەورە، چاو هەڵۆیە پڕە لە هەیەجان، بابە گەورەی سورەیا، میر بەدرخان (١٨٥١ – ١٩٢٦) دواین شازادەی ئەمیرنشینی جزیر و بۆتان بوو. ڕاپەڕینی بەناوبانگی دژ بە ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٦دا، کە لەلایەن میر بەدرخانەوە بەڕێوە دەچوو، زۆر باش ناسراوە و مێژوونووسان وەک یەکەم شۆڕش و ڕاپەڕینی ناسیۆنالیستی لە مێژووی نەتەوەی کورددا دە بەرچاوی دەگرن. ڕاپەڕین و تێکشکانی میر بەدرخان بۆ کوردستان و بنەماڵەی "عەزیزیان" کە میر بەدرخان ئەندامی بوو. نوختە گۆڕانێکی گەورە بوو. پاش شکانی ئەم شۆڕشە، دەسەڵاتداریەتیی ئەمیرنشینیی کورد کۆتاییی پێ هات و سیستمێکی نوێ بەناوی "ئیدارەی پارێزگای کوردستان" لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانیدا جێگەی گرتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕە بەو مانایە بوو کە ئەم بنەماڵە گەورەیە بۆ هەتاهەتا دەبووایە لە مەنفادا بژین. میر بەدرخان و بنەماڵەکەی لە "جزیر" بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە بۆ دوورگەی کرێت دوور خرانەوە. سەرەنجام ساڵی ١٨٦٨، لە مەنفادا لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کرد. بەدرخان و هەر چوار هاوسەر و نەوەد و نۆ منداڵ و نەوە و نەتیجەی دوور لە زێد و نیشتمانی خۆیان دەژیان. زۆربەیان لە ئەستەنبوڵ و شوێنە جیاوازەکانی تری ئیمپراتۆری عوسمانیدا بڵاو بوونەوە.

باوکی سورەیا بەدرخان، ئەمین عالی بەدرخان، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ تا ١٩٢٠ لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا پلە و پایەی زۆر بەرزی هەبوو، وەک

بەناوبانگترین ئەندامی خانەدانی بەدرخانی ناسرابوو. ئەمین عالی بەدرخان، مافزان و قازییەکی ناوبەدەرەوە بوو، کە زۆر کاری گەورەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا جێبەجێ دەکرد، لە هەمان کاتدا وەک رووناکبیرێکی کوردی عوسمانی ئەرکی دەمڕاست و ڕاوێژکاری بزاڤی نەتەوەییی کوردی ئەم سەردەمەی ڕادەپەڕاند. لە هەموو کات و ساتی ژیانیدا لایەنگریی لە مافی کورد دەکرد و بۆ سەرزەوینی کورد زۆر گەڵاڵە و پلانی دادەڕشت و لە جێبەجێکردن و ڕێکوپێککردنی مەسەلەکاندا زۆر لێهاتوو بوو. هەر لەبەرئەوەش هەموو کات لەگەڵ رێژیم و دەسەڵات کێشەی هەبوو. ناردبوویانە مەنفا و لەوێوە خۆی لە دەست عوسمانییەکان رزگار کرد. ئاگەدارین کە وەک سەرنووسیاری چەند بڵاڤۆکی کوردی، لێهاتوویی خۆی نیشان داوە. ئەو هەروەها سکرتێری گشتیی گەورەترین رێکخراوەی کوردی بوو کە بنەماڵە گەورەکان و رووناکبیرانی کورد بەناوی "جەمعیەتی تەعالیی کورد" -Kürt tea li Cemyeti (کۆمەڵەی گەشەپێدانی کورد) ساڵی ١٩٠٨، لە ئەستەنبوڵ پێکیان هێنابوو. ئەو مرۆڤە، بەلێهاتوویی بەرفرەی خۆیەوە سەرۆکی بنەماڵە گەورەکەی خۆی و کوردی ئەو سەردەمە بوو. بەدرخانییەکان زۆر دانیشتنیان پێک هێنا و خۆیان ئامادە کرد هەرچۆنێک بێ بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان. من هێندێک بەڵگە و سەنەدی ئەو رێکخراوەیەی بەدرخانم لە دەستدایە کە ساڵی پار لە رۆژنامەی ئۆزگور گوندوم Özgur Gündemدا بڵاو کراونەتەوە. بەپێی ئەم بەڵگەنامانە ئەم رێکخراوەیە هەموو حەوتووان دانیشتنی هەبووە و دانیشتنەکانیش لەژێر چاودێری و سەرۆکایەتیی ئەمین عالی بەدرخاندا بەڕێوە دەچوون.

لەگەڵ دامەزرانی کۆماری تازەی تورک، ئەمین عالی بەدرخان و کورەکەی لەلایەن رێژیمی تازەوە سزای مەرگیان بۆ دیاری کرا. ئەمین عالی بەدرخان وەک باوکی دوور لە زێد و نیشتمان لە دوور وڵاتدا کۆچی دوایی کرد. پێش مردن لەگەڵ هاوسەر و کچێکی خۆی رۆیشتە لای کورە گەورەکەی بەناوی سورەیا لە میسر و ساڵی ١٩٢٦ لەوێندەرێ کۆچی دوایی کرد.

سورەیا بەدرخان رۆڵەی ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتە کوردەیە. کاتێک هاتە سەر دنیا، دایکی کە ئافرەتێکی چەرکەسی بوو، مرد. ئەمین عالی بەدرخان دیسان لەگەڵ ئافرەتێکی چەرکەسی بەناوی سەمیحە خاتوون زەماوەندی کردەوە و بوو بەباوکی پێنج کوڕ و کچێک: جەلادەت، کامەران، تەوفیق، حیکمەت، سەفدەر، مەزیەت، پێوەندیی سورەیا بەدرخان لەگەڵ برا و خوشک و ئەندامانی بنەماڵە هەموو کات گەرموگوڕ بوو، دوو کەس لە براکانی کە برێتی بوون لە جەلادەت و کامەران، وەک دوو کەسایەتیی گرینگ و بەناوبانگ لە ژیانی کولتووریی کوردستاندا درەوشانەوە. جەلادەت عالی بەدرخان (١٨٩٣ – ١٩٥١) ئەلفبێتکەی بەرێنووسی لاتینی بۆ زمانی کوردی داهێنا و رێزمانێکی رێکوپێکی بۆ نووسی کە تەنانەت ئەمڕۆش کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەو پیاوە چالاکە دوو کۆواری هاوار (١٩٣٢ – ١٩٤٣) و رووناهی (١٩٤٢–١٩٤٥) لە شاری دیمەشق بڵاو کردەوە و ئەم دوو کۆوارە وەک گرینگترین بڵاڤۆک لە مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیدا دێنە ئەژمار. جەلادەت عالی بەدرخان بۆچوونێکی نوێی هاویشتە نێو فەرهەنگی کوردی و بەیارمەتیی رۆهەڵاتناس و زمانناسی بەناوبانگ رۆژە لێسکۆت Roger Lescot بناخەی پتەوی رێزمانی کوردی داڕشت.

کامەران عالی بەدرخان (١٨٩٥ – ١٩٧٨) وەک جەلادەتی برای لە نووسین و بڵاوکردنەوەدا چالاک و لێهاتوو بوو. رۆژنامەی رۆژا نوو - Roga Nü (1946 - 1943) لەگەڵ پاشکۆیەک بەناوی "ستێر" (١٩٤٦) کە گەلێک گرینگ و رێنیشاندەر بوون بەرهەمی چالاکیی ئەون. تا کۆچی دواییی (١٩٤٧) کامەران بەدرخان مامۆستای دەرسی کوردۆلۆجی (کوردناسی) لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس بوو. لە ماوەی ژیانیدا نزیک بە ٣٠ بەرهەمی بە زمانی کوردی، تورکی، فرەنسی و ئەڵمانی بڵاو کردەوە.

برای هەرە گەورە، سورەیا بەدرخان، وەک براکانی تری خاوەنی ئەم لێهاتووییە فەرهەنگی و کولتوورییانە بوو. ئەویش وەک باوکی و براکانی لە کاری نووسین و رۆژنامەوانیدا هەڵسووڕاو بوو، هەرچەند لەنێو کورداندا وەک

دوو براکەی (جەلادەت و کامەران) نەناسراوە، بەڵام زۆر کتێبی گرینگی لەسەر کوردان نووسیون. ئەو تەنانەت، بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی حزبی پێشڕەوی هۆیبوون (خۆیبوون، سەربەخۆیی) کە گرینگترین ڕێکخراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد لە سەردەمی نوێدا بوو، لەگەڵ براکانی کەوت.

سورەیا بەدرخان ژیانێکی پڕ لە چالاکی و سەرنجڕاکێشی بوو کە لەم کورتە سەرەتایەدا باسکردنی ناگونجێ. بەڵام وەبیرهێنانەوەی چەند بڕگەی کورت لە ژیانی ئەم کەسایەتییە زۆر پێویستە، وەک هەموو بەدرخانییەکان، ساڵی ١٩٠٦ بۆ سورەیاش زۆر گرینگە. لەو ساڵەدا، هەموو بەدرخانییەکان کە نزیک ٣٠٠٠ کەس دەبوون لە وڵاتی خۆیان دەرکران و دوور خرانەوە. سورەیا بەدرخان لە مەکتەبی سوڵتانییە کە ئێستا پێی دەڵێن زانکۆی گالاتاسارای، هەڵپچڕا و لەگەڵ بنەماڵەکەی ناردیانە مەنفا، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە لە ناوەندە بەناوبانگەکانی مەنفای عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفەریقادا مانەوە. ساڵی ١٩٠٨ بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیی[1] تورکیا، سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بەدرخانییەکان بۆ ئەستەنبۆڵ گەڕانەوە. سورەیا بەدرخان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد کەوت و دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردی. بەڵام لەگەڵ نوێنەرانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی تورک، وەک حزبی یەکەتی و گەشەکردن (اتحاد وترقي) Ittihat ve Teraki کەوتە دژایەتی و گیرا. سزای مەرگیان بۆ دانا، بەڵام ڕزگاری هات و ئەستەنبۆڵی بەجێ هێشت. ڕۆیشتە قاهیرە، کە ناوەندی سەرەکی و مەکۆی دژکارانی ڕێژیمی عوسمانی بوو، لێرەدا دەستی کرد بەدامەزراندن و ڕێکخستنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد. کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردی دامەزراند و خۆیشی بوو بە سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوەیە. بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی ئەو بنەماڵەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بزووتنەوەی ناوخۆی کوردستان و

(١) مەشرووتەخوازی: بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە دەسەڵاتی پاشا یا سوڵتان و ئیمپراتۆر کەم دەکاتەوە و دەسەڵات دەکەوێتە دەست ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەل و دەوڵەت و پاشا سەڵتەنەت دەکا نەک حکوومەت. (وەرگێڕ)

باقــیی ئەندامــانی بنەمــاڵەی خــۆی لە ئەســتــەنبــۆڵ هەبوو. ســەرچاوە ئینگلیـزییـەکـان و نووسـراوەکـانی مـاژۆر نـۆئێل Magor Noel، دیپلۆمـاتێکی ئینگلیـزی کـە پێـوەندیی زۆر نزیکی لەگـەڵ کوردەکان بووە، نیـشـان دەدەن کـە سـورەیا بەدرخـان لایەنگریی لـە ئینگلیـز دەکـرد و ویسـتـوویەتـی بەیارمـەتیی ئەوان دەوڵەتێکی کورد دابمەزرێنێ.

پاش دامەزرانی کۆمارێکی تازەی تورک بەسـەرۆکایەتیی مسـتەفا کـەمال لە ١٩٢٣دا و پاش ســەرهـەڵدانی شـۆڕشـی ســەرنەکـەوتووی شـێـخ سـەعـیـد لە ١٩٢٥دا، بارودۆخ بۆ کـورد ئاڵوگۆڕی بەسـەردا هـات. سیاسـەتی بەتورککردن Turkization کـە لەلایەن ئەم بزاڤە ناسـیـۆنالیسـتـە تورکـەی کە باسـمـان کـرد، دەستی پێ کردبوو. لەمەودوا بوو بەسـیاسـەتی فـەرمی و لەسـەر ئەم سیاسەتە ڕێژیم وردە وردە حـاشـای لە بـوونی کـورد دەکـرد. بۆ بەرەنگاری لەگـەڵ ئەم سـیــاســەتـە پووچ و بێ مــانایە و ئـەم نکۆڵیکردنـە، رووناکـبــیـرانـی کـورد بزووتنەوەی "هۆیبوون (خۆیبوون)"یان لە ساڵی ١٩٢٧دا لە لبنان وەڕێ خست. لەم ڕێکخـراوە تازەیـەدا بێجگە لە چەند بەڕێوەبەری کـوردی وەک: مـەمـدووح سـەلیم، مـحـەمەد شـوکری سەگبان، مـەولانا زادە رەفـعەت و ئیـحسـان نووری، ئەوانـی تر هـەمــووی ئەنـدامــانـی بنەمــاڵەی بەدرخــانـی بوون وەک: ســورەیا بەدرخان، خەلیل رامی مامی سورەیا و براکانی سورەیا، جەلادەت و کامەران. بەرنامـە و پرۆگرام و پێوەندی و گـەلاڵەکانی ئەم سـازمانە خـۆی لە خـۆیدا، بۆ شیکردنەوە و ئانالیزی مـێژووی مۆدێرنی کوردی گەلێک گرینگە. دوو چیرۆکی تازەی من سـیـا ئـەوینێ Siya Evînê و بیـرا قـەدەرێ Bira Qederê باسـی ئەو ســەردەمــە دەکـەن. مـن ئــەو ســەردەمــە [و ڕووداوەکــانـیم] تـا ئەو جـێگەی دۆزینەوەی بابەت و بەڵگە ئیزنیان پێ داوم خستووەتە ژێر موتالا و لێکۆڵینەوە و بەرهـەمی ئەم تێکۆشـانەم بە کـورتـی لەژێرەوە دەبینن. ڕێکخـراوی خـۆیبـوون بەدەست کـورد و بەیـارمـەتییـەکی زۆری ئەرمـەنییـەکان دامـەزرا و کـەوتە ڕێ. خـۆیبـوون لەگـەڵ هـەمـوو دنیـا پێـوەندیی هـەبوو، بەتایبـەتـی لەگـەڵ کـۆمـەڵی کۆچکـردووانی کورد لە پاریسـدا پێوەندی و هاوکـاریی نزیکی پێک هـێنابوو.

کوردەکانی تورکیا و سووریا و ئێران و عێراقیش لە خۆیبووندا چالاک بوون. لە سووریا و بەشێک لە ئەنتاکیا Antachia کە لەژێر دەسەڵاتی فرەنسادا بوون ئەم حزبە پێشوازییەکی هەراوی لەنێو جووتیارە کوردەکاندا لێ کرا. ئەوە خۆیبوون بوو کە گەڵاڵەی ڕاپەڕینی کوردی لە ئاگری، لە ساڵی ١٩٣٠دا دارِشت.

سورەیا بەدرخان لە تەواوی ئەم چالاکییانەدا بەشدار بوو و دەورێکی گرینگی بەتایبەتی لە پێوەندیگرتن و ڕاگەیاندنی جیهانیدا وەئەستۆ گرتبوو. بەهاوکاریی مەولانا زادە رەفعەت پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەرمەنییەکان پێک هێنا. ئەو تەنانەت لەگەڵ شەریف پاشای کورد کە لە پاریس دەژیا و یەکێک بوو لە دیپلۆماتە پایە بەرزەکانی عوسمانی پێوەندیی زۆر نزیکی هەبوو. بە پێشنیازی خۆیبوون ڕۆیشتە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەم وڵاتە ڕێک بخا و زانیاریی پێویست لەسەر مەسەلەی کورد بدا بەدەوڵەتی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی ئەمەریکایی لە ڕووداوەکانی کوردستان ئاگەدار بکاتەوە. ئەو سەفەر و چالاکییانەی سورەیا بەدرخان ئەو بێدەنگی و بێ خەبەرییەی بەسەر مەسەلەی کورد کشابوو، تێک شکاند. بەبڵاوبوونەوەی وتار و نووسراوە و بەرقەرارکردنی پێوەندی و دەرکردنی کۆوار و کتێب، پەرەی بەزانیاری و ئاگەداری لەسەر بزووتنەوەی کوردستان دا و سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆلای دۆزی کورد ڕاکێشا.

کتێبی "مەسەلەی کوردستان لە ئاست تورکیا"دا بەشێکی گرینگی کارەکانیەتی. ئەم کتێبە کە کوردەکان زۆریان ئاگەداریی لەسەر نییە، لەلایەن کۆمیتەی سەربەخۆییی کورد، ساڵی ١٩٢٨ لە فیلادێلفیا بەزبانی ئینگلیسی، کاتێک سورەیا بەدرخان لە ئەمەریکا بوو، بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە زانیاریی زۆر بەکەڵک لەسەر سیاسەتە ڕەسمییەکانی تورکیا لەو سەردەمەدا و بەرنامە و سیاسەتی ڕاپەڕینی کورد و ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە ١٩٢٥دا و دواهاتەکانی لەخۆ گرتووە. ئەم بەڵگەنامانە گەلێک بەنرخن، چون لەلایەن کەسێکەوە نووسراون کە بەتەواوی ئاگەداری بارودۆخی ئەو سەردەمە بووە و

هەروەها گرینگن چون لە تاریکیی فەرامۆشخانەی مێژوو هاتوونەتە دەر و دووبارە بڵاو کراونەتەوە. ئەم زانیارییانە لەلایەن ئەو رێژیمانەوە کە هەموو کارێک دەکەن تا کورد بەمافەکانی نەگا، شاردرابوونەوە و ئێستا پاش ساڵانێکی دوور و درێژ دەکەونەوە روو تا بگەنەوە دەست جەماوەر و بیرورای گشتی لێیان ئاگەدار بێتەوە.

دوو وتاری گرینگ لەژێر سەردێری "ئافرەتی کورد و دەوری لە کۆمەڵگەدا La femme kurde et sanrôle social و ئەدەبی عامیانە و کلاسیکی کورد La li térature populaire et classique kurde کە سورەیا بەدرخان پێشکێشی شازدەمین کۆنگرەی جیهانیی مرۆڤناسی لە برۆکسل کرد، سەرنجی هەموو بەشدارانی راکێشا و گەلێک بەنرخ و گرینگن. یەکێکی تر لە کتێبە بەنرخەکانی ئەم کوردە دڵسۆزە کە لام وایە لە قاهیرە نووسیویەتی و دووەمین کتێبە کە خۆیبوون بڵاوی کردووەتەوە، کتێبی "قەتڵوعامی کوردان لە تورکیادا"یە کە زۆر پڕ بایەخە.

ئەم نووسەرە رووناکبیرە زۆر شارەزایە، کە چەند زبانی بەباشی دەزانی، دوو منداڵی هەبووە کوڕێک بەناوی هاکی Hakki و کچێک بەناوی کوردێت. (Kurdet پاشان لەگەڵ شازادەیەکی ئوردنی زەماوەندی کرد) سورەیا بەدرخانیش وەک باپیرە و باوکی لە مەنفادا کۆچی دوایی کرد- ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس بەهۆی راوەستانی دڵ.

محەمەد ئوزوون

سێیەمی نۆڤەمبەری ١٩٩٤

## شۆڕشەکانی کورد لە نۆزدە و بیستەکاندا

لە بنەڕەتدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر کەم لە حەفتا ساڵی ڕابردوو، لە ئەناتولیی ڕۆهەڵاتدا پێک هاتووە. مەسەلەی کورد چارەسەر نەکراوە و ئاڵۆزی و پشێوی و نائارامی لەو مەڵبەندەدا سەقامگیر بووە. کتێبی "کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیا"دا کە ساڵی ١٩٢٨ لە فیلادێلفیا بڵاو کراوەتەوە، دەنگی شۆڕش و ڕاپەڕینێکە کە لەو سەردەمەدا ئاراراتی گرتبووەوە. ئەم کتێبە ئێستا لە زەمانێکدا دووبارە لە چاپ دەدرێتەوە کە بارودۆخی کوردستان زۆر وێکچوونی لەگەڵ نۆزدە و بیستەکان (ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠)دا هەیە. ئێستاش وەک ئەو سەردەمە رووداوی سەیروسەمەرە لەم مەڵبەندە پڕکێشە و هەرایەدا روو دەدەن و بێ ئەوەی بکەونە بەر سەرنجی هەواڵنێرانی جیهانی، فەرامۆش دەکرێن. بەڵگەنامەی شازادە سورەیا بەدرخان کۆمەڵگەی ڕۆئاوای کردووەتە بەرگۆ (بەردەنگ) و دەتوانین وەک سەرچاوەیەکی گرینگتر، لە تەنیا ناساندنی مەسەلەی کورد، گرینگیی پێ بدەین. ئەم بەڵگەنامە دەوڵەمەندە کە بەهەموو لایەکیدا روانیوە و زۆر بابەتی وەک رەوابوونی ویست و داخوازیی کورد بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی، مێژووی بەسەرهاتی کۆن و ئێستای دانیشتوانی ئەم مەڵبەندە و خەسڵەتی رەگەزپەرستانەی کۆماری تورکی کەمالیستی دەخاتە بەرچاو. "کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیا"دا سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی خۆیبوون کۆی کردوونەتەوە. ڕاپۆرتی ئەو موسافیرانەی بەکوردستاندا گەڕاون بەو بەڵگەنامە سەرەکییەوە لکێنراون کە لە سەرەتادا نامەیەک بۆ کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاتووە.

لەگەڵ ئیمزاکرانی پەیمانی لۆزان ڕژێمی تازەی کۆماری لە تورکیا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەڵەتییەوە دانی پێ دانرا و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان

له بەرنامەی کار دەرهاوێژرا. کەمالیستەکان ئێستا ئازاد بوون هەرچی دەیانەوێ لە کوردستان ئەنجامی بدەن. لە سالانی ١٩٢٤– ١٩٢٥دا ڕاپەڕینێک بەسەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستان دەستی پێ کرد. ڕاپەڕینی دووەم کە خۆیبوون وەڕێی خستبوو لە ئارارات لە باکوری کوردستان لە سالانی ١٩٢٨– ١٩٣٢دا بەڕێوە چوو. خۆیبوون کە شازادە سورەیا بەدرخان پلە و پایەی بەرزی تێدا هەبوو، کوردستانی سەربەخۆی ڕاگەیاند و دەولەتی کوردیی پێک هێنا.

شازادە سورەیا بەدرخان، کارامەیەکی خوێندەوار و زانا بوو و دنیای ڕۆئاوا و ڕۆهەلاتی زۆر باش دەناسی و مەسەلەی کوردی بەتەواوی ئەم وردبینی و ئاگەدارییەوە کە لە باری سیاسییەوە دروست بوو، خستە بەرچاو. ئەم بەلگەیە هەرچۆنێک بێ بەرهەمی زەمانی خۆیەتی. بەم جۆرە کورد و تورک و یۆنانی، بەتایبەتمەندیی ناسنامەی نەژادیی خۆیانەوە، دێنە ناو باسەکەوە. هۆی ئەوەی کە نەتەوەکان دەولەتی زۆردار و ملهوڕ پێک دێنن ئەوە نییە کە خوێن و تۆرەمەیان پەست و ناڕەسەنە. هەرچەند لێکدانەوە و ناساندنی، خراپ کەلک وەرگرتنی تورک لە هێزی دەولەتی، نیشانە و ناسنامەی پێویستی نییە، بەلام شەرح و لێکدانەوەی سیاسەتی تورک ڕوون و ئاشکرایە. چۆنیەتیی ریشەیی و تاقانەبوونی ئەم بەلگەیە، ئەو شیکردنەوە و ئانالیزەی دەولەتی کەمالیستییە کە لە تورکیادا کراوە و زۆر سەرکەوتووانە ئەم بیرۆکە و بۆچوونە وەدرۆ دەخاتەوە کە بە دیموکراسیبوون democratization و نوێبوونەوە، پاش تێک ڕووخانی داوودەزگای سولتان، لە ئیمپراتۆری کۆنی عوسمانیدا، پێک هاتووە.

تیۆری نوێی مارکسی، کۆماری تورکیا وەک دەولەتێکی سەرمایەداریی بۆناپارتی[١] لەسەر بنەمای ئیستیعماری ناوەخۆی ولات و نەژادپەرستی و پێوەندیی نیوە فیۆدالی لە بەستێنی ئابووری و بەرهەمهێناندا دەناسێنێ.

(١) bonapartism شێوە حکوومەتێکی تایبەتە کە سەرۆکی نیزامیی هەیە و هەموو قودرەت لە دەست بەڕێوەبەردایە. (وەرگێڕ)

شازادە سورەیا ئەم واژە و زاراوانە بەکار ناهێنێ بەڵام بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەم لێکدانەوە مارکسییەدا دژایەتییان نییە. بێگومان سورەیا بەدرخان هەم لە باری بنەماڵەیی و هەم لەو ئەزموونە تاڵەی کە هەیبووە، دژی مارکسیسمە. شۆڕشی کورد لە ١٩٢٤دا شۆڕشێکی دژ بەچەوسانەوەی نەتەوایەتی، لەژێر دروشم گەلێکی کۆنەپارێزانە (Conservative)دا بوو، کە دەیویست نیزامی خەلافەت بگەڕێتەوە سەر حوکم. بۆڵشویک و کمۆنیستی ناونەتەوەیی لایەنگری کەمالیستەکان بوون و بزووتنەوەی کوردیان بەبزاڤێکی فیۆدالی دەزانی. ئەگەر ئەم بۆچوونە قەبووڵ بکەین کە هیچ نەتەوەیەک مافی چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی تری نییە، ئەو دەم بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی کورد لە نۆزدە و بیستەکاندا شوێنی خۆیان لە ئۆردووی پێشکەوتووی بزووتنەوە پێشکەوتووەکانی جیهانیدا دەکەنەوە و دەبنە پێشەنگی بزووتنەوە شۆڕشە ڕەسەنەکانی ئەمڕۆ.

سەدەی نۆزدەم زۆرتر وەک دەوری گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ناسێنراوە. لەم دەورەیەدا یۆنان لە دەست ئیمپراتۆری عوسمانی رزگاری هات و هەر لەم سەردەمەدا ئیتاڵیا و ئەڵمان یەکپارچەیی خۆیان وەدەست هێنا. کوردستان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە چەندان میرنشینی تا ڕادەیەک سەربەخۆ پێک دەهات، کە خاوەنی پووڵ و قانوون و هێزی بەرگریی خۆیان بوون، بەڵام هەموویان لەژێر فەرمانی ئیمپراتۆرییەکی گەورەدا بوون کە دەبووایە میرنشینەکان لە شەڕ و پێکدادانداا یارمەتیی بدەن. زۆرینەی ئەم میرنشینانە لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی کەوتبوون و بەشێکیان لەگەڵ شای ئێران بوون.

لەسەر بارودۆخی کوردستان دەتوانین دوو ڕەوەندی دژ بەیەک و هاوشان لە دەورەی ئەم نەتەوەخوازییەدا بەچاو ببینین. یەکێک لەو ڕەوتانە پرۆسەی سەرپێ دانواندنی زۆرەملێی بۆ یەکگرتوویی و فەرمان بردن لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئیمپراتورییەکانە کە سەرەنجامەکەی تێداچوونی میرنشینەکانە لە نیوەی ئەم سەدەیەدا. پرۆسە یا ڕەوەندی دووەمی گەشەکردنی وشیاریی

نەتەوایەتیی کورد و سەرهەڵدانی ئەم باوەڕەیە کە کوردیش دەبێ لە چوارچێوەی نەتەوەکەیدا یەکگرتوو بێ.

بنەماڵەی بەدرخان پشتاوپشت لە هێڵی پێشەوەی خەباتی کوردایەتیدا بوون. بابە گەورەی نووسەر، بەدرخان بەگ بوو. دواین میری بەدەسەڵات لە جزیرە کە شۆڕشێکی دژی سوڵتان بەڕێوە برد و ساڵی ١٨٤٧ تێک شکا. باوکی سورەیا، ئەمین عالی بەدرخان، یەکێک لە بناخەدانەرانی کۆمەڵەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کوردستان بوو کە هاوکات لەگەڵ شۆڕشی تورکانی لاو لە ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ دامەزرا.

برا چکۆلەی شازادە سورەیا کە ناوی جەلادەت بوو هەموو تەمەنی خۆی بۆ پەرەپێدانی زمانی ستانداردی کوردی تەرخان کرد. ئەو نووسەرەی رێزمانی ستانداردی کوردی لەم بەستێنەدا کتێبی رێزمانی کوردیی بەزاراوەی کرمانجیی سەروو Grammaire kurde dialecte kurmanji نووسیوە کە رۆژهەڵێسکۆ لە ١٩٧٠دا لە پاریس کەموکوورییەکانی لابردووە و تەواوی کردووە. جەلادەت بەدرخان هەروەها ئەلفوبێی فۆنەتیکی بەشێوەی لاتینی نووسیوە کە جاروبار بەنێوی ئەلفوبێی هاوار باسی لێ کراوە. ئەم ئەلفوبێیە زۆر کارامە و تەواوە و کۆواری هاوار کە لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٤٣ لە دیمەشقدا دەردەچوو، بەم ئەلفوبێیە دەنووسرا. کوردەکانی ئێران و عێراق بەشێوەیەکی ئاسایی ئەلفوبێی عەرەبی بەکار دێنن و لە تورکیادا ئێستاش نووسین بەکوردی وەک تاوانی دژ بەیاسا چاوی لێ دەکرێ، لەسەر ئەو حاڵەشڕا ئەلفوبێی بەدرخانی وەک ئەلفوبێی رەسمی بۆ نووسینی کوردی ناسراوە.

سورەیا بەدرخان ساڵی ١٨٨٣ لە سووریا لەدایک بوو و ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس وەفاتی کرد. شارەزاییی لە بواری کشتوکاڵی بوو، بەڵام لە سەرووی هەموو کارێکەوە زۆرتر وەک کارامەی سیاسی و جۆرنالیستی سیاسەتوان و نووسەر، ناسراوە. لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهاندا لە شاری قاهیرە لە مەنفادا دەژیا و کۆواری کوردستانی بڵاو دەکردەوە. ئەو پیاوە چالاکە

هەروەها یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی خۆیبوون کە ڕاپەڕینی ئاراراتی وەڕێ خست و دەوڵەتی کوردی و وڵاتی سەربەخۆی کوردستانی ڕاگەیاند.

سورەیا بەدرخان نووسەری ئەم کتێب و نووسراوانەی خوارەوەیە:

Cités et campagnes du Kurdistan Brussele, 1936.

شار و گوندەکانی کوردستان، برۆکسل ١٩٣٦.

La femme kurde et son role social, 16th world Antropdogy, Brussels,– 1936.

ژنی کورد و دەورە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو، شازدەمین کۆنگرەی مرۆڤناسی، برۆکسل ١٩٣٦.

La literature populaire et classique kurde, XVLéme congress Inter-– national d,Anthropologi, Bruxelles, 1936.

ئەدەبی عامیانە و کلاسیکی کورد، شازدەمین کۆنگرەی مرۆڤناسی، برۆکسل ١٩٣٦.

قضية الكردية (مەسەلەی کورد) قاهرە، ١٩٢٥.

Qadiyyah-el kurdiyah Cairo, 1925.

Perlinde

پێرلیند ١٧ نۆڤەمبەری ١٩٩٤

## هەر ئەم تورکە

"نووسینی هێربیرت ئادامس جینسۆن. دوکتۆرای ئەدەبیات، هەواڵنێری رۆژنامەی نیویۆرک هێراڵد لە تورکیا، میسر، وڵاتانی باڵکان، فەرەنسا. ١٩٠٨– ١٩١٨؛ سپێنستراسک مامۆستای زانکۆی پرینستۆن ١٩١٩ نووسەری: دامەزرانی ئیمپراتۆری عوسمانی؛ خەریتەی تازەی ئەوروپا؛ خەریتەی تازەی ئاسیا؛ خەریتەی تازەی ئەفریقا و چەند کتێبی تر."

هەموو ئەوانەی زۆرتر بەگەرمی و ئیحساسەوە، نەک بە عەقڵ و تێبینییەوە، لایەنگرییان لە رێژیمە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا کردووە، بەگشتی تووشی ئەم هەڵەیە هاتوون کە ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان نەیانتوانیوە لەگەڵ رۆحی پێشکەوتووی لیبرالیسمی "تورکانی گەنج" خۆ بگونجێنن و بەم جۆرە خۆیان لەو بەڵا و موسیبەتانەی بەسەریان هاتووە بەرپرسن و بەهەمان ئەندازەش لە دارمانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا خەتابارن. پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە رەعیەتە مەسیحییەکان لەگەڵ هێزە مەسیحییەکانی دەرەوە زۆریان ئاژاوە گێڕاوە کە تورکیای موسڵمان تێک بڕووخێنن و بەهۆی ئەم تاوان و خەیانەتانەوە دەبووایە سەرکوت بکرێن. شازادە سورەیا بەدرخان لە نیشاندان و خستنەڕووی زۆرەملێ و جینایەتی تورکان بەرانبەر بە کوردەکان، کەموێنە بوو. ئەو بەرێزە کە نوێنەری کوردەکان بووە، ئاشکرای دەکا کە تورکەکان بەهەمان ئەندازە کە دژی مەسیحییەکان بوون، بەرانبەر بەو نەتەوە و نەژادانەش کە هاودینی خۆیان بوون، دڵڕەق و جینایەتکار بوون.

کوردەکان موسڵمانی سوننی مەزهەبن و زۆریش بۆ دینەکەیان دەمارگرژن.

ئەوان زۆر وەفادارانە هەم پێش شۆڕشی ١٩٠٨ و هەم پاش ئەم ئاڵوگۆڕە و لە ماوەی ساڵانی شەڕی جیهانیدا لەگەڵ دەوڵەتی تورک هاوکارییان دەکرد. وەک لاپەڕەکانی ئەم کتێبە پڕ لە تانە و تەشەرە، پێمان دەڵێ، پاداشتی کوردەکانیش هەر ئەوە بوو کە دایان بە یۆنانی و ئەرمەنییەکان. هانە و بیانووی تورکەکان بۆ ئەم جینایەت و کارەساتە نامرۆڤانەیە بەرانبەر بەکوردەکان هەمان شتن؛ شێوەی سزادان، قەتڵوعام و کۆمەڵکوژی، دوورخستنەوە و کۆچپێدان، هەمووی هەر یەک شتن. بەرهەمەکانیش دیارە دەبێ هەر یەک شت بن مەگەر ئەوەی هاواری مەزڵوومی و چارەڕەشیی کوردان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە بەگوێرەی پەیمانی ئاشتیی پاریس بڕیار بوو مافی کەمە نەتەوایەتییەکان لە وڵاتە دوژمنەکانی پێشوودا جێبەجێ بکەن، ببیسترێ و ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

پێداچوونەوە و موتاڵای رەوتی رووداوەکان لە تورکیادا، لە شۆڕشی ١٩٠٨ تا دەست پێکردنی شەڕی جیهانی، دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە "تورکانی گەنج" هەرگیزا و هەرگیز هیچ فیکرێکیان بێجگە لەوە نەبووە کە هەموو تۆرەمە و رەگەزە غەیرە تورکەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بکەنە بندەستی خۆیان. دوژمنایەتی و رِق و کینەی ئەوان تەنیا لە دژی گەلانی ئەرمەنی و یۆنانی نەبوو، سیاسەتی هەڵاواردنی نەژادی تەنیا دژی مەسیحییەکان پەیڕەو نەدەکرا لە راستیدا یەکەم بەرهەڵست لە دژی ترکاندن و یەکدەستکردنی جەماوەر، پاش سەروبنبوونی داوودەزگای سوڵتان عەبدولحەمید، لەلایەن موسڵمانانی عەرەب و ئەلبانییەکانەوە دەستی پێ کرد. شۆڕشی عەرەب لە حەران Hauran و دوو راپەڕینی ئەلبانییەکان لە ناوچە شاخاوییە ئەوروپاییەکانی تورکیایدا ئەرتەشی تورکیای داهێزاندبوو. هەر ئەوەش بوو بەهۆی کزی و ناکارامەیی سپای تورک لە یەکەم شەڕی ساڵانی ١٩١٢-١٩١٣ لە باڵکاندا، ئەم شۆڕشانە زۆر ئاستەنگ سازتر بوون لە چاو شەڕ لەگەڵ تورکیادا. هۆی هەڵایسانی ئەم شۆڕشانە، ویست و لێبڕانی تورکانی گەنج بوو، بۆ داسەپاندنی ویست و ئیرادەی خۆیان بەسەر رەگەزە غەیرە

تورکەکاندا. تورکانی گەنج، هەرچەند لەباری ژمارەوە لە نیوەی سەرجەمی جەماوەری ئیمپراتوری کەمتر بوون. کەچی سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ، سێ لە چواری ئەندامانی پەرلەمان لە ئەستەنبۆڵ، لە رەگەزی تورک بن. مەبەستی ئەوان لە نیزامی مەشرووتە ئەو بوو!

***

داستانی شازادە سورەیا لەسەر ئەو رووداوانەی لە ساڵی ١٩٢٥ەوە تا ئێستا لە کوردستاندا روویان داوە پێمان دەسەلمێنێ کە "تورک" بیر و بۆچوونی سیاسیی خۆی ناگۆڕێ- هەروەها گۆڕانکاریش بەسەر رێباز و شێوەی گەیشتن بەئامانجەکانیشیدا ناهێنێ. کوردەکان بەڵێنی ئازادیخوازانەیان پێ درا و بەدوای ئەوەدا فریویان خوارد و کاریان بۆ تورکان کرد و بەم جۆرە رێگەی کۆیلەتی و دیلی و شەهیدبوونی خۆیانیان بەدەستی دوژمن، خۆش کرد. کاتێک وەخەبەر هاتن تێگەیشتن کە حکوومەتی ئەنقەرە تەنیا یەک شێوەی سوننەتی تورکیایی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوان رەچاو دەکا. ئەوان دەبووایە بتوێنەوە و ببنە تورک، ئەگەر ئەوەیان نەویستبا دەبووایە بەکۆمەڵکوژی و قڕکردن و دوورخستنەوە خاشەبڕ بکرێن. کورد بۆ ئەوە تووشی چارەنووسی ئەرمەنییەکان نەبن دەستیان بۆ چەک برد. شۆڕش زووتر لەوەی بۆی دیاری کرابوو دەستی پێ کرد و ئەوەش بە زیانی ئەوان کەوتەوە. بەڵام توانییان لە بەشێکی گەورەی وڵاتی خۆیاندا خۆ ڕابگرن، سوپای تورکان کە یەک بەدوای یەکدا دەهاتن تێک دەشکان، وەک چۆن عەرەبەکان و ئەلبانییەکان بەزاندبوویانن، مێژوو دووپات بووبووەوە. زۆرتر لە نیوەی نەتەوەی کورد کوژرابوون و دوور خرابوونەوە؛ بەڵام شەڕ هەروا درێژەی هەیە و دەگاتە چوارەمین زستان.

دنیای دەرەوە لەو کارەساتە خوێناوییەی مێژووی تورکیا، زۆر کەم ئاگەدارە، یا هەر هیچ نازانێ - کارەساتێکی خەماوی کە هەر ئێستاش درێژەی پێ دەدەن. کوردستان زۆر دوورە، وڵاتێکی ناو ژوورەوەیە، دەستی بەدنیای دەرەوە ڕاناگا. هەواڵی رووداوەکانی کوردستان بەدەگمەن دەگەنە ناو

ڕۆژنامــەکــان، تورکــیــا ئەم بزووتنەوە نەتەوەییــیــە بە "یاخــیــبــوونێکی کۆنەپەرستانە" ناو دەبا. مستەفا کەمال، پاش ئەوەی بەیارمەتیی کوردەکان سەرکەوت، ئێستا بەدناویان دەکا و سووکایەتییان پێ دەکا، چون دەبینێ ئەوان ئامادە نین تەسلیم بن و دەست لە داوونەریتی ڕەگەزێکی پڕ لە شانازی هەڵبگرن کە هەزار ساڵ پێش هاتنی تورکان بۆ ئاسیای گچکە لەوێدا دەسەڵاتدار بوون. سورەیا بەدرخان توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئەمەریکا و بەزمانێکی ڕوون و پاراو و لێهاتوویی زانایەک، بابەتگەلێکمان پێ دەڵێ کە دەبێ بیزانین، بابەتگەلێک لەمەڕ مێژووی ڕابردووی کوردستان، لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی ئەم نەتەوەیە و ڕەنج و نەهامەتییەکانی ئەمڕۆیان.

شازادە سورەیا بەدرخان نەوەی شازادە بەدرخانی جزیرە دواین ئەمیری کوردستانی نیوە سەربەخۆیە. ئەو مەنشوور و بەرنامەی خۆیبوونی هێناوە کە ئەنجوومەنی نەتەوەییی کورد پەسندی کردووە، تا مەسەلەی کورد بە میللەت و دەوڵەتی ئەمەریکا باس بکا و چەندەش بەجوانی توانیویەتی ئەو کارە ڕاپەڕێنێ. با خوێنەری لاپەڕەکانی ئەم کتێبە بۆ خۆی داوەری بکا.

پێویستە ئێمە کورد بناسین و لە خەباتی پاڵەوانانەیان بۆ ڕزگارکردنی میراتی سەدەکانی پێشوویان ئاگەدار بینەوە، ئەوان دەڵێن کە درێژە بەخەباتی خۆیان دەدەن؛ من ئیمانم بەوە هەیە کە ئەم کارە دەکەن. مێژووی ژیانیان دەتوانێ زامنێکی باش بێ بۆ ئەم ڕاستییە. پێویستە ئێمە بزانین کە دەوڵەتی ئەنقەرە لە بەرانبەر هاودینەکانی وەفاداری خۆیشیدا بەهەمان سیاسەت و ڕەفتاری کرد، کە لەگەڵ یۆنانی و ئەرمەنییەکان کردوویەتی. ئەم بابەتەی لەسەر کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا نووسراوە، ڕووناکییەکی هێندێک جیاواز دەخاتە سەر کوشتار و لەناوبردنی ئەرمەنییەکان و سەرکوتکردنی بێ ڕەحمانەی یۆنانییەکان.

نووسەر، جیاوازیی نێوان پان ئیسلامیسم و پانتوورانیسم ڕوون دەکاتەوە؛ هەروەها نووسەر پێمان ڕادەگەیەنێ و هۆشیارمان دەکاتەوە کە پانتوورانیسم، بزووتنەوەیەکی نەژادپەرستانەیە، نەک بێداربوونەوەیەکی

ئاینی، هەڕەشەیەکی تازەیە بۆ ئاشتیی جیهانی و بەر لەوەش بۆ ماوەی بیست ساڵ بەدبەختی و پەژارەیەکی زۆری بۆ دنیا وەدی هێناوە؛ وە نیشان دەدا کە پێوەندیی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ چەندە لێک نزیکە.

ناخۆشترین بەشی داستانی کوردستان ئەو ئاگەداری و باس و بابەتانەیە کە لەسەر پێکهاتنی پەیمانی سیڤەر نووسراوە Treaty of sévres و بەرپرسی و ئاکامە کوشندەکانی دواخستنەکەیەتی. خۆتێهەڵقورتاندنی پرێزیدنت ویلسۆن President Wilson زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا، بەڵام چەندان سەدەیە کە دنیا تێ گەیشتووە کە "ڕێگەی چوونە جەهەندەم بە نیەتی خاوێن و باش، تەخت و خۆش کراوە"(١). لە ناکامی، پلان و پیلانی فەرەنسا و ئیتاڵیادا، کەمال پاشا سەرکەوتووانە عەهد و بەڵێن و قەرارەکانی ئەو پەیمانەی کە بەدەسەڵاتترین پایەبەرزانی تورک ئیمزایان کردبوو، خستە پشتگوێ. لەلایەکی تریشەوە چون هەموو لایان وابوو، مووسڵ نەفتێکی زۆری هەیە، وەک شازادەی کوردستان [سورەیا بەدرخان] دەنووسێ، ئەنقەرە توانی دەرگەی وتووێژێکی تازە لە لۆزان بکاتەوە، تا ئەو کاتەش خاشەبڕکردنی ئەرمەنی و یۆنانییەکانی کۆتاییی پێ هێنابوو. ئێستاکە کوردەکان بەتەنیا مابوونەوە کە زەبری گرچووبڕی ئەو ناکامییەیان وێ کەوێ، کە لەسەر نەکەوتنی بەستنی پەیمانێکی عادیلانە لەسەر مەسەلەی ڕۆهەڵاتی ناوین لە پاریس، کەوتەوە.

ئێمە وا تێ دەگەین ئەوانەی کتێبی "مەسەلەی کوردستان لە ئاست تورکیا"دا دەخوێننەوە، زۆر باشتر لە جاران لە بارودۆخی ڕۆهەڵاتی ناوین حاڵی دەبن. خوێندنەوەی ئەم کتێبە نابێ تەنیا هەستی دڵسۆزی و لایەنگریمان تێدا بورووژێنێ و بەس، بگرە دەبێ وامان لێ بکا کە بەش بەحاڵی خۆمان بکەوینە فیکری چارەسەرکردن. تا ئەو جێگەی بۆمان دەکرێ

(١) مەبەست ئەوەیە ویلسۆن نیازپاک بوو بەڵام کارەکانی ئاکامی تاڵی بۆ کورد لێ کەوتەوە. (وەرگێڕ)

دەبێ هەڵەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵەی کوشندە – لە دەیەی رابردوودا، کە دەوڵەتی خۆشمان لێیان تاوانبارە، قەرەبوو بکەینەوە.

وەک موسڵمانێکی باش میر سورەیا بەدرخان ناتوانێ لەبەرئەوەی تورکەکان ئۆمەتی محەمەدن (موسڵمانن) لە دژیان راوەستێ و بیانبوغزێنێ. وەک کوردێکی باش ئەو گومانەی لێ ناکرێ کە لە راست تورکیا و فەرمانڕەواکانی، لە ماوەی سالانی پڕ مەترسیی پێش شەڕدا، خیانەت و بێزاریی نیشان دابێ. لە راستیدا میر رقی لە تورکان، لەوەی کە ئێمە هەمانە زۆرتر نییە. ئەو لەگەڵ ئەوان هاوکاریی کردووە. ئەو بەشێکە لەو جیهانەی ئەوێ، ئەو بەباشی شوناس و سیفەتە باش و بنەڕەتییەکانی هەموو گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەناسێ.

ئێمە هەردەم دڵسۆزی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی سەرانسەری ڕۆژهەڵات بووین. مافی بەدەستەوەگرتنی چارەنووس دەبێ لە چاوی ئێمەی ئەمەریکاییدا پیرۆز بێ، ئێمە لە گەڕیانی شەڕی جیهانیدا مەوعیزەمان بۆ دەکرد و بۆ ئەم بیرۆکە پیرۆزە لاوەکانمان گیانی خۆیان لە گۆڕەپانی شەڕەکانی فرەنسادا بەخت دەکرد. ئێمە لەسەر ئەم بڕوایە بووین کە تورکەکانیش دەبێ بەو مافەی خۆیان بگەن. کوردەکان پشتیوانیی تورکان بوون تا بەو مافە بگەن. بەلام کاتێک تورکەکان تێ کۆشان ئەو مافە بۆ خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوانی تر، کە زۆر پیاوانە یاریدەیان دابوون، حاشای لێ بکەن، کوردەکان لە تورکەکان جیا بوونەوە.

دۆستایەتی و نزیکبوونەوە لەنێو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا تەنیا کاتێک پێک دێ کە هەموویان ئەو راستییە بەرەسمی بناسن: "بژی و لێ گەڕێ با ئەوانی تریش بژین" ئەوەیە ناوەڕۆکی داخوازیی ئەمیر سورەیا بەدرخان.

پرینستۆن، إن، جی. ١٥ دیسەمبەر ١٩٢٨

## کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا

نووسینی شازادە سورەیا بەدرخان[١]

بەشی زۆری پڕوپاگەندەی ڕێکوپێک و ڕێکخراو- کۆن و تازە، کە بۆ تورکیا کراوە و دەکرێ، ئەگەر قسە و باسی لابەلا و بێ تام و خوێی هەڕەمەکیی لێ دەرباوێژین، لە هەموویدا سوود و قازانجی جۆرا و جۆری پڕوپاگاندەکارەکانی تێدا دیارە. چاپەمەنی و بڵاڤۆکەکانی ئیتاڵیا هەر دوێنێ بە بانگ و سەڵا، خۆرانان و درۆودەلەسەکانی کەمالیان لە هەرا دەدا و نوێخوازییەکانیان ڕشقەن دەکرد: ئەمڕۆ پاش ئیمزاکردنی پەیمانێک کە هێندێک ئیمتیازی بۆ ئیتاڵیا دەبەرچاو گرتووە، ئەو چاپەمەنییە بە گەرموگوڕی بە بەژن باڵا و تێڕوانینی دوور و دوارۆژی کەمال هەڵدەڵێ. لێژنەی ئاینی (میسیۆنێر) ناردراوی ئەمەریکا و هەروەها، تەنیا ماوەیەک لەمەوبەر، هیچ هیوایەکی بەو تورکە نەبوو کە، لە دە ساڵاندا، نەوەد و پێنج لە سەدی سەرمایە و سامانی ئەم لێژنەیەی (میسیۆنێری Missionary) کە لە ماوەی سەد ساڵاندا وەسەر یەکی نابوو، لەناوی برد و دەستی بەسەردا گرت. بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەم لێژنەیە بەملکەچی و عەلاقە و خۆشیی ئاشکراوە، تەنانەت بەقیمەتی دەست هەڵگرتن و لە بیربردنەوەی بەرنامە و مەبەستی پێشووی خۆی، بووەتە فەرمانبەری ئەمر و فەرمانی تورکان و وەک بریکارێکی زۆر وەفادار و لایەنگر لە دنیادا پاساو بۆ کارە نالەبارەکانی تورکان دێنێتەوە و عوزر و بەهانەیان بۆ دەتاشێ. ئێمە بەگشتی لەگەڵ باری ئەخلاقی و عەقلانیی ئەم ئاڵوگۆڕی بۆچوونانەدا کە زۆر ساختەچییانە و ناحەزن ڕێک ناکەوین، بەڵام لانی کەم دەزانین هاندەر و پاڵپشتی ڕاپەڕێنەرانی[٢] ئەم ڕووداوانە چین.

ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە، هەرچی بێ، نە دەتوانێ بە تورک یارمەتی بگەیەنێ، نە ڕاستییە بنەڕەتییەکان دەگۆڕێ.

لە ئیمپراتۆریایەکی گەورە و پان و بەرینەوە، بە ڕووبەرێکی زۆرتر لە ١,٦٠٠,٠٠٠ مایلی چوارگۆشەدا و جەماوەرێکی نزیک بە ٤٥,٠٠٠,٠٠٠ لە ساڵی ١٨٤٢، تورکیا پووکاوەتەوە سەر تاپۆیەکی گچکە کە خۆیەتی ٣٢٠,٠٠٠ مایلی چوارگۆشە و جەماوەرێکی پەرش و بڵاو ٥,٥٠٠,٠٠٠ کەسی، نزیک یەک و نیو لە دوو بەشی تورکیا، بە تەواوی چۆڵوهۆڵە، هەمووی وێرانەی بەسەر یەکدا تەپاوە و پەپووی لێ دەخوێنێ. چۆڵگەیەکی بەراستی بێ ساحێب، زۆرینەی جەماوەری خەڵکی ئەم وڵاتە کە ڕەنگە ژمارەی تورکەکانی بگاتە ٣,٥٠٠,٠٠٠ لە نەزانی و بێ سەوادیدا نوقم بوون، نەداری و ناهومێدی زەبوون و ڕەزیلی کردوون، خەرافە و پووچپەرستی وای لێ کردوون کە هەموو ڕاوەستاون شتێک بقەومێ لەو بەڵا و موسیبەتانە ڕزگاریان بکا یا لەناویان بەرێ و ڕزگاریان بێ. گرینگی بەوە نادەن بەزۆر فێس (کڵاوی تورکیێ قەدیم) یا کڵاویان پێ لە سەر دەکەن، یا کەمال ئەلفوبێی لاتین بەرەسمی دەکا و دەستووری سویس دەکاتە یاسای تورکیا. تەنیا ویست و خواز و غەمی وان ئەوەیە، ئەو نەژاد و نەتەوانەی تا ئێستا نانیان بۆ پەیدا دەکردن و ماڵیان تاڵان دەکرا، چیی تر لەوێ نەمێنن. بۆ خۆشیان، هۆش و داهێنان و قوونەبانی ئەوەیان نییە دەستبەکار بن و سەر و بنی ژیانیان پێک بێنن.

ماڵیات نزیک بە سێ جار لە زەمانی پێش شەڕی جیهانی زۆرترە: هەزینە (تێچوو)ی ژیان دوو هێند و نیو چووەتە بان، بەڵام مووچە و دەسمز، کە تەنانەت بەر لە شەڕیش بخۆ مەمرەیەک زۆرتر نەبوو و زگی کەسی پێ تێر نەدەبوو، ئێستاکە هەر ئەوەندەش نەماوە، یا لە هەندێ شوێن پەنجا لە سەدا لە بانترە. لە پارێزگای ئیکۆنیۆم Iconium، ناوەندی کشتوکاڵیی تورکیا، نزیک

به ۳۰۰,۰۰۰ جـووتیـار لەسـەر هەڵدێری قـاتوقـڕی دان و لە مـەڵبـەندی خـەرپووت، ئەگەر کـارگـەرێک بەختی یار بێ و کارێکی وەدەست کـەوێ، رۆژانە لە ۲٥ سێنت زۆرتری پێ نادەن، شـەکر پۆندی ٥۰ سێنتە و نان بە ۲۰ سێنت. ئەوانە چەند نموونەیەکی بەرچاون لە بێ ئەنوایی و رۆژڕەشـیی ئەو خـەڵکە لە سەرانسەری تورکیادا.[۳]

بودجـەی دەوڵـەتی تورکـیـا بەزەحـمـەت دەگـاتە۹٥,۰۰۰,۰۰۰ دۆلار، بەڵام داهات لە ڕاسـتیـدا بـەنەقـەنەق دەگاتە دوو لە سێی ئەم گـوژمـەیە. نیـوەی ئەم بودجـەیـەش بۆ ئەرتەش و سـوپا خـەرج دەکرێ. بەرتیلـخـۆری، کە هـەمـوو پێی دەڵێن بەخـشـیش، – لـە تورکیـای پێش شـەڕدا ئـازاد و یاسـایی بوو – ئـەمڕۆ ئازادانەتر و ڕێکوپێکتر ئەنجام دەدرێ. کاربەدەستی تورک دەبێ بخوا!

بۆ دوورکـردنەوەی سـەرنجی دنیـا لەم بـارودۆخـە تراجـیکە، هێنـدێک تورکی فـەرهەنگی مـەئاب و هێندێک بیـانی کە سـوود لەم بارودۆخـە وەردەگرن، هـەرا و هەنگامـەیەکـی زۆریان لەمـەڕ ئەو چاکسـازی و بەرەو پێشـچـوونـانە، کە تەنیـا لەسـەر کـاغـەز بـوونیـان هـەیە و هـێندێک کـاری تـاکـوتەرا، نـاوەتەوە و پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن.

چەند مـایلێک ڕێگە ئاسنیی سەربازی دروست کراوە: ژمـارەیەک بینای تازە لە ئەنقـەرە و ئەستـەنبۆڵ سـاز کراوە، چەند تراکتۆر، مـوتۆر و مەکینەی تریان هێنـاوە؛ بەڵام ئەم ژێست و خـۆرانـانە. بێـجگە لـەوە نەتیـجـەیەکی نیـیـە کـە تورکیـای کەمـالیست تووشـی چەرمـەسـەری دەکا، چونکە تورکیـا خـاوەنی ئەو مێشک و تێگەیشـتنە و ئەو سـەرچاوانە نییـە کە ئامـانج و زێدەخـوازییـەکانی کەمال و دەمڕاستەکانی وەدی بێنێ.

چاپ و گووپ و خـۆهەڵمسـاندنی کەمـال و لایەنـگرانی لەمـەڕ سـەرکـەوتنی نیـزامی و بوارەکانی تـردا هیچی لە جێی خۆیدا نییـە. ڕاسـتە، کەمال بەسـەر سوپای یۆناندا سەرکەوت، چونکە ئەو سوپایە نەیویست شـەڕ بکا و هـەروەها لە سـایەی یارمـەتیی بۆلشویکەکان و تارتارەکاندا بەسـەر کۆمـاری ئەرمـەنیی ئێـرەواندا زاڵ بوو. بـەڵام لە پایزی ۱۹۲۲دا نەیوێرا لـەو هێـڵـەی لە داردانێل

لەلایەن جەنەراڵ هارینگتۆنەوە دیاری کرابوو تێ پەڕێ و هەموو هێزەکانی هارینگتۆنیش تەنیا ٢٠,٠٠٠ کەس بوون. سیاسەتی مودارا و نەرمکێشی کە هاوپەیمانەکان بەشوێنییەوە بوون و ئێستاش هەر بەشوێنیدا دەگەڕێن دەژێر کارتێکردنی ئەو مەرجانەدا بوو کە پەیمانی یەکەتیی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ بەسەریدا دەسەپاندن. یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە کە لەژێر هەلومەرجی تایبەتیدا، بۆلشویکەکان یارمەتیی سەربازی بە تورکیا دەکەن؛ کەمال باش دەزانێ ئەگەر سوورەکان (بۆلشەڤیکەکان) پاڵپشتیی لێ بکەن و رزگاریدەری بن، مەترسیی زۆری بۆ ئەو لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەوەی لە حاڵی نوقمبوون لە تۆفاندایە دەست بۆ هەموو شتێک درێژ دەکا، تەنانەت ئەگەر پووشکەیەکیش بێ. هاوپەیمانەکان باش دەزانن رێک گوشین و دەگوشارنانی کەمال زێدە لە پێویست چی لێ دەکەوێتەوە. چون ئەگەر سوورەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان بێنە ناو تورکیا وەدەرنانیان زۆر زەحمەت دەبێ. ئەوەیە بنەمای هێزی سەربازیی کەمال و رازی ملهوڕی و خۆبەزلزانییەکەشی هەر ئەوەیە.

پرۆسەی داڕمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر ئێستا لە تورکیادا دەستی پێ کردووە. چاوپێداخشاندنێک بەمەسەلەی کورد لەم وڵاتەدا زەوینە و ئاکامی ئەو پرۆسەیەمان بۆ روون دەکاتەوە.

### سیاسەتی تورک بەرانبەر بەغەیرە تورکەکان

سیاسەتی تورک لە هەمبەر غەیرە تورکەکانی وەک یۆنانی، ئەرمەنی، کورد، عەرەب و ئەوانی تر یەک شت بووە و یەک مەبەستی لە بەرچاو بووە. لە دەورانگەلێکی تایبەتدا و تا ئیمرۆ، لەژێر کارتێکردنی هەلومەرجی تایبەتدا، یا بارودۆخی دژوار و ناچاریدا، تورک شێوەی حکوومەت و هەڵسوکەوت و جۆری رەفتارەکانی گۆڕیوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لەژێرەوە ویست و نیەتی خۆی ڕاگرتووە و ڕای دەگرێ و نایگۆڕێ.

ئەو سیاسەتە نەگۆڕە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تورک ئاگای لە ناتەواویی جەستەیی، بێ دەسەڵاتی و بێ بەهرەیی لە کاری ئابووریدا و دەستەوەستایی

لە خۆبەخێوکردنی خۆیدا هەیە. لە ئاکامدا بۆ ئەوەی خۆی رابگرێ و بمێنێ، بۆ قەرەبووکردنەوەی ناتەواوی و عەیبەکانی خۆی هەردەم تێ کۆشاوە خەڵکی تر بخاتە بن دەست و بەزۆر یا بەئارامی دەخۆیدا بیانتوێنێتەوە و بەتاڵان و داپڵۆسینی سەروەت و سامانی گەلانی تر خۆی بەخێو بکا. ئەگەر تورکەکان ئەم دوو رێگەی بەرێچوونەیان نەبووایە تا ئێستا لەبەر مردەلۆخەیی نەدەمان و تێدا دەچوون.

لەسەر وەحشیگەریی تورک دەتوانین ئاماژە بەخەسڵەتی رەگەزی، بارهێنان، مێشک وشکی، دەمارگریی ئاینی، مەکر و ریابازی، ئاژاوەنانەوە و چەندان شتی تریش ئاماژە بکەین. لە راستیدا ریشە و بنەمای هەموو ئەم رووداوانە هەموو کات ویستی تورکان بووە، بۆ ئەوەی نەژادی خۆیان بپارێزن– بە ئامرازی نائاساییی یەکپارچەییی زۆرەملێ.

زۆربەی گەلان تێ کۆشاون بژین و گەشە بکەن و بەشێوە و شوێنی ئاساییدا پێش کەون، مافی خەڵکی تریشیان لە بەرچاو بووە. لەم ڕوانگەوە ڕەگەزی تورک رەنگە تەنیا هەڵوارتەیەک (استثناء) بێ لە رۆژمێری مێژووی بەشەریدا کە تا ئێستا توانیویەتی پلە و پایەی خۆی بەدەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی تر بپارێزی، بێ ئەوەی مافی ئەوانی تری دەبەرچاو گرتبێ. بێ دەبەرچاوگرتنی ئەخلاق، بارودۆخی تورک لە دنیای شارستانەتی و پێشکەوتندا نائاسایی و سەیروسەمەرەیە. تەنانەت تورکی رەگەزپەرست و شوڤێنی ئێستا تێ دەگا کە ژیانی مشەخۆرانە ناتوانێ درێژخایەنتر بێ لە ژیانی قوربانییەکەی، ئەمرۆ بۆ یەکەم جار لەگەڵ یاسای بێ ڕەحم و بەزەییی ژیان ڕووبەڕوو بووەتەوە و دەزانێ دەبێ بۆ بەرهەمهێنان و بەرێچوون لەسەر لێهاتوویی و تواناکانی خۆی راوەستێ و چاوی لە دەستی کەس نەبێ.

## سەرهەڵدان و گەشە و دارمانی تورک

ڕەوتی مێژووی تورک لە سەرەتاوە تا سەرهەڵدانی تورکانی گەنج، بە سێ بوار یا پلەدا تێ پەڕیوە و ئێستا گەیشتووەتە ناو پلەی چوارەم کە ڕەنگە

دوامین پله بێ.

چاوپێداخشاندنێک بەسەر گەشونمای سیاسی و فیزیکیی تورکدا، نیشان دەدا کە ئەم رووداوە گەورەیە – کە سەرەتا برێتی بوو لە گەڕانێکی سەیرانی و سەرگەردانی – وردە وردە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیت و ناوی جوان و دڵبزوێنی وەک سەڵتەنەت، ئیمپراتۆری و کۆماریی لەسەر خۆی دانا. ئەم رووداوە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەما و پێداویستی کوشتار و تالان و تواندنەوە و کۆیلەکردنی گەلانی تر گەشەی بەخۆی داوە. پێداچوونەوەیەکی ئەوها بۆمان روون دەکاتەوە هۆی نەعامـلاوی و نەحەوانەوەی تورک لەگەڵ غەیرە تورک چییە و چۆنە و لەلایەکی تریش ناهومێدی و دڵساردیی ئەو قەومە لەوەی کە لەسەر پێی خۆی راوەستێ، نیشان دەدا.

رەگەزی تورک، لە بنەچەکەی مەغوول، نیشتەجێی ئاسیای ناوەندی، پێکهاتەیەک لە هەزاران عێل و عەشیرەی سەرەڕۆی دژ بەیەک کەوتووەتەوە کە هەر تاقم و دەستەیەکی لەژێر فەرمانی سەرۆک عەشیرەتێک دابوون و هەمووشیان لەگەڵ یەک دوژمن بوون. یەکێک لەو عەشیرەتانە، زۆر پێش لە ئێستا، لە سەدەی سێیەم (زاینی)دا دەوڵەتێکی گەورەی پێک هێنابوو کە لە مەنچوورییەوە دەگەیشتە هیندوستان. لە سەدەی هەشتەمدا ئەم دەوڵەتە کەوتە ژێر فەرمانی عەرەبەکان(٥). پاش ئەم رووداوە تورکەکان موسڵمان بوون و لە رێگەی خۆڕێکخەری و سازگاربوون، ژمارە و توانایی و دەسەڵاتی خۆیان پەرە پێ دا و سەرەنجام لەسەر تەختی دەسەڵاتی عەرەبان دانیشتن.

پاش ماوەیەک، سەلجووقی، عەشیرەتێکی تری تورک، هاتنە ناو ئەم وڵاتە عەرەبە کە ئێستا لەژێر بەڕێوەبەرایەتیی هاورەگەزەکانی خۆیاندا بوو، سەلجووقییەکان بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆیان دەستبەکار بوون، دزەیان کردە نێو کاروبار و دەوڵەمەندبوون و دەسەڵاتیان وەدەست هێنا، بەجۆرێک کە لە سەدەی یازدەمدا ئێران و عێراق و سووریا و تەواوی ئەم شوێنانەی ئەمڕۆ بەناوی نەژادەکەیانەوە پێی دەڵێن تورکیا، کەوتە ژێر دەسەڵاتیان.

ئەوە یەکەم پاژی مێژووی تورکە. لە ماوەی ئەم دەورانەدا نزیک ٧٠٠ ساڵ تا دەگاتە ئەم سەردەمە کە ئێمەی تێدا دەژین، تورک بە خۆڕێکخستن و سازگاربوون و تواندنەوەی خەڵک بەخۆشی یا بەزۆرەملێ، ژمارەی ئەندامانی نەژادی خۆی زیاد کردووە و هەموو کات بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی، چاوی لە تالان و دزی و دەستداگرتن بەسەر بەرهەمی کار و زەحمەتی خەڵکی ترەوە بووە، ئەو خەڵکانەی کە لە ژێردەستیدا بوون.

## شەپۆلی تورک دەگاتە ڤیەننا و دەگەڕێتەوە

ئێمە دەگەینە پاژی دووەمی مێژووی تورک، تورک لەو سەردەمەدا لە باری سەربازییەوە ئێران و میزۆپۆتامیا و سووریای لەژێر دەست دابوو. سوپای تورک لەژێر ئاڵای خۆیدا لژیۆنگەلێکی ڕەنگاوڕەنگی لە بەکرێگیراو، نۆموسڵمان و ئەوانەی سەریان لە شەڕ و ماجەرا دەخورا، لە وڵات و مەڵبەندی جۆراوجۆر، کۆ کردبووەوە. ئەو پێکهاتەیە کە زۆرتر ڕێگر و جەردە بوون و هەوەسی تالان و وێرانکردنیان تێدا بەهێز بوو، بۆ داگیرکردنی ئاسیای گچکە لەلایەن تورکەوە کەوتنە ڕێ.

تەواوی ئاسیای گچکە لە ئاراراتەوە تا داردانێل و لە دەریای ڕەشەوە تا مەدیتەرانە زۆر زوو بوو بەمەیدانی ڕمبازی و تەراتێنی تورکان. لەوپەڕی ئەم سەرزەوینە هەراوەدا وڵاتی چکۆلەی ئەرمەنی بەناوی ئانی Ani هێشتا لەسەر پێی خۆی مابوو کە تەسلیمی خەیانەتی بیزانس و هێرشی مەغۆل (١٠٤٦) بوو. ئەم ناوچەیە ساڵی ١٠٨٠ لەلایەن دەوڵەتی سیلیسی[٦] وەک مەوتەنی ئەرمەنی دەستنیشان کرا و تا ساڵی ١٣٧٥ خۆی ڕاگرت. لە ناوچە شاخاوییەکان، لە ئاراراتەوە تا ئامانووس لە بەشی ڕۆژئاوای سووریادا، کوردەکان نیشتەجێ بوون و دەژێر فەرمانی سەرۆکەکانی خۆیاندا دەژیان و غەم و ئامانجی هەرە گەورەیان پاراستنی خێوەت و لەوەڕگە و ماڵەکانیان بوو. لەوبەری ئەو پەردە تەنکەی کورد پێکی هێنابوو، کە پێشی بە تورکەکان گرتبوو و کۆسپێک بوون لە بەرانبەر ئامانجەکانیاندا، ئاسیای گچکە پان و

بەرین و پڕ لە جـەمـاوەر و ناز و نیـعـمـەت و سـەروەت و سـامـان لەلایەن فـەرمانڕەوا و سیاسـەتوانە خۆش گوزەران و لە کار کەوتووەکانی بیزانسیدا حوکم دەکرا و بەڕێوە دەچوو(٧).

لە مـەودای سـاڵانی ١٠٤٥ تا ١٠٧١، لە کـاتێکدا لـەشکرەکـانی بیـزانس لە باکوری ڕۆئاوادا لـەگـەڵ ئیسـلامـەکـان شـەڕیان دەکرد، تورکـانی سـەلجـووقی بەڕێکوپێکی و بێ وچان ڕێگەی خۆیان بۆ نێو ئاسیـای گچکە دەکردەوە. لەو هاتنە ژوورەدا دەسـتیـان دایە کوشـتوبڕێکی زۆر و ئەوەندەی بۆیان کرا کچ و ژن و منداڵیان ڕەپێـچەک دا و بردیان، هەموو شوێنێکیـان تالان کرد و ئەوەندە وڵاتەی پێیدا تێ پەڕین کاولیان کرد و بەجێیان هێشت. تورکی مـەغۆلی کە لە یەکەم پێشـرەوی بەرەو ڕۆئاوا خـۆیان لەگـەڵ عەرەبی سـامی سـازگار کـردبوو، ئێستا خەریک بوون ئەم کارەیان لەگەڵ یۆنانی ئاریایی دەکرد.

سـاڵی ١٠٧١ ئالپ ئەرسـەلانی سـەلجـووقی لـە مـەنازگـرت (مـەلازگـەرد)ی مـەڵبـەندی وان، زەبرێکی گـرچووبڕی لە ئیـمـپـراتۆر دیۆژنی بیـزانسـی دا و تێکوپێکی شکاند و لـەوێوە تا سـەر لێـواری دەریای مـەڕمـەڕە هاتە بەرەوە. ساڵی ١٢٨٨ تورکی عوسمانی لەژێر فەرمـانی ئەرتۆگرل (Ertogrul طغرل) کە سـەرۆکـیـان بوو و ژمـارەیان دەگـەیشـتـە ٤٤٤ خـێوەت، لە سـوگـورتSugurt نێوان ئەنقەرە و بروسا Brusa زەویوزارێکیان پێ درا، ئەم عوسمـانییانە ساڵی ١٢٥٧ هاتبوونە ناو قەڵەمڕەوی سەلجووقییەکان و هەر ئەوانەش بوون کە وردە وردە بەهێز بوون و میراتی ئالپ ئەرسەلانی سەلجووقییان پێ گەیشت.

گوێزرانەوەی قودرەت و دەسـەڵات لە سەلجـووقیـیانەوە بۆ تورکی عـوسـمـانی بێ قڕە و شـەڕ و هەرا ئەنجامی گرت. بێجگە لە پێوەندیی خزمـایەتی و ئاینی و بیر و بۆچوون، عوسمـانلییەکانیش خۆیان لەژێر هەمان پێداویستیدا دیتەوە کە باب و باپیرانیان حەولیان بۆ دابوو. ئەویش ڕەچاوکردنی هەمان سیاسـەتی کۆن بوو کە بەرامبەر بە غەیرە تورکان دەکاریان هێنابوو.

تورک بۆ ئـەوەی هـەر چەشنـە بەرهەڵسـتکارییـەک لە بەرانبـەر خـۆیدا تێک بشکێنێ کوشتاریی دەکرد. جینایەت ئامرازی ترساندن و کزکردنی ڕەعیەت

بوو؛ بەزۆر خەڵکیان موسڵمان دەکرد؛ حەرەمسەرایان لە کیژ و ئافرەتی نەتەوە ژێردەستەکان پڕ کردبوو و رەفتاری وەحشییانە بەرنامەی کاریان بوو.

ئورخان، دووەم سوڵتان (١٣٢٦– ١٣٥٩) یاسایەکی بۆ مەسیحییەکان داهێنابوو کە دەبووایە هەر بنەماڵەیەکی مەسیحی ماڵیاتێکی تایبەت بدەن بەدەوڵەت، ئەویش برێتی بوو لەوەی کە منداڵی نێرینەی حەوت و دە ساڵانە بدەن بەحکوومەت. ساڵی ١٤٥٣ کاتێک سوڵتان محەمەد قوستەنتینییە (ئەستەنبۆڵ)ی گرت، زۆربەی خەڵکی ئەو شارەی کوشت و ئەوەی مایەوە بوونەغولام و بەردە. سوڵتان سولەیمان لە ساڵی ١٥٢٦، لە یەکێک لە هێرشەکانیدا بۆ سەر مەجارستان ٢٠٠,٠٠٠ کەسی قەتڵوعام کرد و ١٠٠,٠٠٠ کەسیشی کردە کۆیلە. سێرب، عەرەب، یۆنانی، کورد، ئەرمەنی، ئەلبانیایی، چەرکەس، لە سەرەتاوە تا حکوومەتی ئەمرۆی تورک، مەجبوور کراون گۆشت و خۆراک و پێداویستیی تورکەکان دابین بکەن. بە ڕاشکاوی و بێگومان دە لە سەدی تورکی ئەمرۆ کە ژمارەیان دەگاتە ٣٥,٥٠٠,٠٠٠ ناتوانن پشتاوپشت خۆیان بگەیەننەوە ئەو تورکانەی هێرشیان هێناوەتە ئەم مەڵبەندانە.

هەروەها شایانی باسە کە زۆرینەی بەڕێوەبەرانی تورک، جەنەراڵەکان و سیاسەتوانەکانیان، سوڵتانەکان کە بەدوای سوڵتانی دەیەمدا هاتوون یا نۆموسڵمانن یا لە رەگەز و تۆرەمەی جۆراوجۆر پاشەکەوت بوون. دەریاسالاری سوڵتان محەممەد کە ئەستەنبۆڵی گرت، نۆموسڵمانێکی بولغار (پۆڵەندا)یی بوو، تەڵعەت، گەورە وەزیری سەردەمی شەڕ پۆمەکێکی بولغاری بوو و دوو جێنشینەکەی، شەوکەت و شازادە حەلیم عەرەب بوون. مستەفا کەمال نەوەی نۆموسڵمانێکی کرۆواتایی خەڵکی نیشە، عیسمەت [اینۆنۆ] سەرەک وەزیرانی کەمال کوردێکی رافانییە. هەروەها، فەوزی سەرەک وەزیرانی پێشوو کە ئێستا سەرۆکی ستادی ئەرتەشە، کوردە و خەڵکی تارجانە؛ ڕەئووف، سەرەک وەزیری پێشوو کە ئێستا لە مەنفادا دەژی، بەنەژاد، چەرکەسە. لە ڕاستیدا، نۆموسڵمانەکان و کوشتاری خۆ بەخۆی

نەتەوە و گەلە ژێردەستەکان و حەسوودی و ئیرەیی پێک بردنی نەتەوە گەورەکان بوونەتە هۆی سەرکەوتنی و تورکەکان تا ئیمڕۆ. سەرکەوتنی کەمال، هەرچەند، کاتیش بێ، لە سایەی دژایەتیی سوود و قازانجی هاوپەیمانانی گەورەی ئەوروپای رۆئاوا و پشتیوانیی کۆمۆنیستەکانەوە دەست کەوتووە.(٨)

رەنگە ئەم پرسیارەمان لێ بکەن، ئەگەر سیاسەتی تورک برێتی بووە و بریتییە لە کوشتار و یەکسانیی زۆرەملی و تالآن و قەلآچۆکردن بۆ ئەوەی خوی ڕاگرێ و بمێنێ، ئەدی ملیۆن میلیۆن غەیرە تورک چۆن ماون و چۆن دەتوانن وەمێنن؟ وەلآم ئەوەیە سیاسەتی تورک بەرانبەر بە غەیرە تورک لە دوو روانگەوە سنووردارە، یەکەم هێز و توانای خودی تورکانە و هەل و دەرفەت و دەسەلآتی تەواویان نەبووە و سوود و قازانجی خۆشیان لە ئارادا بووە و هەیە.

کاتێک سوڵتان محەمەد ئەستەنبۆڵی گرت، تەواوی دانیشتوانی ئەو شارەی کوشتار کرد و ئەوی مانەوە کرانە کۆیلە و غولآم: بەلآم ئیزنی بە یۆنانی و ئەرمەنییەکان دا کاروباری بازرگانی و بەرهەمهێنان بۆ دەوڵەتی تورک ئیدارە بکەن. لە هێندێک شوێن، بەتایبەتی لە کرێت یۆنانییەکان بەتەواوی تەسلیمنەبوون و نیری کۆیلەتیی سوڵتانیان نەکەوتە سەر مل. لە چیاکانی ساسۆن و زەیتوون، تەنانەت تا رۆژگاری ئێمە، ئەرمەنییەکان داکۆکییان لەخۆ کردووە و سەریان بۆ تورک دانەنواندووە، سێربەکان لە قەرەداخ لە بەرانبەر هێرشکەراندا راوەستاون، ئالبانیاییی ناو چیاکان هەرگیز ملیان نەدا، کوردەکان تا سەدەیەک لەمەوبەر هەرگیز رێگەیان بە زابتەکان و مالّیات وەرگرەکانی سوڵتان نەدەدا بچنە ناو میرنشینەکان و تەنانەت ئەمرۆش هێندێک ناوچە لە بەرانبەر فرتوفێڵی کەمالدا خۆیان راگرتووە.

ئەو نوکتە گرینگ و تایبەتییەی من بە تەئکیدەوە لەسەری رادەوەستم ئەمەیە: لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئیمۆ تورک، خۆی بەسەر گەلانی تردا سەپاندووە و بەم جۆرە نفووسی خۆی زۆر کردووە و دەسەلآتی خۆی

پەرە پێ داوە و دەوڵەت و داوودەزگای خۆی بەتاڵان و دزی و ڕێگری ڕاگرتووە. ڕەگەزی تورک هەرگیز هیچ شتێکی بنیات نەناوە، هەرگیز هیچ پێداویستییەکی بەرهەم نەهێناوە. ئێستا کە دەبێ چاوی لە دەست و مستی خۆی بێ و لەسەر توانا و لێهاتوویی خۆی ڕاوەستێ، دەبێ چاری ناچار تێدا بچێ و نەمێنێ.

## لە ڤیەنناوە تا شەڕی جیهانی

شەپۆلی هێرشی بێ پسانەوەی تورکان بەرەو ڕۆئاوا، ساڵی ١٦٨٣، لەبەر دەروازەکانی شاری ڤیەننا ڕاوەستێندرا و ساڵی ١٧٧٤ تورکیا زەبری کوشندەتری لەلایەن سوپای رووسەوە لێ درا و بەتەواوی تێک شکا و ناچار بوو پەیمانێکی پڕ لە سەرشۆڕی ئیمزا بکا. (لە کوچوک کانیارجی -Kuehuk Kainardji) بەپێی ئەم پەیماننامەیە رووسیاییە مافی خۆتێهەڵقورتاندنی لە کاروباری رەعیەتە ئۆرتودۆکسەکانی سوڵتان وەدەست هێنا. تورک لەمەدوا حاڵەتی بەرگریی بەخۆوە گرت.

لەم پاژی سێیەمەی مێژووی تورکدا، مەسەلەیەک کە ڕووبەڕووی ئەو نەژادە دەبووەوە، لە ڕوانگەی ڕەفتار لەگەڵ غەیرە تورک و مەسەلەی خۆپاراستن، تایبەتمەندییەکی تازە و جیدیتری بەخۆیەوە گرت.

تورک کە لەنێو دەریایەک نەژاد و نەتەوەی جوراوجۆردا کە هەموو لەگەڵی دوژمن و نەیار بوون، وەک کەمایەسییەکی تەنیا لە ناهومێدی و ترس و نیگەرانیدا مابووەوە، ئێستا لەگەڵ دوو دەوڵەتی دەستدرێژکەری بەهێزی بیانی ڕووبەڕوو بووبووەوە – رووسیا و ئوتریش (نەمسا)، پاشان لەگەڵ فرەنسا و ئینگلستانیش ئەو حاڵەتە سەری هەڵدا. گەلانی بندەستی تورک تورکیا وەک جاران بێ دەسەڵاتانە سەریان بۆ زوڵم و زۆری دەوڵەت دانەدەنواند. ئەوان ئێستا وەخەبەر هاتبوون و چاو و گوێیان کرابووەوە و لە هێزی بەرگری و بەرهەڵستکاریی خۆیان و خاڵە لاوازەکانی حاکمانی تورک ئاگەدار بووبوونەوە و بێجگە لەوانەش ئێستا دەیانتوانی بۆ یارمەتی وەرگرتن

و پاراستنی خۆیان چاوێکیان لە دەستی زلهێزەکانیش بێ.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر تورکەکان مافی ئازادی و یەکسانییان دابایە بەگەلانی بندەستیان، ئەوان وردە وردە داوای سەربەخۆییی سیاسی و ئابوورییان دەکرد؛ بەڵام ئەگەر ئەم کارەیان نەکردبا، ئەو دەم ئەو گەلانە بەرەو شۆڕش و یاخیبوون دەچوون و زەوینەی دەستتێوەردانی زلهێزەکان پێک دەهات.

لەبەر ئەوە، تورکەکان روویان لە سیاسەتی فریودان و بەرتیلدان کرد- سیاسەتێک کە ئێستاش لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا بناخەی ژیان و بەڕێوەچوونی تورکیای کەمالیستە. لە نێوان ساڵانی ١٧٧٤ تا ١٩١٣ تورکەکان لە بیست و یەک بەڵگە و پەیماننامەی نانەتەوەییدا بەڵێنیان داوە کە لە فڵان یا فیسار مەڵبەندی دەسەڵاتی خۆیاندا چاکسازی و گۆڕانکاری دەست پێ دەکەن. لەو ماوەیەدا نۆ جار شکڵ و شێوەی دەسەڵاتیان گۆڕیوە. زۆر نەتەوەیان بەپێشکێشکردنی زێڕ و ئیمتیاز پێدان کڕیوە و کایەیان بەسوود و قازانج و جیاوازیی بیر و بۆچوون و دژایەتیی نێوانیان کردووە.

تاکتیک و فرت و فێڵی لەم چەشنە، تەنیا دەبووە هۆی دواکەوتنی ئاڵوگۆرە حەتمییەکان. ڕەگەزەکان و نەتەوەکان یەک بەدوای یەکدا لە چەنگاڵی تورک رزگار بوون. لە لووتکەی پەلهاوێشتن و بەدەسەڵاتیی تورکەوە تا دەگاتە ئیمڕۆ، نزیک بە ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ کەس لە ڕەگەزە جیاوازەکان لە ئەورووپا و ئاسیا و ئەفەریقادا، نیری عەبدایەتیی تورکیاییان فڕێ داوە و بە ئازادی دەژین. بەهاتنە سەر کاری سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٨٧٧دا، تورکەکان هەستیان بەو پێداویستییە کرد کە سیاسەتی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی خۆیان ئاڵوگۆڕ پێ بدەن. عەبدولحەمیدیش وەک سوڵتان محەممەد کە ئەستەنبۆڵی گرت، لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە غەیرە تورکەکان پێگەی بنەڕەتی و بەردی بناخەی دەوڵەتی تورکن؛ لەوەش حاڵی بووبوو کە مەترسیی گەورە بۆ تەخت و تاجی ئەو دەستێوەردانی پەیتا پەیتای زلهێزەکان بوو. بنەمای سیاسەتی ناوخۆی لەسەر ئەوە دانا کە بەڵێنی چاکسازی و گۆڕانکاریی گەورە بدا، کە

نە دەیویست و نە دەشیتوانی جێبەجێی بکا، لەولاشەوە دەیویست دەستدرێژیی بێگانەکان بەدەستەوداوێنبوونی نفووزی دینی ئیسلام، وەک خەلیفە، لەسەر خۆی بڕەتێنێ. ئەم سیاسەتی پانئیسلامییە یارمەتیی بەئینگلستان دا کە رووسیا لغاو بکا و پێشی هێرشەکانی بگرێ؛ بەڵام لەسەر گەلانی بندەستی تورکیا هیچ کارتێکردنێکی نەبوو. سەرکێشی و شۆڕش و نافەرمانی بوو بەبەرنامەیەکی ڕۆژانە لە ئەڵبانی، عەرەبستان، مەقدوونیە، سیلیسیای ئەرمەنی. بێهوودەی ئەو کارانەی بۆ رازیکردنی گەلانی بندەست دەیانکردن و نامومکینبوونی پێکەوە راگرتنی ئەو کۆما نارێکوپێکەی ناوی تورکیا بوو، بۆ حاکمان و رەعیەتەکانیش روون و ئاشکرا بوو.

## تورکانی گەنج لە دەسەڵاتدا

تورکانی گەنج کە ئێستا بە کەمالیست ناسراون، ساڵی ١٩٠٨، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، بەو ئامانجە کە ئەگەر بۆیان بکرێ، پێش بەهەڵوەشان و داڕووخانی تورکیا بگرن. ئێمە لێرەدا نامانەوێ باسی بایەخ و گرینگیی ئەوان و دروشمەکانیان لەمەڕ برایەتی و یەکسانیدا بکەین. ئێمە هەر ئەو دەم لە نیەت و ئامانجە نهێنییەکانیان، کە بریتی بوون لە داڕشتنی سیاسەتێک بەرانبەر بە غەیرە تورکان، ئاگەدار بووین. ئەوان لەو کاتەوە تا ئێستاش لەسەر ئەم سیاسەتە رۆیشتوون.

تورکانی گەنج لەسەر پانئیسلامیزم زۆر پێداگر نەبوون و بایەخەکەی بۆیان جێگەی پرسیار بوو؛ تەنانەت عەرەبی موسڵمان و کورد و ئەڵبانیایی روویان بەرانبەر بە پانئیسلامیزم گرژ بوو، ئەوان زۆرتر بۆ ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خۆیان و سەربەخۆییی نیشتمانی خۆیان هەوڵیان دەدا. گەلانی بندەست دڵیان بەم جۆرە ئاڵوگۆڕ و چاکسازییانە خۆش نەبوو. لەلایەکی ترەوە ئەم ریفۆرم و چاکسازییانە زۆرتر بەسوودی ئەوان بوو تا تورکەکان. لەناوبردنی گەلانی غەیرە تورک تەنیا زامنی نەهێشتنی یەکجارەکی ئاڵۆزی و ئاژاوەی ناوخۆ و یاخیگەری و شۆڕش و هەروەها کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی

بیـانی بـوو! بەڵام لەناوبردنـی گـەلانی غـەیرە تورک، ئەو فـاکـتـەرانەشـی لەناو دەبرد کە تورکەکان تا ئێستا خـۆیان بەسـەردا ساغ کردبوونەوە و پـێیان بەڕێ دەچوون و حـەسـابـوونەوە. لەبـەر ئەوە لازم بوو دەست بـدەنە دەسـتـی تورک و تاتارەکان (تورانییـەکان) لـە دەرەوەی تورکیا لە ئێران، لە دەوروبەری قـەفقاز و ئەولای دەریای خـــەزەر (قـــەزوین)، کـــەوابـوو ئەوان [تـورکـــانی گـــەنج] پانتـورانیـزمیـان[۹] لە جێگەی (پانئیسـلامـیزم) کە عـەبدولحەمـید دەیویست پەرەی پێ بدا، ڕەواج پێ دا.

## سیاسـەتی تورکانی گەنجی کەمـالیسـت

### بەرانبەر بەغـەیرە تورکەکان

تورکـانی گـەنج بەمـەبـەسـتی بەکارهێنانی ئەو سـیاسـەتە (قـەڵاچۆکـردنی ڕەگەزەکان) لە شەڕی جیهانیدا بەشدارییان کرد.[۱۰]

ســاڵی ۱۹۱٤ چوار گـەلی گـەورە لە تورکـیـادا هەبوون: عــەرەب، یۆنـانی، ئەرمـەنی و کـورد. هەل و دەرفـەت و بـارودۆخ، زەمـان و شـێوەی بەگژداچوونی هەر کام لەم گەلانەی دیاری دەکرد.

لە کـاتێکدا یۆنانییـەکان وەک ئاژاوەگێـڕ و جـوداییـخواز چاو لێ دەکران، کـورد و ئەرمـەنی بێـجگە لەوانـە گونـاهـی لەمـپـەر بوون و لێک دوورخـسـتنەوەی تورک و خـزمـە تورانییـەکـانیشـیـان، لە ئێـران و ئەولای قـەفقـاز و دەریای خەزەر، لە ئەستۆ بوو.

تورکـانی جـەوان لـە مـاوەی شـەڕەکەدا دووسـەد و پەنجـا هـەزار یـۆنانییـان لەناو برد؛ دووسـەد هـەزار لبنانی دەرکران و دەیان کـەسـیـان لـە بەڕێوەبەرانی ئیعدام کرد؛ حەوسـەد هەزار کوردیان لە ماڵ و مـەسکەنی خۆیان ڕاگوێز کرد کە نیـوەیـان لە ڕێگەدا لەناوچوون، بەڵام پـاڵەپەسـتـۆ و زەبری قـورسـتـر کـەوتە سەر ئەرمەنییەکان. نیو مـیلیۆن تا یەک ملیون ئەرمەنـی کوژران و سەد هـەزار ژن و کچ و منداڵیشیان لێ بەدیل گرتن.

بەتێکشکانـی هێزە نـاوەندییەکان (ئەڵمـان، ئوتریش، تـورکیـا، ڕۆمـانی و...)

بەشی عەرەبی تورکیا- میزۆپۆتامیا، عەرەبستان، سووریا لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تورک رزگار بوون. پاشان مستەفا کەمال ئەرکی جێبەجێکردنی پلانی رزگارکردنی تورکیای لە غەیرە تورک وەئەستۆ گرت.

بە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتی درەنگ و قۆنەقۆنی هاوپەیمانان و کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جێبەجێکردنی کاروباری تورکیا و بەیارمەتیی کارامە و چاوپۆشیی هێزگەلێکی تایبەت، بەتایبەتی رووسیی بۆلشەڤیک، کەمال دیکتاتۆری سەربازیی خۆی وەگەڕ خست.

کـــەمـــال لە ١٩١٩وە تا ١٩٢٣ نزیکەی ٧٥٠,٠٠٠ یۆنانیی لەناو برد. جەماوەری یۆنانی پێش هەڵایسانی شەڕ لە تورکیادا دەگەیشتە ٢,٥٠٠,٠٠٠ کەس، نزیک بە ١,٣٨٠,٠٠٠ کەس پەنایان بردە بەر وڵاتی یۆنان و ئێستا لە هەموو تورکیادا ١٠٠,٠٠٠ یۆنانی ماون کە لە ئەستەنبۆڵدا نیشتەجێن. لە ئەرمەنییەکان تەنیا ١٠٠,٠٠٠ کەس مانەوە و ئەوانی تر یا کوژران یا دەرکران. پاش ئەوانە کەمال هەموو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی کورد رێک خستەوە و ئەو بەرەنگارییە لە شۆڕشی ١٩٢٥دا گەیشتە ئەوپەری خۆی و کوردەکان سەربەخۆییی کوردستان و دەوڵەتی کوردییان ڕاگەیاند و ئەم هەرا و دژایەتییە لە نێوان کوردستان و تورکیادا درێژەی پەیدا کردووە.

من ئێستا دەکەومە سەر باسی کورد و مەسەلەی کورد لە تورکیادا.

## کورد نەژاد و زبان

کورد یا گوردۆیین Gordyene، دانیشتووی لەمێژینەی نیشتمانی خۆی لە کەوناراوە، وەک پورتوگال، ئەسپانیایی، خەڵکی باشووری ئیتاڵیا و زۆربەی فارسەکان بەئەندامێک لە لقی مەدیتەرانەییی بنەماڵەی ئارییی یا قەفقازی دەناسرێ.

دەوروبەری ١٠٠٠ی پێش زاین، چەند گـــرووپێکی گـــەورەی ئارییی لە باکورەوە لە شێوەی دەستە و تاقمی ئاژەڵدار بەکێوەکانی قەفقازدا هاتنە خوار و دارژانە وڵاتی مادەکان و زمانی ئارییی و ئاینی زەردەشتییان لەگەڵ

خۆ هێنا. ئەو کۆچەرانە بەخۆیان دەگوت پارسی یا فارسی و زمانەکەشیان هەر ئەم ناوەی لەسەر بوو. لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا ئەوانە ناوی نەژاد و زمانی خۆیانیان بەسەر زۆرینەی مادەکاندا سەپاندبوو. لە ٥٣٨ی پێش زاین، لەژێر فەرمانی کوروشدا ئیمپراتۆری گەورەی پارسیا یا پرشیا دامەزرا، لە زەمانی دەسەلاتدارەتی داریووشدا (٤٨٥ پێش زاین) زۆرینەی مادەکان لەگەڵ فارسەکان تێکەڵ بووبوون.

پاڵەپەستۆ و زوڵم و زۆری فارسە سەرکەوتووەکان لەسەر مادەکان کە چەند سەدە درێژەی هەبوو، کورد و مادی لێک نزیک کردەوە و پێوەندی و دڵسۆزیی تێدا پێک هێنان و هەر ئەم تێکەڵاوییە بوو بەهۆی تێکدا توانەوەی مادەکان و عەشیرەتە کوردەکان و کاتێک مادەکان ناچار تێداچوون نەتەوەیەکی تازە و جیاواز سەری هەڵدا.

پارتییەکانیش وەک مادەکان بەشێکی زۆریان لەناو فارسەکاندا توانەوە و بەشێکیشیان لەگەڵ کوردان تێکەڵ بوون. بەتێپەڕبوونی زەمان خوێنی فارسە هێرشکەرەکان بەتەواوی لەگەڵ مادەکان و پارتییەکان تێکەڵ بوو، خزمایەتی و پێوەندیی نەژادی ئەمڕۆی نێوان کورد و فارس بەم جۆرە دەگەڕێتەوە دەوری ماد و پارتی کە لەگەڵ فارس و کورد تێکەڵاو بوون.

زمانی فارسەکان و فارسیی کۆن لە زبانی زەندیک کە زمانێکی کۆنی ئێرانییە و هەروەها لە سانسکریتی هیندی زۆر نزیکە. فارسیی کۆن لە سەدەی چوارەمی پێش زاین بەمەلاوە لە برەو کەوت، بەلام فارسیی تازە، پەهلەوی یا پارتی، زمانی مێدی و زاراوەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی هەر لەسەر ئەم پنچ و ریشەیە روانەوە و گەشەیان کرد.(١١)

### مێژووی کۆن

ڕەنگە یۆنانییەکان ناوی "کورد"یان وەک ناوێکی نەژادی بەکوردان دابێ. هێرودۆت کوردان بەگەلێکی ئازا و شەڕوان دەناسێنێ و دەڵێ ئەوانە پاشماوەی "کاردوکس"ەکانن Carduques کە پێشیان بەگزنفۆن و دە هەزار

سوارەکەی گرت (پێش زاینی ٤٠٠ – ٤٠١).

کوردەکان بەخۆیان دەگوت گوتوو Gutus کە بەمانای شەڕوانە. لە نووسراوە میخییەکانی ئاسۆریدا وەک گاردانس، کارکتان، یا کارداک ناویان هاتووە و لە ڕێز و ئاستی گەلانی هاوعەسری خۆیاندا وەک هیتی، ئیلامی و ئازدەکی لە بابێل باسیان لێوە کراوە.

عەشیرە، وەک ئێستا لە هەموو دەور و زەمانێکدا بنەما و پێکهاتەی نەژادی کورد بووە. چەنای چەند عەشیرە، هەر وەک کلانەکانی ئیسکاتی، بەدارایی و سامانی جیاوازەوە، توانیویانە نیوە سەربەخۆ، ئۆتۆنۆمی بژین و لەژێر دەسەڵاتی کوروش، خەشایار شا، مەقدوونی، پارتی، عەرەب و تورکدا ئەم دەسەڵات و ئۆتۆنۆمییەیان پاراستووە.

جاروبار هێز و دەسەڵاتیان پێکهێنانی دەوڵەتی گەورە و بەتوانای لێ کەوتووەتەوە و بەسەر رەگەز و نەتەوەکانی دەوروبەردا زاڵ بوون و فەرمانڕەواییان بەسەردا کردوون. پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، لە سەدەی شەشەمدا، عێلی گۆران لەژێر سەرکردایەتیی گواتانزا Goatanzaی سەرۆکی خۆیاندا دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراند کە تا تەورێز و ناوچەکانی دەوروبەری رۆیشتبوو، پایەتەختەکەشی کرماشان بوو.

بڵاوبوونەوە و سەقامگیربوونی ئیسلام لە سەدەی حەوت و هەشتدا،[١٢] نەتەنیا قودرەتی سیاسیی کوردی تێکەوە پێچا، بگرە کارتێکردنی زۆر قووڵی لەسەر دین و ئیمان و یاسا ئەخلاقییەکانی بەجێ هێشت. لە ئاکامدا ناچار لەگەڵ تورکەکان وێک کەوتن و ئەوەش بوو بەهۆی قەدر و قوتبی کورد و چارەنووسی نالەباری لێ کەوتەوە.[١٣]

حکوومەتی عەرەب بەسەر نەتەوە بەزیوەکاندا نەوعێک دەسەڵاتدایەتیی خێرخوازانە و لەسەرخۆ بوو؛ عەرەب، بەهەرحاڵ، پێشمەرگەی ئاینێکی نوێ بوو. ئامانجی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی دینەکەیان بوو، لەبەر ئەوە، کوردیان مەجبوور کرد دەست لە دینی کفراویی باب و باپیران هەڵبگرێ و بەجێگەی

دینی مـحـەمـەد (ئیسـلام) وەربگرن. ئەو بێـجگە لەوانە کـوردیان وادار کـرد، ئەلفبێتکەی زمانی خۆی وەلا بنێ و ئەلفبێتکەی عەرەب لە جێی دابنێ.(١٤)

ئەم ئاڵوگـۆڕە نائـاسـاییی و زۆرەملێـیـە لە ژیانـی فـەرهەنگیی ئەم گـەلەدا، بەناچـار؛ بوو بەهۆی پـشـێـوی و ئـاڵۆزیی زاراوە و زبان و شـێـوەی ئاخـاوتن لەنێو عەشیرەکاندا و سەرەنجام لەناوچوونی ئەدەبیاتی کوردیی بەدوا داهات.

## قودرەتی کورد دەگاتە ئەوپەڕی خۆی

بەڵام تەنانەت، نە قـودرەت و دەسـەڵاتی خـەلیـفـەکانی بەغدا و نە هـاودینی و یەک مـەزهەبی کە ئێسـتا لە نێوان کورد و عـەرەبدا هـەبوو، نەیانتـوانی کـورد وەک رەعیەت و ژێردەست ڕابگرن.

لە نێـوان سـاڵانی ٨٨٨ تا ٩٠٥، زۆرینـەیەک لە عـەشـایـرە کـوردەکـان دژی حاکمە عـەرەبەکان ڕاپەڕین و سـەربـەخـۆییی خۆیان وەدەست هێـنا. لە سـەدەی دوازدەدا سـەڵاحـەدین، فـاتیح، ئیـمـپـراتۆری ئـەیووبیـیـانی دامـەزراند. ئەو قـارەمـانـە هێـزی دەریـاییی ریشـاردی شـێـردڵی تێک شـکاند و بـەسـەر رۆئاواییـیـەکـاندا زاڵ بوو. قـودرەت و دەسـەڵاتی کـورد لەو دەمـەدا گـەیشـتـە خۆراسان و میسر و سنوورە رۆئاواییەکانی سووریا.

لە مـاوەی هێـرشـە پەیتا پـەیتاکانی تاتار و مـەغۆلەکاندا بۆ سـەر رۆهـەڵاتی نزیک لە سـەدەکـانی چاردە و پـازدەدا، کـورد دەرفـەتێکی بـۆ حـەسـانەوە و پشـوودان دەست کـەوت. لەو مـاوەیەدا تورک و ئێـرانـی بێ وچان خـەریکی شـەڕی ئاینی بـوون کـە سـەرەنجـام چارەنووسی سـیـاسـیـی کـوردیشی تێدا دیاری کرا.

رەنگە گـەورەترین تراجیدی و کـارەسـات لە مـێژووی کـورداندا ئەوە بێ کە کورد و فـارس لە نەژادێکن. هـەردووک لایەن مـوسـڵمـان و هـاودینن، لە میـراتی فـەرهەنگی و کـۆمـەڵایـەتیدا هـاوبەشن، بەڵام نەیانـتـوانیـوە بەسـەر کـەلەبەری فـیـرقەیی و مـەزهـەبیی نێوانیاندا پردێک لێ بدەن و یەک بگرنەوە. فارسـەکـان شـیـعە و کوردەکـان سـوننی مـەزەبن.(١٥) دژایەتی، بێ متمـانەیی و بێزاری لە

یەکتر، کە هەمووی پووچ و بێ مانایە و هیچ پێداویستییەکی نییە، ئەم دوو بەرە و نەژادەی لێک هەڵاواردووە و بووەتە هۆی دوژمنایەتی و چەرمەسەرییەکی زۆر لە نێوانیاندا.

## کورد و تورک پەیمان دەبەستن

ساڵی ١٥١٤ سوڵتان سەلیمی یەکەم کە زۆر بەدەسەڵات بوو، بۆ گرتنی ئێرانی شیعە کە لەژێر فەرمانی شا سمایلدا بوو، وەڕێ کەوت. ڕێگەی سوپای سوڵتان بەنێو سەرزەوینێکدا دەڕۆیشت کە بەدەست میرنشینە نیوە سەربەخۆکان و عێلە کوردەکانەوە بوو. لەبەر ئەوە نەیاندەتوانی بێلایەن بمێننەوە و ناچار بوون لە نێوان تورکی سوننی هاومەزهەبی خۆیان و ئێرانی شیعەدا یەکیان هەڵبژێرن. سەرەنجام چوونە لای تورکەکان کە هاومەزهەبیان بوون.

سوڵتانی سەرکەوتووی تورک لە گەڕانەوەدا لەلایەن رەئیس عەشیرەتە کوردەکانەوە پێشوازییەکی شاهانەی لێ کرا. سوڵتان بەڵێنی هۆگری و ڕێزگرتن لە ئازادیی خۆیانی پێ دان. کوردەکان زۆر کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئازایەتی و دلۆڤانیی سوڵتان سەلیمەوە، پێشنیازی پەیمانی سیاسی و سەربازییان پێ کرد.

بەم جۆرە لە ١٥١٤دا پەیمانی دۆستی و یەکگرتوویی لە نێوان تورکیا و بیست و سێ میرنشینی کورددا بەسترا. ئەو پەیمانە لەلایەن ئیدریس، گەورە پیاوێکی کورد، نووسرا بوو. سوڵتان سەلیم ئەم پەیماننامەی ئیمزا کرد. ناوەڕۆکی پەیمانەکە ئەوە بوو:

١- سەرجەم ئەو ئەمارە کوردییانەی کە ئەم پەیمانەیان ئیمزا کردووە، سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بەدەست خۆیانەوە دەبێ.

٢- دەسەڵاتدارەیەتی پشتاوپشت دەبێ، یا بەپێی یاسای وڵات جێبەجێ دەکرێ، سوڵتان بەدەرکردنی فەرمان رەسمییەت دەدا بەجێنشین.

٣- کوردەکان لە هەموو شەڕەکاندا یارمەتیی تورکیا دەدەن.

٤- تورکیا یارمەتیی دەسەڵاتە کوردەکان لە دژی بێگانە و دەستدرێژییەکانیان دەدا.

٥- کوردەکان باج و خەراجی مەزهەبی (زەکات) دەدەن بەخەزێنەی خەلیفە.

## تورک پەیمان دەشکێنێ

بۆ ماوەی سەد و پەنجا ساڵ بەدوای پەیمانی ١٥١٤ لە نێوان تورک و کورددا، کوردەکان بەتەواوی بەپەیمانەکە وەفادار بوون. ئەوان لە هەموو شەڕێکدا ئامادە بوون- چ دەستدرێژی چ بەرخۆدان- و دەیان هەزار کەسیان قوربانی دا.

بەڵام تورک وەک عادەتی خۆیەتی، وەفاداریی خۆی فەرامۆش کرد. تاڵان و بە کۆیلە، هەموو کات ماکەی کاریان و پیلان و ئاژاوە و شمشێری هیلالی، ئامرازی فەرمان و حکوومەتیان بووە.

سوڵتان سولەیمان پاش ئەوەی لە ساڵی ١٦٨٣ لەبەر دەروازەکانی شاری ڤیەننادا پشتی کردەوە و شکا. هێشتا پشووی نەهاتبووەوە سەرەخۆ کە بەلەشکرێکی قورس و گرانەوە هەڵی کوتا سەر میرنشینە کوردییەکان و دەستی بەئاژاوەنانەوە و تێکبەردانی ئەم و ئەو و کزکردنی دەسەڵاتی میرەکان کرد، بێ ئەوەی بە ڕواڵەت، سەربەخۆیی میرنشینەکان لەناوبەرێ. سولەیمان بە پەلەپەل والییەکی دیاری کرد و ناوەندی فەرمانڕەوایی لە دیاربەکر بۆ دامەزراند و کار و ئەرکی ئەم والییە ڕاگەیشتن بە پێوەندیی نێوان میرنشینەکان و ئەستەنبوڵ بوو.

لەمە بەدوا سیاسەتی پەڕت کەوزاڵ بە [تفرقة] (devide and rule) وردە وردە بەسەرکەوتوویی بەڕێوە چوو. هێور هێور، لەسەرخۆ، بەڵام بەمتمانەوە، تورکی دەستدرێژکەر، کە هەرگیز بیانووی لێ نەدەبڕا ئەمارەتە کوردییەکانیان تێک دا و کردیانن بە پارێزگا. تا نیوەی سەدەی نۆزدە، لە زەمانی فەرمانڕەواییی سوڵتان عەبدولمەجیددا تورک تەواوی سەرزەوینە کوردەکانی بەخاکی خۆیەوە لکاند و تەنیا ئۆتۆنۆمییەکی رواڵەتیی بۆ سەرۆک

عەشیرەتەکان هێشتەوە.

ساڵی ١٨٤٧ سوڵتانی تورک شەڕی بەسەر شازادە بەدرخان، فەرمانڕەوای جزیرەدا سەپاند. جزیرە بەهێزترین میرنشینی کوردی بوو کە تا ئەو کات خۆی ڕاگرتبوو. ئەرتەشی تورک کە بە سەد هەزار سەرباز و عەسکەرەوە هێرشی هێنابوو، پەیتا پەیتا تووشی شکست دەبوو و لە دەست بەدرخان وە-زاڵە هاتبوو. بەڵام بەدرخان لەبەر خەیانەتی ئامۆزاکەی خۆی سەرەنجام شکستی خوارد و بەم جۆرە ئاخرین هەرێمی سەربەخۆی کورد کەوتە ژێر دەستی تورکان.

لەو سەردەمەوە، گەلی کورد، بێ پێشەوا و سەرۆک، لەگەڵ یەک نەبان و دوژمن، هەموو کات بەدەست زوڵم و زۆری تورکەوە ناڵاندوویە و بەهەزاران جۆر دەچەوسێنرێتەوە و زوڵمی لێ دەکرێ.(١٦)

پێش شەڕی جیهانی، دین پێناسەی گشتی بوو بۆ نەتەوایەتی و ناسیۆنالیسم لە تورکیا، بەبڕوای تورکەکان لە تورکیا تەنیا دوو تاقم هەبوون: موسڵمان و کافر. تورک خۆی وەک "موسڵمان" پێناسە دەکرد، نەک "تورک". ئەو ڕەگەزی فەرمانڕەوا بوو، هەر نەژاد یا نەژادێک کە وەک تورک لە میراتی "موسڵمان" بوون بەهرەمەند بووایە لە باقیی خەڵکەکە جیا دەکراوە و لە ئیمتیاز و سەرەتی تایبەت بەهرەمەند دەبوو و کار و ئەرکی تایبەتی بەدەستەوە دەگرت، کە نە بەزۆر و نە بە ڕەزا، نەدەدرا بە ئەوانی تر.

تورک چەکی هەڵدەگرت، ویستی سەرەکیی ئەوە بوو کە نەتەوە ژێردەستەکان بچەوسێنێتەوە، ئاگای لە هەڵسوکەوتیان بێ و بەتایبەتی غەیرە موسڵمانەکان کۆنترۆڵ بکا. شوغڵی سەربازی بۆ خۆی پاوان کردبوو، کافرەکان مافی هەڵگرتنی چەکیان نەبوو و لە خزمەتی سەربازییش مەعاف بوون و لە جیاتیی دەبایە ماڵیاتێکی سەرانە بدەن.

بەڵام کورد لەو مافانە (چەک هەڵگرتن و سەربازی)دا لەگەڵ تورک هاوبەش بوو، هەروەها لەو نوختە لاواز و سیفاتانەشدا هەر بەشدار بوو.

خـزمـەتـی سـەربازیی بـێ برانەوە و داسـەپاندنی زۆرەملـێ داخـوازە بـێ برانەوەکـانی تورک، هێـزی ئینسـانیی کـوردی لاواز کـردبوو، یانـی ژمـارەی پیـاوان لە کـورتیی دابوو. ژنان بووبـوونە ئاژەڵێکی ژێر باری قـورس؛ حـەول و تەقـالای کـورد بۆ بەرهـەمـهـێنان و گـەشـەپێدان بەتەواوی دابەزیبـوو، ژیانی فـەرهـەنگیی گـەل نزم بـووبـووەوە و لـە باری مـەعنەوی و ئەخـلاقـیـیـەوە شێوێندرابوو. بەم جۆرە کوردیش بۆ نزمیی ئەخلاقی و داتەپیوی گەیشتبووە ئاستی تورک.(١٧)

لە مەودای ئەم پرۆسەی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەیەدا کە بەسەر کورد داسەپابوو. بەپێچەوانەی مەسیحییەکان، کورد نەیدەتوانی و ئەو ماف و دەرەتانەی نەبوو، نە لەلای دەوڵەت کە بەرواڵەت دەوڵەتی خـۆی بوو، شکایەت بکا و نە شکایەت بەرێتە لای دنیا. دەوری کـورد تەنانـەت لە هیـی تـورک بـێ ڕەحـمـانـەتر دەهـاتە بـەرچاو. چونکە حـاکـمـی تورک ئـەوی وەک نوێنەر و بەکرێگیراوی خۆی دژی ئـەرمـەنی دەکار دەهێنا.(١٨) وەک بەکرێگیراوی ژێر فـەرمـانی تورک بـەشی زۆری تووڕەیی و قین و سـووکـایەتیی لـە دنیـادا بـەر ئەو دەکـەوت و خـەتای ئەو ڕەفتارە درندانەی تورک دەکـەوتە سـەرشـانـی ئەو. لە پلەی یەکەمدا ئەوە کورد بوو کە وەک تالانگر و پیاوکوژ دەکەوتە بەر لۆمـە و چەمۆڵەی شارستانەتی لە جیهاندا.

بەدوای کـوشـتـاری ئەرمـەنیـیـەکـان لە سـالانی ١٨٩٤– ١٨٩٦دا کـە بەدەستووری عەبدولحەمید ئەنجامی گرت. دەستەیەک لە بەڕێوەبەرانی کورد سـەرەنجام لـەو کـارەسـات و زوڵم و زۆرە حـاڵی بوون کـە لەژێر دەمـارگـری و خیرەسەریی ئاینیدا بەسەر گەلەکەیاندا سەپاوە، هەروەها زانییان کە ئەوە بەرهەمی تێنەگەیشتوویی و ریسوایی سیاسەتی پانئیسلامی تورکە. ئەم بەڕێوەبەرە کوردانە تێ گەیشتن کە ئەگەر کورد درێژە بە نۆکەریی تورک بدا و لەمەودواش هەر ئامرازێک بـێ لە دەست حاکمی دێوانەی بێ پەروادا، نەتەنیا لە ئاستی جیهانیدا ئابڕووی دەچێ و بۆ هەردەم مافی پەنابردن بۆ ویجدانی بەشەری و دنیای پێشکەوتوو لە دەست دەدا. بگرە تەنانەت وەک تورکەکان

مۆری نەمان و تێداچوون لە مان و بوونی خۆی دەدا.

ماوەیەکی کەم پێش سەرهەڵدانی تورکانی گەنج لە ١٩٠٨دا، بەڕێوەبەرانی کورد بزووتنەوەیەکیان دەست پێ کرد بۆ ئەوەی ژیانی کورد لە ژیانی تورک جیا بکەنەوە و ئیدئالە فەرهەنگی و داخوازە نەتەوەیی و هەروەها ئازادی و سەربەخۆیی بگەڕێننەوە ناو مێشک و دەروونی کورد.

## سیاسەتی تورکانی گەنج بەرانبەر بەکورد

ساڵی ١٩٠٧ بناخەی دەوڵەتی تورک هەڵتەکابوو. ژمارەیەک تورکی فەرهەنگی مەئاب (لایەنگری رۆئاوا) کە خۆیان ناو نابوو "تورکانی گەنج" و پەنابەری ئەورووپا بوون، داوای یارمەتییان لە ئەرمەنی، کورد، یۆنانی و مەقدوونیایی کرد کە پێکەوە بۆ سەرەوبنکردنی داوودەزگای سەرکوتکەری سوڵتان عەبدولحەمید رێک بکەون و رژێمێکی مەشرووتەی یاسایی لەسەر سێ پایەی، یەکسانی، برایەتی، ئازادی دابمەزرێنن.

لە کۆنگرەی مێژوویی پاریس لە ساڵی ١٩٠٧دا، پەیمانێک لە نێوان تورکانی گەنج و بەڕێوەبەرانی نەتەوە ژێردەستەکانی تورکیا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانەی تورکانی گەنج رایان گەیاندبوو، بەسترا. قیامی سالۆنیکا لە جولای ١٩٠٨دا، بەرهەمی تێکۆشانی هاوبەشی نوێنەرانی گەلە جیاوازەکانی تورکیا بوو کە لە پەیمانی پاریسدا کۆ بووبوونەوە. لە ٢٤ی جولای ١٩٠٨دا حەمید ناچار کرا، سیستەمی حکوومەتی یاسایی مەشرووتە رابگەیەنێ و لەوێوە هەوساری دەسەڵات کەوتە دەستی تورکانی گەنج.

بەڵام تورکانی گەنج، هێشتا بەتەواوی سەقامگیر نەبووبوون کە بەبێ شەرمییەوە دەروەستی و گفت و بەڵێنەکانی پەیمانی پاریسیان لە بیر خۆ بردەوە. ئەوان زۆر زوو روونیان کردەوە کە باوەڕیان بەسوودمەندبوونی سیاسەتی پانئیسلامی حەمید نییە- هەرچەند ئامادە بوون لە بیروڕای گشتیی جیهان ئیسلام بەقازانجی تورکیا سوود وەربگرن- بنەمای سیاسەتی ئەوان دەرهەق بەغەیرە تورکەکان عوسمانیزاسیون Ottomanization یا

بەتورککردنی غەیرە تورکەکان بوو. ئەوان ئەم سیاسەتەیان بەتواندنەوە as-similation ئەگەر دەستی دابایە، یا بەلەناوبردن elimination، ئەگەر ناچار بوونایە، بەڕێوە دەبرد.

لە ١٩٠٨ەوە تا ١٩١٤ ئەم سیاسەتەیان بەڕێوە برد. دەرهەق بەموسڵمانی کورد سیاسەتی تواندنەوەیان ڕەچاو کرد و بەرانبەر بە ئەرمەنی سیاسەتی خاشەبڕکردن و لەناوبردن. بەڵام کارەکە بەمەیلی ئەوان بەئاسانی و توندی نەدەچووە پێش. لەبەر ئەوە چوون دە شەڕی جیهانییەوە، زۆرتر بەمەبەستی بەتورککردنی وڵات یا خاشەبڕکردنی کورد، ئەرمەنی و یۆنانی.

ئەم سیاسەتە یەکەم هەنگاو بوو کە بەرەو پانتوورانیسم هەڵدەگیرا. پیلانەکەیان ئەوە بوو، گرفت و ئاستەنگی ڕەگەزی لەناو چوارچێوەی تورکیادا نەهێڵن، پاشان بەرەو سنوورەکانی دەرەوەی تورکیا پەل باوێژن و لەگەڵ تورکی ئێران و ئازەربایجانی رووسیا دەست بدەنە دەست یەکتر و ئەوجار ناوچەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر بگرە و هاتم!.

## کورد لە ماوەی شەڕدا

چیرۆکی دڵتەزێنی چارەنووسی تاڵی ئەرمەنییەکان لە ماوەی شەڕدا بەباشی زانراوە و پێویست ناکا لێرە وەبیری بخەینەوە و برینان بکولێنینەوە. مەگەر ئەوەندە نەبێ کە کۆچبەرکردنی سێ لەسەر چواری دوو ملیۆن ئەرمەنی لە ١٩١٤دا و کوشتار و بە دەربەدەرکردنی یەک ملیۆن لەوانە بەشێک بوو لە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو و ورد، بۆ لەناوبردنی توخمی ئەرمەنی کە لە ژیانی تورکدا ئەسیمیلە نەدەکران (نەدەتوێنرانەوە) و کەند و کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگەی تورک بوون، بۆ وەرێخستنی کاروانی پڕ ماجەرای پانتوورانیسم لە داهاتوودا.

شکستی لەشکرکێشی بۆ سەر داردانیل، بۆ یەکەم جار تورکەکانی لەژێر پاڵەپەستۆی بیر و بڕوای ئەوروپایی دەرهێنا و هەروەها دەرفەتی ڕێکخستنی دەستە و رستەی سەربازی و میلشیای پێک هێنا. کە زۆربەیان بۆ لەناوبردنی

نەتەوەی ئەرمەنی و خامۆشکردنی ڕاپەڕینی ئەوان لە پێنج شەش شوێنی جۆراوجۆر، دەکار هێنران.

## تورک ٧٠٠,٠٠٠ کورد ڕادەگوێزی

لەژێر ئەم بارودۆخەدا، تورکانی گەنج "تواندنەوە"ی موسڵمانی کوردیان، سەرەتا بەشێوەیەکی ئارام، دەست پێ کرد. ئەوان توانییان خەلیفە سوڵتان ڕەشادی پێنجەم وادار بکەن فەرمانێک ئیمزا بکا کە ئیجازەی دەدا کوردەکان لە زێد و نیشتمانی باو و باپیران هەڵکەنن و لەنێو تورکاندا لە ئاناتۆلیی ڕۆژئاوادا نیشتەجێیان بکەنەوە، بەو مەرجەی ڕێژەی کورد لە تورکدا دە بەسەد بێ. هەردووک ڕەگەز موسڵمان و هاودین بوون و لە هەلومەرجی تازەدا کورد ناچارە بەتورکی قسە بکا و بەپێی بڕیاری داڕێژەرانی ئەم جینایەتە، جیلی دووەمی کورد بەتەواوی دەترکێندرێ و دەتوێتەوە.

پێش ئەوەی دەست بکەن بەتواندنەوەی گشتی کە بەم جۆرە گەڵاڵەی بۆ داڕێژرابوو، تورکەکان لە پێشدا بەڕێوەبەران و پیاوە گەورەکانی کوردیان دەستە دەستە بۆ ڕۆژئاوای ئاناتۆلی ڕاگواست؛ تورکەکان بەسەرسوڕمانەوە تێگەیشتن کە کوردەکانیش وەک ئەرمەنییەکان نایانەوێ بتوێنەوە و ئەسیمیلە بکرێن. لە ئاکامدا خۆڕاگری و سەبریان نەما و هەمان چارەنووسی بۆ ئەرمەنییەکان دیاری کرابوو، بۆ کوردیش ڕەچاو کرا.

بەڵگە نووسراوەکانی سەرۆکایەتیی گشتیی کاروباری ڕاگوێزتن لە ئەستەنبوڵ، ئەم ڕاستییە تاڵە نیشان دەدا کە لە ساڵی ١٩١٥دا تورکانی گەنج ٧٠٠,٠٠٠ کوردیان لە کوردستانەوە بۆ ئاناتولی ڕۆژئاوا ڕاگوێزتووە.

کچ، ژن، منداڵی ساوا و کەم تەمەن و تازەلاو، بە هەزاران کرانە کۆیلە و غولام؛ برسییەتی، نەخۆشی، شەکەتی و نەحەسانەوە، سایەی مەرگی پڕ کارەساتی بەسەر کاروانی دوور و درێژی ئەم مرۆڤە بێ ئەنوایانەدا شۆڕ کردبووەوە. کۆمەی کەلاک و ئەوانەی دەمردن قووڵکە و دەر و دۆڵی ڕێگەی داپۆشیبوو. لە تەواوی درێژاییی ڕێگەدا کەلاک کەوتبوو کە نیشانەی جینایەت

و کارەساتێکی زۆر گەورە بوو کە بەسەر ئەم نەتەوەیان هێنابوو. لەو ژمارەی بەم جۆرە بەرەو مەنفا بەڕێ کران، زیاتر لە نیوەیان تێدا چوون و مردن. هیچ کەسیش نازانێ ئەمڕۆ چەند کەسیان ماون، خاشەبڕکردنی کورد لە مەودوا بووبوو بەسیاسەتی نەگۆڕ و بنەڕەتیی تورک.

## کورد بۆ تورک شەڕ دەکا

لەگەڵ هەڵایسانی ئاگری شەڕ، زۆربەی ئەو کوردانەی لە تەمەنی سەربازیدا بوون، بۆ ناو ئەرتەش ڕەپێچەک دران. لەبەر نەبوونی پێوەندی لەگەڵ ماڵ و خانەوادەکانیان، نەیاندەزانی دەوڵەتی تورک خەریکی چ پیلان و ئاژاوەگێڕانێکە لە کوردستاندا و چ بەرنامەیەکی بەدەستەوەیە. هەروەها تورکەکان تێ دەکوشان کوردە چەکدار و مەدەنییەکان لە دژی ئەرمەنی و مەسیحی هان بدەن و لەم بۆ ئەم مەبەستە بەچەک و تەقەمەنی یارمەتیی کوردەکانیان دەدا. رق و بێزاریی راستەقینە یا درۆزنانە لە ئەرمەنی، لەلایەن کوردەکانەوە، لەژێر کارتێکردنی پڕوپاگەندە و دنەدانی بێ پسانەوەی تورک لەنێو کوردەکاندا ریشەی داکوتابوو. تورکانی گەنج ئێستا بەکوردەکانیان دەگوت کە ئەرمەنییەکان لەگەڵ هاوپەیمانان ڕێک کەوتوون؛ ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە تەنیا مانگێک پێش ئەوەی تورکیا بچێتە ناو شەڕ، ئەرمەنیی قەفقاز و تورکیا، لەگەڵ رووس پەیمانێکی نووسراویان مۆر کردووە و بەپێی ئەم پەیمانە رووسەکان یارمەتیی ئەرمەنی دەدەن، ئەرمەنستانی تورکیا و کوردستان بگرێ و دیارە ئەودەم ئەرمەنی تۆڵەیەکی جەرگبڕ بۆ ئەو کارانەی لە ڕابردوودا کردوویانە لە کورد دەستێننەوە.

ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە کاریگەر بوو. تا ئەو رادەیە کە شەڕوانانی کوردی بۆ لای تورکی موسڵمان راکێش کرد. کوردان لەوەدا کە بوونە ئامراز و گەمەی دەستی تورکان هەم بەجەستە و هەم بەرۆح تووشی زەرەر و زیانی گەورە هاتن. هاوکاری لەگەڵ تورک و بەشداری لە پیلانەکانیاندا ماڵوێرانی و هەژاری و ئاکامێکی تاڵی لێ کەوتەوە.

## پاش چەک داماڵین

لە دوایین ڕۆژەکـانی ئۆکـتـۆبـەری ١٩١٨دا، بازنەی بەڕێوەبەرانی تورکـانی گـەنج چاویان بـەدەسـتنووسـی کـۆتـاییی شـەڕ لـەسـەر دیـواری دەفـتـەری کـارەکـەیان کـەوت و سـیاسـەت دەوڵەتی خـۆیان گـۆڕی و کـردیانە تاقـمێکی لایەنگری هـاوپەیمانان. ڕەئووف بەگ کـە سـەرەنجـام بوو بەسـەرەک وەزیرانی دەوڵەتی مـسـتـەفا کـەمـال، لەلایەن تورکـیـاوە پەیمانی ئاگربەسـتی لە مـودرۆس Moudros لەگـەڵ هـاوپەیمـانان ئیـمـزا کـرد. لەم پەیمـانـنامـەیەدا، بەنـدەکـانی مـەرجی ئاشـتی بەروونی باس کـرابوو. لەوانە پاشـەکـشـەی تورکـیـا لە ناوچە غەیرە تورکەکان بوو کە هاوپەیمانان بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ دەیانویست بەسەر تورکیایدا بسەپێنن.

تورکـیـا، دامـاو و سـەرلێـشـێـواو بوو.(١٩) سـوپای زەمـانـی شـەڕ کـە ١,٢٠٠,٠٠٠ کـەس بوو، ئێـسـتـا ٥٠,٠٠٠ کـەسـی لێ مـابووەوە، ١٥٠,٠٠٠ کـەس تـەرکی خـزمـەتیـان کردبـوو. عـەرەبسـتـان، مـیـزۆپۆتامـیـا، فـەلەسـتین و سـووریا لە سەرەتادا لـە ئیمـپـراتۆری دابڕا بوون؛ مەڵبـەندی ڕۆژهـەڵاتی فـورات، هـەروەک ئەرمـەنیی تێدا نەمـابوو، تورکیـشـی تێدا نەبوو، دەوڵەت لە ئاسـیـای گچکەدا فـەشـەلی هێنابوو و لە کار هوتبـوو؛ دەوڵەتی ناوەندی لە ئەسـتـەنبـۆڵ هێندەی نەمابوو بکەوێتە دەست هاوپەیمانان (١٩١٩).

دەستبەکاربوونێکی بەوەخت و دروست لەلایەن هـاوپەیمانانەوە، یەکجێ و بۆ هـەردەم دەیتـوانـی کـاری تورک یەکلایی بکاتەوە و مـەسـەلەی تـورک لە گـۆڕێدا نـەهێـڵـی و کـۆتـایی بـەدەرد و ئازاری ئـەو گـەلانە بـێنـێ کـە هـەزار سـاڵ چەوسـابوونەوە. بەڵام مـرۆڤـدۆسـتـیـیـەکی لاڕێ و چـەپـرەک و لێبـووردنی بێجـێ ئەوجـاریش هیـواکـانی بـەبا دا و نزا و نفـرینی سـەدان سـاڵەی ژێردەسـتـانی کـاریگەر نـەبوو. ئەوە دەیتـوانـی دەرفـەتێک بێ بـۆ ئەوەی تورکـی خـۆبـەزلزان بەخۆی دابێتەوە، بەڵام لە کیس چوو.

## خۆتێوەردانی ئەمەریکا،
## کارەساتێک بوو بۆ نەتەوە ژێردەستەکان

بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هێزە هاوپەیمانەکان بەڕاستی قۆڵیان لێ هەڵماڵی کە ئەرمەنی، کورد، عەرەب و یۆنانی لەدەست کابووسی حکوومەتی چەپەڵی تورک رزگار بکەن. هاوپەیمانان کە، بەپێی پەیمانە نهێنییەکانی ١٩١٥ و ١٩١٦، ئیمپراتۆری عوسمانییان بەسەر چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەلاتی خۆیان دابەش کردبوو، ئێستا، لەم چرکە ساتەی سەرکەوتنەدا، ئامادە و ڕازی بوون مافی نەتەوەیی گەلانی ئەم ناوچانە بەرەسمی بناسن. لە وتاری کردنەوەی کۆنفرانسی ڤێرسای رۆژی ١٩ی ژانویەی ١٩١٩دا، سەرکۆماری فرەنسا گوتی: "... مافی چەوساوەکان و شەهیدەکان... دەبێ لەبەرچاو بگیرێ...."

هاوپەیمانان، بە ئاگەداری لە هەنگامە و ئاڵۆزیی ناوخۆی تورکیا، لێ بڕابوون پێش ئەوەی کاروباری دژواری ئاشتیی گشتی وەعۆدە بگرن، مەسەلەی تورک یەکسەرە بکەنەوە و بیخەنە پێش هەموو کارێک.

مەسەلەی تورک، بەو بۆچوونە، لە فێبرایەری ١٩١٩دا، کەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بەدەعوەتی کۆنفرانس، نوێنەرایەتییەکی کورد بەسەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا، وەک نوێنەرایەتیی ئەرمەنی، مەسەلەی کوردی خستە بەردەستی کۆنفرانس. لێژنەی نوێنەرانی ئەرمەنی داوای وڵاتێکی گەورەی کرد کە لە بەحری رەشەوە تا مەدیتەرانەی دەگرتەوە، کە دەبووایە لەگەڵ کۆماری ئەرمەنستانی (ئەرمەنستانی رووس) یەک بگرنەوە و لەبەر باری نالەباری ئەم هەرێمە کە بەجارێک کاول کرابوو و لە گرێژەنە چووبوو، داخوازییەکیان دا بەهاوپەیمانان بۆ یارمەتیی ماڵی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوە.

لە ئاکامی ئەم داخوازییەدا، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، کە زۆر هۆگری بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانی یەکگرتنی نەتەوەکان League of Na-

tions بوو و خۆی بەنوێنەری هەست و سۆزی میللەتی ئەمەریکا بەرانبەر بەئەرمەنی دەزانی، خۆی تێ هەڵقورتاند و بە کۆنفرانسی راگەیاند کە ئەمەریکا بەخۆشحاڵییەوە ئامادەیە یارمەتیی ئەرمەنییەکان بدا – ئەگەر، یا کاتێک ئەمەریکا ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە هەمان کاتدا لە کۆنفرانسی داوا کرد لەسەر کاروباری تورکیا پەلەی نەکەن و هێندێکی دوا بخەن. دەروونپاکی و پیاوەتی و دڵۆڤانیی سەرکۆماری ئەمەریکا جێی پرسیار نەبوو؛ هاوپەیمانان، بێ دڕدۆنگی خەڵکی دنیا ئامادە بوون لەگەڵ ئەو بابەتە بچنە پێش؛ بەڵام ئەو دواکەوتنەی کە بەدوای هەڵسوکەوتی ئەمەریکادا رووی دا و بەسەر هاوپەیماناندا سەپا، هەروەک کەسایەتییە وریا و ئاگەدارەکان چاوەڕوانیان دەکرد، بەرهەمەکەی پیلان و تەڵەکە و فێڵی هاوپەیمانان و زیندووبوونەوەی کەمال و کارەساتێکی ماڵوێرانکەر بوو کە کورد و ئەرمەنی تێدا قوربانی کرا.[٢٠]

### کەمال دێتە سەر شانۆ

هەرکە فایلی تورکیا لەسەر مێزی کار لابرا؛ تورکەکان و کاربەدەستەکانیان دەستبەکار بوون. ئەمەریکا لە رووداوەکانی ئەودەمەدا دەورێکی سەرەکیی هەبوو. ئەمەریکاییەکانی دانیشتووی ئەستەنبوڵ، بەتایبەتی زۆربەی لێژنە ئاینییەکان، دژی لەتوپەتبوونی تورکیا بوون. ئەوان لایان وابوو بوونی ئەرمەنستان و کوردستانێکی سەربەخۆ و هێلێنیزمی سەقامگیر (شارستانەتی و فەرهەنگی یۆنانی) کۆتایی بەهەڵسووڕان و پڕوپاگەندەی ئاینیی ئەوان دێنێ و دەرگەی کەسب و کار و قازانجی ئەوان دەبەستێ؛ بەڵام بوونی تورکیا بەو شکڵەی کە هەبوو، هەروەها بوونی ئەودیوی قەفقازی رووس لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکادا، دەبێتە شکارگەیەکی بەخێر و بەرەکەت، هەم بۆ ئەوانەی لە ئیسلام وەرگەڕاون و هەم بۆ بازرگانی و ئیمتیازاتی ئابووری. کەسانێکی وەک گەیتس، بریستۆڵ و دیترانیش دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە بۆ ئەوەی ئەمەریکا ببێتە سەرپەرشتکاری تورکیا و دوکتۆر گەیتس نامەیەکی شەخسیی لە تەڵعەت پاشاوە کە بەرنامەی کوشتاری

ئەرمەنی بەڕێوە بردبوو، گەیاندە لێژنەی ئاشتیی ئەمەریکا لە پاریس، لەو نامەیەدا تەڵعەت پاشا داوای لە ئەمەریکا کردبوو سەرپەشتی (قیمومت) تورکیا وەعۆدە بگرێ. تورکەکان وەک ڕۆژ لێیان عەیان بوو کە ئەو بەرنامەیە سەرناگرێ، بەڵام ئەوان بەدوای کات و دەرفەتدا دەگەڕان. ئەوان باش ئاگەدار بوون، ئەگەر پێشنیازەکەیان دەکار بکرێ، پرێستیژ و حورمەتی هاوپەیمانان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا لەناو دەچێ، هەروەها دەیانزانی کە ئیمکانی لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشنیازە، پەتی پێکەوەبوونی هاوپەیمانان دەپسێنێ و ناچاریان دەکا سیاسەتی "بەشی خۆت بپچڕە" Saue qui peat ڕەچاو بکەن. باشی تێ گەیشتبوون.

لە مانگی مەی ١٩١٩دا سەرتیپ مستەفا کەمال پاشا، ئەستەنبۆڵی بەرەو ئاناتۆلی بەجێ هێشت. بە رواڵەت وەک پشکنەر و بازرەسی لەشکری سێیەم، کە تەنیا ناوی هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاری لە دژی هاوپەیمانان ڕێک بخا، بۆ ئەناتۆلی (ئەنادۆڵ) وەڕێ کەوت. هاوکات سیخوڕ و بەکرێگیراوی تورکەکان کەینوبەینێکیان لەگەڵ فرەنسا و ئیتاڵیا دەست پێ کرد و تا ڕادەیەکیش دەکاری خۆیاندا سەرکەوتوو بوون. هاتنی کەمال بۆ ئاناتۆلی هاوکات بوو لەگەڵ گرتنی سمیرنا لەلایەن یۆنانییەکانەوە، بەریتانیای گەورە پشتیوانی ئەم بزووتنەوە بوو. ئەو کارەی یۆنانییەکان، بیانووی دا بەدەست کەمال کە دەستبەجێ تا ئۆگوستی ١٩١٩، هێزێکی ٣٥٠٠٠ کەسی لامەلا و لا کۆ بکاتەوە. کەمال ناوەندی فەرماندەیی لە سیواس دامەزراند، لەو شوێنە بوو، جەنەراڵ هاربورد، مانگێک دواتر، بە ڕێز و حورمەتەوە کەمالی چاو پێ کەوت. لەو ڕۆژانەدا، بەڕێوەبەرانی کورد، کە لە گەڕیانی ڕووداوەکان دەترسان، لە کاهتا Kahta نزیک مالاتیا کۆ بوونەوە و هێزێکیان پێک هێنا بۆ ئەوەی پێش بەسەرەڕۆیی کەمال بگرن.

بەڵام لە بەختی ڕەشی کورد، لەو کاتەدا سەرهەنگ بێل، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی سیخوڕی بەریتانیا لە حەڵەب هاتە مالاتیا و بەناوی دەوڵەتی بەریتانیا بەکوردەکانی گوت کە شەڕ هەڵنایسێنن و دووبارە متمانەی پێ دان

کە هاوپەیمانان مەسەلەی کورد بەپێی عەهد و پەیمانی شەڕ، چارەسەر دەکەن.

هیچ گومان لەوەدا نییە، لە هەلومەرجی ئەوان رۆژاندا کوردان دەیانتوانی کەمال تێک بشکێنن و کۆماری ئەرمەنیی ئێرەوانیش دەیتوانی بەئاسانی ئەرمەنستانی تورکیا داگیر بکا. بەڵام هەم کورد و هەم ئەرمەنی تووشی ئەم هەڵە لە بەخشین نەهاتووە هاتن کە بەتەواو باوەڕیان بە قەوڵ و بەڵێنەکانی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەگەر ئەم دوو نەتەوەیە وەک ئێستا بیانزانیبایە کە بەردی بناخەی دیپلۆماسیی ناونەتەوەیی لەسەر درۆ داندراوە و "ئەخلاق"ی ناونەتەوەییی قسەی بێ تام و گەمەی پڕوپووچە، دەیانتوانی خۆیان رزگار بکەن و تووشی چەرمەسەرە و نەهامەتیی دوارۆژ نەبن.

### کەمال لەگەڵ مۆسکۆ رێک دەکەوێ

پشتیوانیی بەریتانیا لە یۆنانییەکان لە شەڕی سمیرنادا، بەرەی هاوپەیمانانی لە دژی تورکیا هەڵوەشاند. ئیتاڵیا بەوەی تووڕە بوو کە یۆنانی لە بەشی رۆئاوای ئاناتۆلیدا پێشڕەویی بکەن. فەرەنساش ئەو هەلەی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی ئابووری لە کەمالیستەکان بۆ خۆی قۆستەوە.

هاوکات، سیخوڕ و کاربەدەستە نهێنییەکانی تورک پێوەندییان لەگەڵ موسکۆ ساز کرد. ئەنوەر کوچووک تەڵعەت، خەلیل پاشا، بەهائەدین، لە کۆتاییی هاوینی ساڵی ١٩١٩، لە کۆنگرەی رۆهەڵاتدا لە باکۆ بەشدارییان کرد، ئەم کۆنگرەیە لەژێر چاوەدێریی زینۆویەچ Zinovievدا بەڕێوە دەچوو. لێرەدا تورک و بۆلشەڤیک لەسەر ئەم پلانە رێک کەوتن کە لە دژی هێزە ئەمپریالیستییەکان خەبات بکەن و بەشی یەکەمی ئەم بەرنامەیەش لەناوبردنی کۆماری ئەرمەنستان بوو. ئەم گرێبەستە پاشان بوو بەپەیمانێکی تازە کە لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩١٩، لە ئەستەنبۆڵ مۆر کرا و دیسان لە پازدەی ئەپریلی ١٩٢٠، لە ئەرزەڕۆم بەوردەکاری و ناوەڕۆکی گرینگترەوە مۆر کرایەوە.[٢١]

لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە و مەترسییەدا دەستەوداوێن بوون و پەلەقاژەی کۆماری ئەرمەنستان بۆ وەرگرتنی چەک و تەقەمەنی لە هاوپەیمانان و نەتەوە

یەکگرتووەکـان، بـۆ ئەوەی بەرگـری لە خـۆی بکا بەهیـچ کـوێ نەگـەیشت و لایەنەکان خـۆیان لە کەڕی و گوێگرانـی دا و هیـچیـان گوێ لـێ نەبوو. نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا چەند کۆمیتە و کۆمۆسیۆنی لێکۆڵینەوەی نارد و چەند یاداشت و رەخنەشی ئاراستەی کەمالیستەکان کرد و لە هەمان کاتدا میستر باڵفۆر لە مەجلیسی عەوامدا کەمالی وەک جەردەیەکی سادە دەناساند.

لێـرەدا وەبیـرهێنانەوەی ئەم نوکـتـە پێـویسـتـە کـە کـەمـالیسـتـەکـان و بۆلشـەڤیکەکان کە هیچ  لە یاسـای ناونەتەوەیی نەدەسەڵمینەوە. رەنگە کـاری خــۆیـان پێ دروست بـووبێ کــە لـە دژی ئەوانـەی بەدوژمـنی خــۆیـان دەزانین، راپەڕن، بەڵام دەبەنگی و تەمـاعی زۆر، پشتگوێخستن و نەبوونی بەرپرسیـاری لەلایـەن هـاوپـەیمـانـان و کــۆمــەڵـی نەتـەوە یەکگرتووەکــان نە بـۆ بەخـــشین و لێبووردن دەبێ و نە پاسـاو دەدرێتەوە. ئەوانە لە دادگەی مێژوودا وەک تاوانبار راوەستاون.

## کورد و پەیمانی سیڤەر

لەژێر ئەم بارودۆخــەدا، هـاوپـەیمانان لە ســان رێـمــۆ، لە ئەپریلی ١٩٢٠دا، لەسـەر ناوەڕۆکی پەیمانێک کە دەبووایە لەگـەڵ تورکیـا دانوسـتـانـدنی لەسـەر بکەن، رێک کـەوتن. ئەم پەیمانـە، ســەرەنجـام لە ١٠ی ئۆگـۆســتـی ١٩٢٠ لە سیـڤـەر Sevres مـۆر کرا. لەو کاتەدا، کۆمـاری ئەرمـەنسـتـان (ئەرمـەنسـتـانی رووس) کە لە مانگی مەی ١٩١٨دا دامەزرابوو، لەلایەن هـاوپـەیمانان و کۆمەڵی نەتەوە یـەکگرتووکـانـەوە بەرەسـمی ناسـرابـوو. پەیمانی سـیـڤـەر، قـەرار بوو هێندێک ناوچە لە ئەرمـەنسـتـانی تورکیـا بخـاتە سـەر کۆمـاری ئەرمـەنسـتـان، بەرپرسـیــارەتیی ئەم ئـەرکـەش درا بـەســەرکـۆمــاری وڵاتـە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکا کە دەبوو سنوورەکان دیاری بکا.

پەیمانی سـیـڤـەر هـەروەها بۆ پێکهێنـانی دەوڵەتێکی کـوردی زەوینەی خـۆش کرد. ئەو سێ بەندەی خوارەوە لە پەیمانەکەدا بۆ ئەم مەبەستە هاتووە.

## کوردستان

بەندی ٦٢

کۆمۆسیۆنێک کە لە ئەستەنبۆڵ دانیشتووە و لە سێ ئەندامی دیاریکراوی بەریتانیایی، فەرەنسایی و ئیتاڵیایی پێک هاتووە، شەش مانگ پاش وەگەڕکەوتنی پەیمانی حازر، گەڵاڵەیەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمیی کورد لەو مەڵبەندانەدا کە زۆرینەیان کوردن و کەوتوونەتە ڕۆهەڵاتی فورات، خوارەوەی سنووری باشووری ئەرمەنستان، کە لەمەوپاش دیاری دەکرێ و باکوری سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا و میزۆپۆتامیا، بەو جۆرە کە لە بەندی ١١ و ٢٧دا باس کراوە، دادەمەزرێنێ. ٢) و ٣) ئەگەر ناکۆکییەک لەسەر هەر مەسەلەیەک بێتە ئاراوە، ئەندامانی کۆمۆسیۆن مەسەلەکە دەبەنەوە لای دەوڵەتەکانی خۆیان. ئەم گەڵاڵەیە پاراستنی ئاسووری و کلدانی و کەمایەسییە ئاینی و نەژادییەکان کە دەکەونە ئەم هەرێمانە، دەخاتە ئەستۆی خۆی و بەرعۆدەی دەبێ. هەر بەم ئامانجە، کۆمۆسیۆنێک، پێکهاتوو لە نوێنەرانی بەریتانی، فەرەنسایی، ئیتاڵیایی، ئێرانی و کورد، سەر لە مەڵبەندەکان دەدا، بۆ ئەوە سنوورەکان دیاری بکا و ئەگەر پێویست بێ چاکسازی لە سنوورەکانی تورکیادا بکا کە بەپێی پەیمانی حازر سنووری تورکیا و سنووری ئێران دەگەنە یەک.

بەندی ٦٣

دەوڵەتی تورکیا بەم جۆرە بۆ وەگەڕخستن و ئەنجامدانی بڕیارەکانی هەردووک کۆمۆسیۆن لە بەندی ٦٢دا مل ڕادەکێشێ و بەرعۆدە دەبێ لە ماوەی سێ مانگ پاش پێ ڕاگەیاندنی ئەم بابەتە کارەکان ئەنجام بدا.

بەندی ٦٤

ئەگەر ساڵێک دوای وەگەڕکەوتنی ئەم پەیمانە، خەڵکی کوردستان کە لەنێو ئەو مەڵبەندانەی باس کراو لە بەندی ٦٢دا دەژین، لە ئەنجوومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان داوا بکەن و نیشان بدەن کە زۆرینەی خەڵکی ئەم مەڵبەندانە دەیانەوێ لە تورکیا جوێ بنەوە، بەو مەرجە ئەنجوومەن بزانێ و ببینێ کە ئەم خەڵکە توانای ئەم سەربەخۆیی و ئازادییەیان هەیە و ڕابگەیەنێ کە دەبێ ئەم سەربەخۆییە بدرێ، تورکیا لێرەوە بەرعۆدە دەبێ کە بڕیاری ئەنجوومەن ئیجرا بکا و لە هەموو ماف و ئیمتیازێک لەو ناوچانەدا چاوپۆشی بکا و بکشێتەوە.

وردەکارییەکانی مەرجی کشانەوەی تورکیا لە کوردستان بەپێی ڕێککەوتنی هێزە هاوپەیمانەکان و تورکیا ئەنجام دەدرێ.

ئەگەر ئەم کشانەوەیە روو بدا، هێزی هاوپەیمانەکان مافی دژایەتیی لەم بارەوە نییە کە کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەون.

لە کاتێکدا ئەم پەیمانە لەلایەن نوێنەرانی دەوڵەتە سەرەکییەکانی هاوپەیمان و نوێنەرانی تورک و ئەرمەنەوە مۆر دەکرا، کەمال ئەتاتورک و مۆسکۆ خەریکی پیلانگێڕان بوون کە پێش بەوەگەڕکەوتنی پەیمانەکە بگرن.

### کەمال هێرش دەکاتە سەر ئەرمەنستان

لە مانگی مەی و جولای ١٩٢٠دا، ڕاپەڕینی بۆڵشویکی لە زۆر شوێنی ئەرمەنستاندا رووی دا کە ئەرمەنستان هەموویانی دامرکاندەوە. لە مانگی جووندا، مۆسکۆ ئۆلتیماتۆمێکی دا بەئەرمەنستان و داوای لێ کرد ئیزن بدا سەربازانی بۆڵشویک بە ڕێگەی ئاسنیی ئەرمەنستاندا بچنە ناو تورکیا و هاوکاریی سوپای تورک بکەن. ئەرمەنستان ئەم ئۆلتیماتۆمەی رەت کردەوە.

رەتکردنەوەی دووەم ئۆلتیماتۆمی لە مانگی جولایدا، هێرشی سوپای

رووسیایی لە ئاگۆستدا بەدوا داهات.

هاوکات، مستەفا کەمالیش هێرشی کردە سەر ئەرمەنستان، بەڵام پاشەکشەی پێ کرا. پاشان لە بەشی کۆتاییی مانگی سێپتەمبەری ١٩٢٠دا، ئەرتەشی کەمال کە هێزی خۆی زیندوو کردبووەوە، لەژێر فەرمانی کازم قەرەبەکر پاشا لە باشووری رۆهەڵاتەوە هرووژمیان کرد؛ لە رۆژی دووی دیسەمبەری ١٩٢٠دا، حکوومەتی ئەرمەنستان لەسەر کار لادرا و لە فیبریوەری ١٩٢١دا هاتەوە سەر کار، بەڵام لە جوولای ١٩٢١دا، بەسەر نیزەی بۆڵشویکەکان لە خاکی ئەرمەنستان[٢٢] دەرکرا.

ئێستا کەمال پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بۆڵشویکەکان وەدەست هێنابوو کە زۆر بەسەخاوەت و دلۆڤانییەوە چەکوچۆڵ و تەقەمەنی و زێڕ و پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرد. لە سایەی پەیمانی ١٩٢١ لەگەڵ فرەنسا، کەمال لە پاڵەپەستۆی زۆرتر لە ناوچەی سیلیسی رزگاریی هات؛ ئیتاڵیاش بێلایەنیی خێرخوازانەی خۆی درێژە پێ دا و ئێستا کەمال دەیتوانی هەموو قورسایی سەرنجی خۆی بداتە سەر یۆنانییەکان، کە زۆر بێ عەقڵانە لە کاتی هێرشی تورکان بۆ سەر ئەرمەنستان، خامۆش و بێدەنگ بوون.

لێکترازانی سیاسی لە ناوەخۆدا، جیاوازیی بیروڕا لەنێو هاوپەیماناندا و زۆر هۆکاری تر، ورەی ئەرتەشی یۆنانی رووخاندبوو. یۆنانییەکان زەبرێکی گرچووبڕیان لە سوپای تورک دا و پاشان بێدەنگ بوون. کەمال بەبێ بەرهەڵست گەیشتە سمیرنا و لە ماوەی پازدە رۆژدا ١٨٥ مایل پێشڕەویی کرد. لە ١٣ی سێپتەمبەری ١٩٢٢دا، کەمال دەستووری دا سمیرنا کاول بکەن. لێرەدا دڕاندانەترین جینایەت و کارەساتی سەرانسەری مێژوو رووی دا. پتر لە سەد هەزار کەس ژن و پیاو و منداڵ کوشتار کران یا سووتێنران و زۆرتر لە ٢٥٠٠٠ کچ بەدیل گیران و کرانە کۆیلە و دەستدرێژییان کرایە سەر. داستانی تراجیکی سمیرنا زۆر بەوردی لە کتێبی "دافەتاوی ئاسیادا The Blight of Asia" بە قەڵەمی جەنەراڵ کۆنسوڵی ئەمەریکا لە سمیرنا، باس کراوە.

ئەو دەرفەتی پشوودانەی ئەمەریکا دای بەتورکان، ئەو هەلەی بۆ کەمال رەخساند بەیارمەتیی مۆسکۆ و دوو زلهێزی تر ناوەڕۆکی عەهد و پەیمانی سیڤەر لەژێر پێ بنێ. لە سمیرناوە کەمال رۆیشتە لۆزان تا لەسەر پەیمانێکی تازە ئاڵوگۆڕیی بیروڕا بکا. لێرە بەپشتیوانیی ئەمەریکا و مۆسکۆ، لەگەڵ هاوپەیمانان، کە وەک جاران هاوفیکر و یەک بیر نەبوون، رووبەڕوو بووەوە. ئەو هاوپەیمانانەی کە مەیلی خۆیان بۆ دروون و پینە و پەرۆکردنی هەر چەشنە پەیمانێک نەدەشاردەوە، ئەوجار گوێی خۆیان ئاخنی و بەڵێنەکانیان فەرامۆش کرد.

## کۆنفرانسی لۆزان، نەوتی مووسڵ و کوردستان

"ئەوان لە خاچی دەدەن و جلوبەرگەکانی لەنێو خۆیان دابەش دەکەن و کەلوپەلی لەسەر بلاو دەکەنەوە، تا هەرکەس شتێکی لێ هەڵبگرێ و بیبا." (مارک. ٢٤:١٥)

کۆنفرانسی لۆزان داوەرووکانێکی سەیروسەمەرە بوو لە دەلاڵ و ئەوانەی بەشوێن ئیمتیاز و سوود و قازانجدا هەڵوەدا بوون تا کەلاکی ئەو مەڕە بەستەزمان و بێ سەرپەرشتانە کە سەریان دەبڕین و ناویان ئەرمەنی و یۆنانی و کورد بوو لەنێو خۆیان دابەش بکەن. بەسەنگینی و گرانییەکی کە رەسمی خۆیانە، دەمڕاستەکانی دەوڵەتانی بەشدار بەپێی بەرنامە، نیەتی خۆیان ئاشکرا کرد و هەر کام ئەو بەشەی چاوی تێ بریبوو ڕفاندی و لە گیرفانی خۆی ڕاکرد.

کۆرزۆن زۆر دەسپاچە و پەرێشان بوو، لەولاشەوە بارێر و گارۆنی بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر ئەرمەنییەکان هاتووە فرمێسکیان هەڵدەڕشت. عیسمەت بزەی دەهاتێ و قەولی دەدا چارەسەرێک بدۆزێتەوە و پاش مەشوەرەت لەگەڵ ریچارد واشبرن چایلد ئیزنی دا کە ئەو (چایلد) بۆ ئەرمەنییەکان داوای پەنابەری لە تورکیا بکا و پاشان عیسمەت بەدلۆڤانی پێشنیازی کرد کە سەرانسەری تورکیا ئامادەیە بۆ وەرگرتنی پەنابەرانی ئەرمەنی، بەو مەرجەی

ئاگایان لە رەفتار و کار و کردەی خۆیان بێ! کوردەکانیش هەر بەم جۆرە باسیان کرا کە لەگەڵیان باش بن و هەروەها کەلدان و ئاسووری و ئەوانی تریش.

بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی وردیی کۆنفرانسی لۆزان، پێویستە باسی ئەو ئامانج و مەبەستانە بکەین کە نەتەوە گەورە و بەهێزە بەشدارەکان بەدوایدا دەگەڕان و بەدەستیان هێنا.

لانی کەم دەبێ دوو خاڵ روون بکرێنەوە. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە هیچ کام لەو نەتەوانە، بۆ گەیشتن بەئامانج، پێویستی بە بەکارهێنانی هێز و سوپا نەبوو، تورکیا خۆی بێ هێز و دەسەڵات بوو، بەڵام رووسیا پشتیوانیی لێ دەکرد و دەیتوانی بۆ ئینگلیسییەکان تەنگوچەڵەمە دروست بکا. هەروەها لە سایەی خۆتێهەڵقورتاندن و دەخاڵەتی ئەمەریکا، تورکیا ئاتۆی نەوتی مووسڵی بەدەستەوە بوو.

خاڵی دووەم ئەوەیە ئەو دەسکەوتەی ئینگلیستان و ئەمەریکا و فرەنسا و تورکیا تێی رۆ دەهاتن نەوت بوو – لە شوێنێک کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون. ئەم نەتەوە میراتی نەتەوەییی کورد بوو.

### دەسکەوتی نەتەوەکان لە لۆزان

تورکیا بەو مەبەستە هاتە لۆزانتا دەستی خۆی ئاواڵە بکا بێنێ و کاپیتۆلاسیۆن هەڵوەشێنێتەوە و سیاسەتی پانتوورانیزم بەڕێوە بەرێ، یانی یۆنانی و ئەرمەنی و کورد لەناو بەرێ.

نرخی پێکهاتنی ئەم سیاسەت و مەبەستانە ئەوە بوو کە تورکیا دەسبەرداری مەڵبەندە عەرەبیەکانی، میزوپۆتامیا، سووریا و عەرەبستان بێ. لە پێوەندی لەگەڵ نەوتی مووسڵدا تورکیا هەر ئەوەندەی دەویست بەشێک بۆ خۆی بپچڕێ، کەمالیستەکان لەمێژ بوو بڕیاریان دابوو چاوپۆشی لە مووسڵ بکەن و نەیخەنە سەر وڵاتی خۆیان لەوە دەترسان جەماوەری بەهێزی کوردی ئەم مەڵبەندە، دەست لە کاروباری تورکیا وەربدەن و پێش بە سیاسەتی

تواندنەوەی کورد لە مەڵبەندەکانی تر بگرن.

بێجگە لەوەش لە هیچ روانگەیەکەوە تورکیا نەیدەتوانی داوای نەوتی مووسڵ بکا.

تا ساڵی ١٩٠٤ ئەم سامانە گەورەیە تایبەتی خەزێنەی سوڵتان عەبدولحەمید بوو، کە ئەودەم مافی کەشف و لێکۆڵینەوەی دابوو بە کۆمپانیای رێگە ئاسنیی "ئەڵمان – ئەناتۆلی" و پاشان لە ١٩٠٨دا درایە دەست کۆمپانیای نەوتی دارسی کە ئینگلیسی بوو. ساڵی ١٩٠٩ دەوڵەتی تورکانی گەنج ئەم دارایی و سامانەی گەڕاندەوە بۆ وەزارەتی کانزا و مەعدەن، بەڵام لە ٢٨ی ژۆئین (حوزەیران)ی ١٩١٤ سەرەک وەزیرانی تورکانی گەنج، کۆنتراتی زەمانی عەبدولحەمیدی بەقازانجی شەریکەی نەوتی تورک (بەریتانی) زیندوو کردەوە کە ئێستا بووبووە جێنشینی دوو کۆمپانیای ئەڵمان ئاناتۆلی و کۆمپانیای دارسی.

ڕاستە کە لە سان ریمۆ، ڕۆژی ٢٤ی ئەپریلی ١٩٢٠، بەریتانیای گەورە و فرەنسا لە ڕێگەی گرێبەستی نەوتی، بیست لە سەدی نەوتی مووسڵیان بۆ حکوومەتی عێراق کە ئەرباب و دەسەڵاتداری ناوچەی مووسڵ بوو، لە بەرچاو گرتبوو؛ لە هەمان کاتدا لە سان ریمۆ و پاشان لە پەیمانی سیڤەر (١٠ی ئاگۆستی ١٩٢٠) ئەم ناوچە پڕ نەوتە لەلایەن هاوپەیمانانەوە وەک بەشێک لە کوردستانی پێشنیازکراو بە رەسمی ناسرا، کەوا بوو هەم لە ڕوانگەی یاساوە و هەم ئینساف و ئەخلاقەوە موڵکی کوردستان بوو. ئەوجار، ئەگەر پێدانی نەوتی مووسڵ لەلایەن تورکەوە بە کۆمپانیای نەوتی تورک (بەریتانی) لە ١٩١٤دا، کارێکی دروست و یاسایی بوو، نەدەبوو دووبارە پەیمانی نەوتی مووسڵ تازە بکرێتەوە؛ بەڵام ئەگەر نا، کەوا بوو کێڵگە نەوتییەکان، موڵکی کورد بووە و موڵکی کوردە[٢٣] و حاشای لێ ناکرێ.

## دەوری ئەمەریکا لە لۆزاندا

بەڵام، چوار رۆژ پاش کرانەوەی کۆنفرانسی لۆزان لە ٢٥ نۆڤەمبەری ١٩٢٣دا، ئەمەریکا خۆی تێ وەردا و خۆی گەیاندە ناو کۆنفرانسی نەوت – نەوتی مووسڵ– و، لەمە بەدواوە نەوت بوو کە چارەنووسی یۆنانی و کورد و ئەرمەنی چارەڕەشی دیاری دەکرد.

ئەمەریکا کۆنتراتی نەوتی مووسڵی زیندوو کردەوە. لەسەر یاساییبوونی، پێداگریی کرد و پاشان لەسەر بنەمای ئەسڵی "درگای ئاواڵە Open door" داوای بەشی خۆی کرد.

کاتێک ئەمەریکا بەم شێوەیە خۆی لە کۆنفرانسی لۆزان ڕاکرد، تورکەکان کە لە پێشدا ڕایان گەیاندبوو، پابەندی رێککەوتننامەکانی پێش شەڕن و گرێبەستی نەوتی مووسڵ بەیاسایی دەزانن، ئێستا رووی خۆیان وەرچەرخاند و روویان لە ئەمەریکا کرد کە لایان وابوو خوا بۆ یارمەتیدانی ئەوانی ناردووە تا بەرنامە و گەڵاڵەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەوان لەو بوارەدا ناهومێد نەبوون. ئەمەریکا سێ مەسەلەی گرینگی وەک: مەسەلەی ئەرمەنییەکان، مەسەلەی پاراستنی کەمایەتییەکان و هەروەها مافی کاپیتۆلاسیۆنی دایە دەست تورکەکان. کاربەدەستانی تورک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم یارمەتییە گەورەیە، ئیمتیازی نەوتی مووسڵیان بەرەسمی ناسی و ڕێگەیان دا ئەمەریکا بە ئاسانی بێتە ناو بەزم و بازاڕی نەوتی مووسڵ.

ئەمەریکا سەرەنجام چواریەکی نەوتی مووسڵی وەدەست خست، ڕاست ئەو بەشەی کە بەدوایدا دەگەڕا و بۆی چووبووە لۆزان. ئەوەی کە ئەمەریکا بە هاواری هاوپەیمانان گەیشتبوو تا بەسەر دوژمندا زاڵ بن و ئێستا مافی خۆی بوو بەشێک لە نەوتی مووسڵ بستێنێ – ئەگەر نەوت وەک غەرامەتی شەڕ حیسابی لەسەر بکرێ قسەی لەسەر نییە. بەڵام ئەگەر ئەم کارەی بۆ بەرتیلدان بە تورک و لەژێرپێنانی ئەرکە ئەخلاقییەکانی خۆی ئەنجام داوە، مەسەلەیەکە کە پێویستی بەباسکردن نییە.

راستییەکە ئەمەیە کاتێک ئەمەریکا لایەنگریی لە تورکان کرد، هاوپەیمانان بەخۆشحاڵییەوە بۆ تورکەکان شلیان کرد و هەرچی ویستیان پێیان دان و دەستیان لە پشتیوانیی ژێردەستەکانی خۆیان هەڵگرت. بەو یۆنانی و ئەرمەنییانەی مابوون فەرمان درا تورکیا بەجێ بێڵن. مەسەلەی کورد فەرامۆش کرا و پشتگوێ خرا؛ هێڵی سنووری نێوان تورک و ئەرمەنی دیاری نەکرا و کەس بەدوایدا نەچوو.

هاوپەیمانانیش وەک تورک و ئەمەریکا ئەوەی دەیانویست بەدەستیان هێنا. بەریتانیای گەورە سەرپەرشتیی (قیمومت) عێراقی بۆ خۆی مسۆگەر کرد کە ڕێگەی هیندوستان بوو؛ وەک جاران کۆنترۆڵی کەناڵی سوێس و وڵاتی گەورەی بەرهەمهێنانی پەمۆ (لۆکە) لە حەبەشە و بەشێک لە نەوتی مووسڵی وەبەر کەوت. فەرەنسا بەشێک لە نەوتی مووسڵی درایە و لە ڕێگەی سەرپەرشتیی سووریاوە قەدر و حورمەتێکی لە ڕۆهەڵاتی ناوین وەدەست هێنا. ئیتاڵیاش ئیزنی پێ درا دوورگە یۆنانییەکانی دودێکانیز داگیر بکا. ئەو حاتەم بەخشی و ئیمتیازانەی هاوپەیمانان و تورک وەدەستیان هێنا، هەمووی لەسەر ماڵی ئەوانی تر بوو- کورد، ئەرمەنی و یۆنانی. پەیمانی سیڤەر ئاڵوگۆڕ پێ دراو لە دژی ئەم سێ نەتەوەیە پێداچوونەوەی لەسەر کرا. بەبێ حازر بوون و ڕازیبوونی کورد و ئەرمەنی.

## سیاسەتی کەمال بەرانبەر بەکورد پاش لۆزان

کەمال، ئێستا سەربەخۆ بوو تا سیاسەتی پانتوورانیستیی خۆی بەکار بێنێ، تەواوی ئەرمەنی و یۆنانی بێجگە لە ۲۰۰,۰۰۰ کەس دەرکران و پاش ئەوان سەرنجی خۆی بۆ لای ئەوەندە کوردەی مابوون وەرگێڕا تا پیلانی ڕزگارکردنی تورکیا لە غەیرە تورک بەتەواوی بگەیەنێتە سەرەنجامی خۆی.[٢٤]

کەمال هێرشی خۆی لە دژی کوردان ئاوا دەست پێ کرد، لە کوردانی ویست بەتورکی قسە بکەن و سەرپێچی لەم فەرمانە سزای مەرگ بوو، دەیان کەس لە پیاو ماقووڵانی کورد دوور خرانەوە؛ هەزاران ژن و کچی کوردیان

ڕفاند، حکوومەتی ترس و تیرۆر و دڵەڕاوکێ لە هەموو شوێنێک دەستی پێ کرد و سیخوڕ و پیاوکوژی تورک سەریان لە هەموو کون و کاژێرێک ڕادەکرد. بەدیتنی کوشتار و لەناوبردنی خەڵک، بەڕێوەبەرانی کورد کە سووکایەتیی پەیمانی لۆزانیان لە بیر نەبردبووەوە، روویان لە تەنیا لە ڕێگەی شەرەفمەندانە کرد کە بۆیان ئاواڵە بوو– شۆڕش.

## شۆڕشی کورد ١٩٢٥

خەڵکی کوردستان کە وەک جینایەتکار لەلایەن کەمالیستانەوە راو دەکران و تاڵان دەکران، زۆر پیاوانە و بەمەیلەوە بەچەک هەڵگرتن وەڵامیان دایەوە، لەژێر فەرمانی شێخ سەعیدی پیران و تاقمێک ئەفسەرانی قەدیم، ئەرتەشێکی ٥٠,٠٠٠ کەسی پێک هات. عەمباری تەقەمەنی و چەکوچۆڵ لە شوێنی قایمدا دروست کرا و ڕاپەڕینی گشتی بۆ ٢١ی مارسی ١٩٢٥ لەبەرچاو گیرا کە تورکان بەیەکجاری لە کوردستان دەرپەڕێنێ. بەڵام ئەمجاریش بەخت و یەغباڵ لای تورکی بەرنەدا.

تورکەکان کوێرە ئاگەدارییەکیان لەسەر کار و چالاکیی کوردەکان وەدەست هێنابوو، جاسووس و مەعمووره نهێنییەکانیان خەریکی کۆکردنەوەی ئاگەداری بوون. لە رۆژانی سەرەتای مارسی ١٩٢٥، خەباتگێڕێکی نیشتمانپەروەری کورد، کەمتەرخەمی دەکا و، لەگەڵ شێخ سەعید لە ماڵی شێخدا کۆ دەبێتەوە. کاتێک لە ماڵی شێخ دێتە دەر، بێدەنگ و هەرا دەیگرن و راگوێزی ئیدارەی پۆلیسی دەکەن کە هێندێک لەولاتر بوو – دەیخەنە ژێر لێپرسینەوە. ئەو، ئەڵبەتە پێیان دەڵێ کە هیچ ئاگەدارییەکی لە ڕاپەڕینی کوردان نییە و تەنیا بۆ ئەوە چووەتە لای شێخ کە داوای کاری دەرس گوتنەوەی لێ بکا. فەرماندەی تورک، پاش ئەو رووداوە، نامەیەکی پڕ لە حورمەت و میهرەبانی بۆ شێخ دەنێرێ و داوای لێ دەکا بچێتە ستادی ئەو. شێخ کە زانیبووی ئەوەی دیداری لەگەڵ کردووە گیراوە و لە پیلانگێڕی و چەپەڵیی تورکانیش ئاگەدار بوو، بێ ڕاوەستان چەند سەد کەس لە پارێزەران

و پیـاوانی خـۆی کۆ دەکـاتەوە و هەرا هەڵدایسێ، بەم جـۆرە ڕاپەڕین پێش وەعـدە و بەکـاڵ و نـەکـوڵـیـوی لە ٧ی مـارسـی ١٩٢٥دا، دەست پێ دەکـا کـە دەبووایە بەپێی پلان و گەڵاڵە ڕۆژی ٢١ی مارسی ١٩٢٥ دەستی پێ کردبا.

بەدبەختـانە هیچ جۆرە پێوەندییـەکی لاسلکی لەنێو شۆڕشگێڕەکاندا نەبوو؛ هـەواڵی ڕاپەڕینـی شـێخ لە کەناڵی جـۆراوجـۆردا، کـە جێگەی مـتـمـانە نەبوون بەدرەنگەوە بێـرە و بەوێ دەگەیشت، ئەوەش دەرفـەت و مـاوەی دەدا بەتورکان کە هێرشکاری کورد گەمارۆ بدەن و نەهێڵن بگەنەوە یەک.

تورکـــەکـــان لەشـکری نـوێی ئـەرزەڕۆم، لەشـکری هـەشـــتـی ئەرزەنجـــان و لەشکری حـەوتی دیاربەکریان بەگژ کورداندا کـرد. کوردە زەبری گـرچووبڕیان لە دوژمن وەشـانـد و بـەرەو ئورفـا، سـەورک و دیاربـەکر پێشـڕەوییـان کـرد و بەشی باشـووری شاری دیاربەکریان گـرت کە پایـەتەختی کـوردسـتـان بوو. ئەوان بەسـەرکـەوتوویی لە هەمـوو لایەکـەوە پاڵەپەسـتـۆیان دەخـسـتـە سـەر تورکان.(٢٥)

پاشـان، لە ناکـاو، بـەڵایەکی گەورە بۆ کـوردان نازل بوو، هێـزێکی پۆشـتـە و پەرداخـتـی تورک، کـە بە ڕێگە ئاسنەکـانی سـووریادا ڕاگـوێزرابوون (بـەپێی پەیمانـی نێـوان فـرانکلین و بۆیلۆن لە ١٩٢١) لە پشت سـەری کـوردەکـانەوە سـەری وەدەر نا. بەم جـۆرە کورد کـەوتنە نێوان دوو ئاگـرەوە. پلانی ئەوان بۆ ڕاپەڕین لەسـەر پایەی بێلایەنیی ئێران و عێراق و سـووریا کـە زۆر سروشـتی دەهاتە بەرچاو، دامەزرابوو.

کـوردان کە بەو پیـلانەی تورکـان شڵـەژابوون، بێـبـاکـانە شـەڕیان دەکـرد. تورکـەکـان هێـزی تازەیان لە سـیـواس و قـارس و ترابووزانەوە ڕاکـێـشـی بەرەکانی شـەڕ دەکرد. پاش چوار مـانگ پێکدادان کـورد لە شـەڕی ڕووبەڕوو ناهومێد بوو و ڕووی لە شێوەی شەڕی گریلایی کرد کە تا ئێستا بەردەوامە.

لە گـەڕیانی ئـەم شـەڕە نـابەرامـبـەرەدا، تورکـەکان زیانی زۆر گـەورەتریان لەوەی لە تەواوی شـەڕەکـانی دژ بەیۆنانیـیـەکـاندا دیتـبـوویان، وێ کـەوت.

کوژراویان لە٥٠,٠٠٠ کەس تێ پەڕی و خەرج و مەخاریجی ئەو شەڕەش زۆر لە ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ لیرەی تورک زیاتر بوو.

## شۆڕشی کورد و هێزەکانی

هێزەکانی کورد ئەو دەم بەپێی بارودۆخی ناوچەکان بەبارستای جیاواز بەم جۆرە دابەش کرابوون، وەک لەژێرەوە دەیبینن:

| | |
|---|---|
| ئاگری داغ | ٢٠٠٠ کەس |
| دەرسیم | ٥٠٠٠ |
| ساسۆن | ٦٠٠٠ |
| چاپاکئاچان | ٢٠٠٠ |
| وارتان | ٢٠٠٠ |
| مووش- بتلیس | ٤٠٠٠ |
| مەلازگرت | ١٠٠٠ |
| دازیداغ | ١٥٠٠ |
| سیلوان | ١٠٠٠ |
| سەرجەم | ٢٤٥٠٠ |

بێجگە لەم بەشانە کە لە ساڵی ١٩٢٥ەوە تا ئێستا لە باری هێز و ژمارەوە ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک هێنراوە، لە حاڵی حازردا چوار یەک (واحد)ی گەڕۆک (سیار)ی بەهێز، ڕێکوپێک کراوە کە کاریان هێرش و غافڵگیرکردنە.

بەدوای دووبارە ڕێکخستنەوەی پلانی شەڕ، ئەوەڵین هەنگاو ئەوە بوو کە شوێنێک بۆ ستادی فەرماندەیی و دەوڵەتی کورد بدۆزرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئاگری داغ نزیک بەسنوورەکانی ئەرمەنستان و ئێران لە بەرچاو گیرا. سەربازانی کورد بە عەمەلیاتی ئازایانە ئەو ناوچانەیان لە تورک خاوێن

کردەوە و سێسەد گوندی تورکیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و ستادی فەرماندەیی دەوڵەتی کوردیان لەوێ دامەزراند کە تا ئێستا [مەبەست ساڵی ١٩٢٥، وەرگێڕ] هەموو کاروباری ئۆپەراسیۆنەکانی بەڕێوە بردووە و لە ١٩٢٥ەوە تا ئێستا زۆر شەڕی سەرکەوتووانەیان دژی سوپای تورک کردووە.

کەمالیستەکان کە ئازایەتی و خۆڕاگریی کوردان سەری لێ شێواندبوون لە ساڵی ١٩٢٦دا زەبرێکی توندیان لە ئاگری داغ وەشاند کە ستادی فەرماندەیی ئەرتەشی نەتەوەیی کوردی لێ بوو. بەڵام تورکەکان تووشی شکستێکی گەورە هاتن. فەرماندەی تورک و پازدە ئەفسەری ستاد و ٨٠٠ سەرباز بە دیل گیران و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەلاکی سەربازانی تورکیایی لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مابوون. بێجگە لەوانە ٢٠ تۆپ، ٦٦ ڕەشاش، ١٢٠٠ تفەنگ، ٣٠٠ بۆمبهاوێژ و زۆر کەلوپەلی تر کەوتە دەست کوردەکان.

کەمال دووبارە بەختی خۆی تاقی کردەوە و لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩٢٧دا هێرشێکی تازەی بردەوە سەر ئاگری داغ. گوردانێکی پیادەنیزام لە تیپی ٩ی قەفقاز لە ئیگدیرەوە هێرشی هێنا کە لەژێر ئاگری شەڕوانانی کورددا جووقەواریان لێ برا. چوار ئەفسەری کەمالیست، دەیان سەرباز، دوو دەزگا تۆپ، پازدە ڕەشاش و تەقەمەنییەکی زۆر کەوتە دەست کوردان.

٣١ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩٢٨، هێزێکی کورد ڕێگەی نێوان موتکی- بتلیسی گرت. چەند بەتالیونی ئەرتەشی تورک لە مووش، قەرەکلیسی و وان، زوو هەڵیان کوتا سەر کوردەکان. پاش سێ ڕۆژ پێکدادان کە لە دەلیکلیتاش بەردەوام بوو لە گەلیی بیتلیس کوردەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێنا. تورک هەڵاتن و لە گۆڕەپانی شەڕدا ٤٠٠ کەلاکیان بەجێ هێشت کە پازدەیان ئەفسەر بوون. چەند تۆپ و ڕەشاش و چەکی سووک و تەقەمەنیی زۆر دەسکەوتی ئەو شەڕە بوو.

لە چواری فیبرایەری ١٩٢٨دا، ئیسکادرانێک فڕۆکەی شەڕیی تورکیا حەولیان دا ستادی کوردان لە ئاگری داغ بۆمبباران بکەن. دوو فڕۆکە لە لەلایەن سوپای کوردەوە خزانە خوار. ئەوانی تر دەرباز بوون و ئیتر نەهاتنەوە.

ڕۆژی ۲۹ی مارسی ۱۹۲۸، یەکەیەکی کورد لە ناوچەی بایەزیدا کە دەکەوێتە نێوان تاپانلی و کایاموورون، بەگژ گوردانێک لە سوپای تورک داهات، پاش دوو ڕۆژ شەڕی پشووبڕ، تورکەکان تا زەنگی زۆر لە ۱٥ کیلۆمەتریی بایەزید پاشەکشەیان پێ کرا.

ڕۆژی ۳ی سێپتەمبەری ۱۹۲۸، هێزێکی زۆری کورد لە جۆلەمێرگ پارێزگای بایەزید، هەنگێکی جاندرمەی تورکیایی تێک شکاند. والیی بایەزید لە نێویان دابوو. ئێمە ئیعدامان کرد.

دەکرێ بێژین، لە تەواوی ئەم شەڕانەدا، بێ جیاوازیی سەرکەوتن و سەرەتی بەدەست کوردان بوو، لە هەموو ئەم شەڕانەشدا، هەموو کات تورکەکان لە باری ژمارە و چەک و چۆلەوە زۆر لە کوردەکان لەسەرتر بوون.

## کەمال لە تۆڵەی شکستەکانی

## ۱،۰۰۰،۰۰۰ کورد دەکوژرێ یا ڕادەگوێزرێ

کەمالیستەکان کە لە مەیدانی شەڕدا پەیتاپەیتا شکا بوون و ڕقیان لە کورد هەڵگرتبوو، وەک عادەت و زاتی خۆیانە، هەموو ڕق و قینی خۆیان بەسەر ژن و منداڵ و پیاوی بێ تاوانی کورداندا خاڵی کرد.[٢٦]

لە ماوەی زستانی ۱۹۲٦دا، سەربازانی کەمالیست، بەوەحشیگەرییەکی تەواوەوە لەسەر منداڵان و ژنان، ئەوەی لە ئەرمەنییەکان پاش ڕاگوێزتن و کوشتاری ۱۹۱٥ مابوون و ژمارەیان دەگەیشتە ۱،۰۰۰،۰۰۰، لە ماڵ و زێدی خۆ وەدەریان نان.

ئەوجار گورگی تورک کەوتە گیانی کورد. لە نیوەی زستاندا، کە سەرما لەژێر سفر بوو، بە کوێرەڕێگەی ناهەموار و بەردەڵان و کێوپارەدا کە بەفر داپۆشیبوون، ئەم ڕەوە ئینسانییە چارەڕەش و بێ پەنایانە بە نووکی سەرنێزە بەرەو ڕۆئاوای ئاناتۆلی ڕەپێچەک دران، دەیان هەزار کەس لە برسان مردن یا بە سەرما ڕەق هەڵاتن و دەستە دەستە کچ و ژنی لاو بەزۆرەملێ بۆ ناوەندەکانی ئەفسەران و کاربەدەستە سوپاییەکانی تورک

بەرێ کران و ئەوانی تریشیان بۆ کەمالیستەکان بردە ئەنقەرە.

سەدان گوند وێران کران و ئاگریان تێ بەردرا و دانیشتوەکانیان قەڵتوبڕ کران کرد. شێوە کوشتار و جینایەتێکی قێزەونەی کە تەنیا تورک دەتوانێ بیری لێ بکاتەوە و ئەنجامی بدا.

بۆ ئەوەی ڕووناکی بخەمە سەر ئاکار و خەسڵەتی کەمال و شێوەی هێرش و بەربەرەکانێ کە بەسەر گەلی کوردی داسەپاندە، من هەر لەم نووسینەدا لیستی ناوی ئەو گوندانەی کاول کراون، لەگەڵ ژمارەی قوربانییەکانی و ئەو ڕەفتارە دڕندانەی لەگەڵیان کراوە بڵاو دەکەمەوە.

## کورد داوای لێکۆڵینەوەیەکی ناونەتەوەیی دەکا

بەناوی نەتەوەی کورد و بەناوی شارستانەتی و مرۆڤایەتییەوە، خۆیبوون و دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەریتانیای گەورە، فرەنسا، ئیتاڵیا، لە واقیعدا هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بانگهێشتن دەکا کە کۆمیسیۆنێکی ناونەتەوەیی پێک بێنن بۆ ئەوەی لە جینایەت و دڕندەیی و ئاکاری نامرۆڤانیی سوپای تورکە کەمالیستەکان بکۆڵێتەوە و بزانن لە ١٩٢٥ەوە تا ئێستا چییان بەسەر ئەو گەلە بێ پشتیوانەدا هێناوە. ئەو زانیارییانەی کۆمیسیۆن وەدەستی دێنێ بارودۆخی کوردستان و بەرحەقبوونی مەسەلەی کورد و درۆودەلەسە و ڕەفتارە نامرۆڤانییەکانی جینایەتکارانی تورک لەم وڵاتەی کە ناوی کۆماری تورکیای کەمالیستیی لەسەرە، ڕوون دەکاتەوە.(٢٧)

## کوردستان سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێ

لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٧دا، ڕێبەران و سیاسەتوانانی کورد لە هەموو لایەنێکی فیکری و سیاسییەوە، لە دەرەوەی کوردستان کۆنڤانسیۆنێکیان پێک هێنا بۆ ئەوەی پەیمانێکی نەتەوەیی ببەستن و هەنگاوی پێویست بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانیان هەڵبگرن. ئەم کۆنڤانسیۆنە هاوکات ١) خۆیبوونی پێک هێنا

کە گەورەترین ڕێکخراوی نەتەوەییی کورد، یا باشترە بێژین دەوڵەتی کورد بوو. ٢) ئەم دەوڵەتەی بەتەواوی هێز و توانای نەتەوەیی و ناونەتەوەییی ڕازاندەوە.

خۆیبوون، پاش ئەوە، لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٧دا سەربەخۆییی کوردستانی لەسەر بنەمای پەیمانی سیڤەر ڕاگەیاند؛ کورداوا Kurd Ava لە ئاگری داغ وەک پایەتەختی کاتی، کوردستان دیاری کرا و ئەم دەوڵەتە سیاسەتی خۆی بەم چەشنە بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند: کوردستان دۆستایەتی و نیازپاکیی خۆی بەرانبەر بەگەلانی، ئێران، ئەرمەنستان، عێراق و سووریا ڕادەگەیەنێ و نەتەوەی کورد لێبڕاوە بەهەموو هێزەوە لە دژی تورک خەبات بکا– تا ڕۆژێک کە ئەوان بۆ هەتاهەتا خاکی کوردستان، کە ئێستا چەنگیان بەسەردا گرتووە، بەجێ دێڵن.

شەڕی نێوان کورد و تورک درێژەی هەیە – وە درێژەی دەبێ– تا ئەو ڕۆژەی کورد دەگاتە ئامانجی خۆی.

## پێوەندیی کورد و ئەرمەنی

یەکەم ئەرکی خۆیبوون، پاش دامەزران، هەوڵدان بۆ ئاشتی و ئەگەر بگونجێ، هاوکاری لەگەڵ ئەرمەنییەکان بوو.

من بەهەستێکی تێکەڵاو لەگەڵ خەمناکی و ئەمەگناسییەوە باسی پێوەندیی کورد و ئەرمەنی دەنووسم. خەم و ناڕەحەتیم لەبەرئەوەیە کە لەژێر کاریگەریی نفووزی نگریسی تورکدا، ئەرمەنییەکان، لە هێندێک شوێن و دەوراندا، لەلایەن کوردانەوە زەجریان کێشاوە و چەوسێنراونەوە. ئەوەش کە ئێمە ئێستا ڕووداوەکانی ڕابردوومان بەخاک ئەسپاردووە و فەرامۆشمان کردوون، مایەی خۆشحاڵی و سوپاسگوزاریی منە.

زۆرتر لە سێ هەزار ساڵە کورد و ئەرمەنی هاوسێ و هاوماڵن. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا و تا نیوەی سەدەی نۆزدە، پێوەندییان پێکەوە لەسەر بناخەی ڕێز و حورمەت و متمانە و دۆستایەتی دامەزراوە. کورد هەردەم ڕێزی بۆ

شـەرافـەت و شـەهـامـەت و بـەهرەمـەندی و هونەری ئەرمـەنی داناوە و ئافـەرینی پێ گـوتووە و ئەرمـەنـییش هەرگـیز لە بـایەخ پێدان و ڕێزلێنانی شـەرافـەت و ئازایـەتی و سـوارچاکی و نەبـەزیی کـورد غـافڵ نەبـووە. فـۆلکلۆری کـوردی، جـوانتـرین و روونـترین نـیشـانـەی هەسـتی کـوردە بەرانبـەر بەهاوسـێکانی و بەجـوانی ئەوەمـان بۆ بەیان دەکا. ئێـمـە لە ئەفسانە و نـەقڵ و نەزیلە و بەیت و باو (Lore)ی کوردیدا، نەفرەت و بێزاری لە تورک دەبینین. سەرزەنشت و لۆمە بەرامـبـەر بەئێرانی و تووڕەیی و سـووکایەتی بـەعەرەب دەبـینین؛ بەڵام تووشی واژەیـەک دژی ئەرمـــەنی نـابین. پـاش پـەیمانـی پاریس لە ١٨٥٦دا تـورک وەک وڵاتێک هـاتـە ناو بازنەی وڵاتە بەشـارسـتـانەتیـبـووەکان. لەو دەمـەوە، دەوڵەتی تورک تێ کۆشاوە لە نەزانی و ناوشـیـاریی هێندێک لە کورد و چەرکـەسـەکان کـەڵک وەربـگرێ و لە دژی ئـەرمـەنـیـیـەکـان هـانـیـان بدەن.[٢٨] حـەولـدان بۆ گـێـڕانەوەی بەرهـەمی ئەم سـیـاسـەتە تراجـیک و قـێـزەونەی تورک لەسـەر پێوەندیی کورد و ئەرمەنی هیچ سوودێکی نییە. بەتایبەتی بۆ حورمەت و ڕێزی کـورد لە دنیـادا بـەرهـەمـێکی نابێ. بەڕێوەبـەرانی کـورد، تەنانـەت لە سـاڵی ١٩٠٠ەوە لە نـاحـەزی و جـینایـەتبـاربوونی رەفـتـار و ئاکـاری هـێندێک لە هاووڵاتـیـیـانـی خـۆیان ئاگـەدار و بێـزار بـوون و لە دژی راوەسـتـان و ئەو کـەسـانـەیان ئاگـەدار دەکـردەوە کـە بـووبوونە ئـامـرازی دەسـتی تورک. گەورەپیـاوانی کـورد تـێ دەکۆشـان نفـووز و ئیـعتـیبـاری تـورک لەنێو کوردان نەهێڵن. هەوڵ و تەقەلای دوور و درێژ و خۆڕاگریی ئەوان سەرەنجام بەرهـەمی باشی لێ کەوتەوە.

لە ئۆکـتـۆبەری ١٩٢٧دا، خـۆیبـوون، نوێنەری نەتـەوەی کـورد، هـەروەها نوێنەرانی نەتەوەی ئەرمـەنی، تورکیان وەک دوژمنی هـاوبـەشی خۆیان ناسی و یـەکـبـوونی قـازانجی هـەردوولایەن و ئیـرادەی هـاوبـەش بوو بـەهـەوێن و دەروونمایەی ئاشـتـیی گـشـتی لە نێـوانیـاندا. بەبریکاری و نـوێنەرایەتیی نەتەوەی خـۆم، بەنەتـەوەی نەجیب و گـەورەی ئەرمـەنی ڕادەگەیەنم کە ئێـمـە دڵسـۆز و لایەنگر و هاوڕێی ئـەوانین و ڕێزمـان هەیە بۆ ویست و داخـواز و

ویستییە قانوونییەکانیان بۆ سەربەخۆیی ئەرمەنستانی یەکپارچە و یەکگرتوو.

### ئەدا و ئەتواری کەمال دەبێ کۆتاییی پێ بێ

هێندێک لایەنی هۆگر، هەروەها رەنگە هێندێک چاوەدێری بێلایەن، تووشی باری گرانی ئەو وەهم و فریوە بووبن کە مستەفا کەمال بەلاساییکردنەوە و خۆڕێکخستنەکانی، خەریکە بەرەو رۆئاوایی بوون و شارستانەتیی ڕۆئاوا[٢٩] دەڕوا. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کەمال بە بیروڕا و بۆچوونی ڕۆئاوا کایە دەکا کە درێژە بە مانەوەی دەوڵەتە لەقیوەکەی بدا و لایەنگری و دڵسۆزی و پوول و پارەی ڕۆئاواییەکان وەدەست بێنی بۆ ئەوەی بەسەر ئەرمەنستان و کوردستاندا پردێک بەرەو دنیای توورانییەکان لێ بدا. کەمال بەتەواوی پێویستی بە پوول و هێزی مرۆیی هەیە.

بۆ شیکردنەوەی وردی هەڵتۆزهەڵتۆزی مستەفا کەمال، پێویستە سێ خاڵ روون بکەینەوە.

١- تورک لە بنەڕەتدا هەموو کات نەگۆڕ بووە و هەرگیز ناگۆڕێ. هەر ئەوەیە کە هەیە. تینووی خوێنە. درندەیە، بێ ئیمان و بێ بڕوا و درۆزنە و هەرگاڤ هەر وابووە. لە ١٩١٩ بەملاوە، کەمالیستەکان ٦٠٠٠,٠٠٠ کەسیان لە کورد و یۆنانی و ئەرمەنی کوشتووە، راگوێزتووە، دەرکردووە و ماڵ و سامانی بەتاڵان بردوون. دەیان هەزار منداڵ و کچیان وەک کۆیلە و غوڵام لە کەسوکاری خۆیان داپچڕیوە. کەمە نەتەوایەتییەکان کە بەپێی پەیمانی لۆزان یەکسانییان بۆ دەستەبەر کراوە، بەشێوەیەکی رەسمی لە کاری سیاسەت و بازرگانی بێبەش کراون. کەمال ساڵی ١٩٢٧ لێبووردنی گشتیی بۆ کورد ڕاگەیاند، بەڵام ئەوانەی بڕوایان پێ کرد لەو دەمەوە سزای ساویلکەیی و خۆشباوەڕیی خۆیان دەبینن. ساڵی ١٩٢٧ کەمال سەرژمێریی لە تورکیا ئەنجام دا، کە نیشانی دا ژماری دانیشتوانی ئەم وڵاتە سێزدە میلیۆن کەسە. کەمال باش دەزانێ جەماوەری تورکیا ٥,٥٠٠,٠٠٠ کەسە کە لەو ژمارەیەش تەنیا نزیک ٣,٥٠٠,٠٠٠ کەسیان تورکن.[٣٠]

٢- پوولی تورکیا بە پاتی ٧٠,٠٠٠,٠٠٠دۆلار بەراورد کراوە، لە کاتێکدا قەرزی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٣دا هێندێک لە ٩١,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار زۆرتر بوو، هەردووکی ئەم پاتانەش کەس بەرعۆدەیان نییە. خەرج و تێچووی دەوڵەت کە بە ٩٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار بەراورد کراوە ٤٠٪ لە داهاتی واقیعی زۆرترە و نزیکەی نیوەی داهات بۆ ئەرتەش تەرخان دەکرێ. بالانسی بازرگانی، کە وردە وردە لە کزی دەدا، ٥٠٪ بە زیانی تورکیایە. خەڵکی دواکەوتووی نەزان و بێ سەوادی تورکیا کە ئێستا لە ٣,٥٠٠,٠٠٠ کەس تێ ناپەڕن ناتوانن دەوڵەتەکەیان ڕابگرن، ناتوانن لە یەک دوو جیل (نەسل)دا ببنە ڕۆئاوایی، ناتوانن بەپەسندکردن و وەرگرتنی یاسای ڕۆئاوایی، بارستای بەرهەمهێنانی خۆیان زۆر بکەن و ناتوانن وڵاتێکی بەرێژە گەورەی وەک تورکیای کەمالیست، بپارێزن.(٣١) بەکورتی تورک نە ئەو کەسایەتی و لێهاتوویی و نە ئەو سەرچاوانەی هەیە کە بتوانێ بوونی سەربەخۆیی ڕابگرێ. کەمال یا دەبێ سەربەخۆیی تەق و لەقی سیاسیی خۆی لە قەرزان بداتەوە و سەودا و موعامەلەی پێ بکا، یا دەبێ ڕاوەستێ و شەپۆلی ناهومێدی و بێزاریی خەڵک نغرۆ بکا. ژیان و مان و حکوومەتەکەی بە ئەرتەشە برسییەکەیەوە بەندە، بەڵام تا کوێ دەتوانێ ئەم ئەرتەشە بەخێو بکا و پارەی بۆ دابین بکا؟.

٣- بەڵام تورکیا ئەگەر تەنانەت خاوەنی سەرچاوەی دارایی و ئەخلاقییش بێ کە دەسکەوتەکانی پێ ڕابگرێ، ئەو شەش ملیۆن کورد و ئەرمەنییە هەدای پێ نادەن و ناهێڵن بە ئارامی و بێ چەرمەسەرە لە دەسکەوتە ناڕەواکانی کەڵک وەربگرێ. تا زەمانێک کەمال، لەلایەن هێندێک دەوڵەتەوە ئیجازەی سەرکوتکردنی کورد و ئەرمەنیی پێ درابێ، هیچ هیوایەکی نابێ بەوە هەبێ کە بتوانێ ماڵ و حاڵەکەی ڕێکوپێک بکا- شتی وا بە هیچ کلۆجێک مومکین نییە. کەمال، دەبێ لە پێشدا کوردستان و ئەرمەنستان بەجێ بێڵێ. وەرگرتنی فەرهەنگ و ژیانی ڕۆئاوایی درۆیەکی رشقەن و بێ بنەمایە. وەهم و خەیاڵە.(٣٢)

## وتەی کۆتایی

کــورد زۆری پێ خــۆشــە بڕوا بـەبنەمــا و ئوســوولـی ئەخــلاقی و عــەداڵـەتی ناونەتەوەیی، کـە بە زۆر و زەوەندی و پەیتاپەیتا زلهێزەکان باسی لێ دەکەن، بکا، بەڵام ئـەزمـوونی خـۆیان، بەتایبـەتی ئەزمـوونی تاڵی ئـەرمـەنیـیـەکـان و ئەو کارەساتەی بەدەست زلـهێزەکان و هـاوپەیمانان و کۆمـەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەریاندا هات، لەو خۆشباوەڕی و خەیاڵە پڕوپووچەی دەرهێنان.

کوردەکان، ئەڵبەتە، مافی ئەوەیان هەیە لەلایەن زلهێزەکانەوە کە میراتی نەتەوەییی کوردیان لەنێو خـۆیان دابەش کـردووە. داوای قـەرەبووکـردنەوەی زەرەر و زیان بکەن. بەو حاڵەشەوە، لانی کەم تا ئێستا، هیچ داواکارییەکیان لەو زلهێزانە نەکردووە، نە لە باری ئابووری و فیزیکی و نە لە باری لایەنگری و پشتیوانی لە خەبات دژی تورکیادا.

بەهەرحاڵ، ئەوان دەیانەوێ، ئەو نەتەوانەی باسـمان کـردن، ڕێز لە مـافـە ڕەوا نەتەوەییە و سەرزەوینییەکانی کورد بگرن و دژی تورکیا یاریدەن بکەن کە ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە دابین بکرێ. کورد هەرگیزا و هەرگیز هیچ پەیمانێک لەگەڵ یا لە لایەن تورکیاوە بە ڕەسمی ناناسن کە ببێتە هۆی لەدەستچوونی خاکی کوردستان.

نەتەوەی کـورد، ئێستا دەرگیری خەباتێکی هەزار ساڵەن، کـە بوون و مانەوەی نەژادی کورد دیاری دەکا، ئەم نەتەوەیە ئێستاش بڕوای بە هەستی عەدالەتخوازیی میللەتی گەورەی ئەمەریکا هەیە و بەمتمانەوە مەسەلەی خۆی بەویجدان و دادوەریی وڵاتە یەکگرتووەکان دەسپێرێ.

### کۆماری کەمال پاشا لە کردەوەدا

لیستی ناوی هێندێک لەو گوندانەی خاپوور کران، لەگەڵ ڕەفتاری دڕندانەی کەمال و داروودەستەکەی لە ماوەی ڕاگوێزتن و کوشتاری یەک ملیۆن کورد لە زستانی ١٩٢٦– ١٩٢٧دا.

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| بیکیت | ٤٠ | ٢٠٠ |
| هەراق | ٥٠ | ٢٥٠ |
| فەرا | ٣٠ | ١٥٠ |
| باکین[١] | ١٥٠ | ٧٤٨ |
| ماتمور | ١٥ | ٧٥ |
| مەلیکان | ٥٠ | ٢٤٩ |
| جوفتین | ٢٥ | ١٢٠ |
| بارسۆم | ١٣ | ٦٤ |
| مازماز | ٤٠ | ١٩٨ |
| لیمی | ٦٠ | ٢٩٩ |
| تەپەکویی[٢] | ٧٠ | ٣٤٩ |
| جلکەنی | ٤٠ | ٢٠٠ |
| لێردی | ٥٠ | ٢٤٩ |
| درکان | ٣٠ | ١٥٠ |
| جۆمالاک | ٤٠ | ٢٠٠ |
| فیس | ٦٠ | ٢٩٨ |

(١) دانیشتوانی ئەم گوندە لە ئاگردا سووتان، هاکی کوێخانی گوند بەقانگدان و دووکەڵ خنکاندرا .

(٢) خەڵکی ئەم گوندەیان لێک بەست و دایاننە بەر رەگباری رەشاش. تاهیر، کوێخای گوندیان بەدارکاری و فەلاقە کوشت.

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| فتیتیر | ٥٢ | ٢٦٠ |
| چەکلات[١] | ٨٠ | ٣٩٨ |
| هوری | ٣٠ | ١٥٠ |
| رەزا | ٦٠ | ٢٩٢ |
| ئاینگۆل | ١٥ | ٧٥ |
| دایلا[٢] | ٣٠ | ١٤٧ |
| مارکی | ٣٠ | ١٥٠ |
| چێلی[٣] | ١٢٠ | ٥٨٥ |
| لەرکات | ١٥ | ٧٥ |
| گوللی | ١٥ | ٧٥ |
| دزدینی | ١٩ | ٩٥ |
| ئەلەک | ١٥ | ٧٤ |
| بەرمال | ١٠ | ٤٩ |

(١) لە بەرچاوی کاپیتان حیفزی دەستدرێژییان بە نامووسی ١٢ کچ کرد و کاپیتان خۆشی یەک لەوان بوو.

(٢) سێ ژنی سکپڕ زگدران، دوو منداڵی ساوا لە لانکەدا بەدەست، گرووهبان حەسەن خەڵکی ئەنقەرە خنکێندران کە بە پاداشتی ئەم کارە مستەفا کەمال خەلاّتی کرد و پلە و پایەی بەرز کردەوە.

(٣) پێنج پیاوی گەورە و ڕدێن سپی، نەوتیان پێ خواردنەوە، پاشان جلوبەرگیان نەوتاوی کردن و تاقمێک تورکی خوێنخۆر کە مەست بوون بەدەستووری ئەفسەرەکانیان بەمەشخەڵ ئاگریان تێ بەردان.

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| توورزلی[١] | ٣٠ | ١٤٨ |
| سەرجەم | ١,٢٨٤ | ٦,٣٧٣ |

(١) بیست گوندی ئەم مەڵبەندە بە زیاتر لە ١٠٠ ماڵ، بەسووتاندن کاول کران و ٤٩٧٩ کەس لە دانیشتوان کوشتار کران. لەوانە ٢١ کەسیان لە خانەوادەی دنیانی بوون. گوندی مەلیکا ڕزگاری هات.

| ژمارەی قوربانییەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|
| ١٢ | ٤٥ | مەزەرسوحاح |
| ٤ | ١٥ | ئەردیچن |
| ٨ | ١٠ | ئەنیلدان |
| ١٢ | ١٢ | سوتیک |
| ٥٠ | ٨ | کەچکاوەر |
| ١٨ | ٣٠ | کەرلینوس |
| ٣٦ | ٢٥ | چیویسان |
| ١٢ | ٨ | مەرزەقور |
| ١٥٠ | ٣٠٠ | سفان |
| ٧ | ٢٠ | چدنان |
| ١٣ | ١٠ | تویرن |
| ١٢ | ١٥ | کورینی |
| ١٧ | ٣٠ | مرادان |
| ١٣ | ٧ | کرپاس |
| ١٣ | ١٥ | تماق |
| ٣٧ | ١٥ | بوخان |
| ١٣ | ١٠ | موێسکی |
| ١٣ | ٨٠ | کەرزانە |
| ٢٢ | ٣٣ | مەرزەکەبیر |

| ژمارەی قوربانییەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|
| ٢١ | ١٥ | کولن |
| ٢٥ | ٨٠ | جانسور |
| ١٢ | ٢٠ | هات |
| ٢٨ | ٩٠ | وەلیر |
| ٢٠ | ١٥ | سیاهیل |
| ٨٥ | ٢٠٠ | تەربەچوور |
| ٢١ | ٣٢ | چین |
| ٢ | ١٨ | ئەچکەسور |
| ٥ | ١٣ | دەریخۆری |
| ٢ | ١٦ | بازان |
| ٢٣ | ١٨ | ئاراکویل |
| ٢٠ | ٣٠ | ئاراکویل سەگر |
| ١٨ | ٢٠ | عەلی چەپان |
| ١٢ | ١٦ | ئاراکویل یوزارادا |
| ١٤ | ٢١ | قورنیق |
| ٣ | ٢٥ | دوچمالان |
| ٢٠ | ١٩ | تەهیرک |
| ٧٥ | ٥٠ | توارەت |
| ٧٥ | ١٠٠ | مۆدان |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| روجا | ٨٠ | ١٢ |
| چەمینە | ١٥٠ | ١٢ |
| کوپارت | ١٨ | ١١ |
| بورنەق | ١٩ | ١٢ |
| یەهدی پیر | ١٩ | ٢٢ |
| دلهەتان | ١٦ | ١٥ |
| دەرینالی | ٢٨ | ٢٥ |
| ئالیان | ١٦٠ | ٨٩ |
| ئەلفیان | ٥٠ | ٨٠ |
| گوێدامور | ١٦ | ٣٣ |
| مەلاعەبدولا | ٣٠ | ١٦ |
| هەلالان | ١٩ | ١٧ |
| ئەسکی کۆی | ١٦ | ١١ |
| هارابە | ٢٦ | ٩ |
| لاتویر | ٢٠ | ٨ |
| کارتاگ[١] | ٥ | ١٢ |
| سەرجەم | ٢,١٩٧ | ١,٢٧٦ |

(١) حەفتا گوندی ئەم مەڵبەندە بەسووتاندن خاپوور کرا و دانیشتوانەکەیان یا سووتێنران یا بەکۆمەڵ کوژران. ئەوانەی لە ئاگرەکە دەرباز بوون گێڕاندیاننەوە نێو ئاگرەکە و بەزەجرەوە مردن.

| ژمارەی قوربانییەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ناوی گوندەکان |
|---|---|---|
| ٤٠ | ٨٠ | راجین |
| ١٨ | ٢٠ | کەپەلاب |
| ٢٠ | ٣٠ | باربووس |
| ٢٢٠ | ١٥٠ | دالین |
| ١٩٥ | ١٠٠ | نەبل |
| ١٢٠ | ٧٠ | موکری |
| ٦١٣ | ٤٥٠ | سەرجەم |

١- دانیشتوانی ئەم گوندانەی سەرەوە پێش گەیشتنی سوپای تورک پەنایان بردە کێوەکانی دەوروبەر. سوپای تورک گوندەکانی ئەم دەڤەرەیان وێران کرد. پاش ئەوە فەرماندەی تورک، بانگهێشتنی دۆستانەی بۆ کوردەکان نارد کە لە ئالاکامیش کۆ ببنەوە و بەناوی غازی پاشا (مستەفا کەمال؟) بەڵێنی دا و پارەیان بداتێ کە گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام هێشتا پێیان نەنابووە شوێنی کۆبوونەوە کە رەشاش و رەگباری گوللە لێیان وەکار کەوت و کەسیان دەرنەچوو.

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| مەلیکان | ٨٠ | ١٢٢ |
| هەزارچان | ٦٠ | ٨٢ |
| برونجی | ٢٥ | ٦٨ |
| فلێق | ٢٨ | ٤٠ |
| سولاهان | ١٠٠ | ١٥٠ |
| هاربەزەن | ٣٠ | ٨٤ |
| کەکمال | ١٨ | ٥٦ |
| ئازاد | ٣٢ | ٦٤ |
| کێسی | ١٧ | ٤٠ |
| بووکلا | ١٠٠ | ٤٥ |
| گالبی | ٤٠ | ٦٤ |
| مارگیف | ٨ | ١٩ |
| تەرباس | ١٠ | ٤٨ |
| مەلابڕمە | ٢٥ | ٦٤ |
| سەربا | ٥٠ | ٨٠ |
| ئیتقاک | ٢٠ | ٦٤ |
| سەرجەم | ٦٤٣ | ١,٠٩٠ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| کەرهیح | ٣٣ | ٤٠ |
| کەرتوین | ١٠٠ | ٥ |
| ئەربەد | ٤٥ | ٥٠ |
| نیرقیزلو | ١٥ | ٢٠ |
| تەلیاقوب | ١٠ | ٦٢ |
| تەل ماگار | ٢٠ | ١٩ |
| چویچەق | ٥٠ | ٧٢ |
| باکسیان | ٣٠ | ٦٢ |
| گورین | ٣٥ | ١٩ |
| قەڵا | ١٠٠ | ٣٥ |
| سەرجەم | ٤٤٠ | ٣٨٤ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| مارین | ٥٠ | ٥٠ |
| گرنیمینا | ٤٠ | ٧٠ |
| مەرباب | ٤٠ | ١٢ |
| گوندی چوکرۆ | ٤٥ | ٥٠ |
| قەنتەر | ٣٥ | ٢٨ |
| تەلحەسەن | ٣٨ | ٤٠ |
| تەلجیهان | ١٠٢ | ٥٠ |
| ئەزناوەر | ٣٠ | ٢٨ |
| نادیب | ٥٠ | ١٥ |
| هاربێ میچق | ١٥ | ١٩ |
| سیدری | ٢٠ | ١٥ |
| هاربیالی | ١٢٠ | ٨٦ |
| هاربیقیفی | ٣٥ | ١٢ |
| نفاباب | ٢٠ | ٥ |
| ئەبچ | ٣٠ | ٨٠ |
| بامینێم | ٤٠ | ٨٠ |
| قولسورا | ٦٠ | ١٩ |
| قینق | ٢٥ | ٢٨ |
| کولبیکان | ٢٦ | ٢٨ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
| --- | --- | --- |
| چووچانی | ٥٠ | ٢٥ |
| قیوه | ٤٠ | ٦٠ |
| سەرجەم | ٩٠٥ | ٩٠١ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| دەرج لامر | ١٠ | ٢٥ |
| کەرفرێب | ٧٥ | ١٦٠ |
| کارتمین | ١٠ | ٢٩ |
| نەفبادژیرین | ٤٥ | ١٨ |
| تەمەرزی(١) | ٣٠ | ١٩ |
| سوران | ٤٠ | ٥٥ |
| داسکان | ٣٠ | ٦٧ |
| کاکوان | ٢٥ | ٥٦ |
| مید | ٢٠ | ٥٠ |
| ئاینورد | ٣٠ | ٦٧ |
| مەزیزە | ١٢٠ | ٢٢٠ |
| تاقە | ٢٠ | ٥٨ |
| کەفرەزی | ٥٠ | ٧٨ |
| کەمی | ٢٥ | ٤٨ |
| هەبینکا | ١٨ | ٢٨ |
| سەرجەم | ٥٤٨ | ٩٧٨ |

(١) مستەفا بەگ فەرماندەی تیپی چل و یەکەم ئەم ئۆپەراسیۆنەی لە دژی ٤٣٠ گوندی ناوچەی داراهیم بەڕێوە برد، تەواوی خەڵکی ناوچە بێجگە لە ٥٠ کەس کوژران. شاهیدانی چاوەدێر باسی دڵتەزێنترین کارەسات دەکەن کە لەگەڵ کوڕ و کچ و ژن و منداڵان کرا. پاش ئەوەی دەستدرێژییان کرایە سەر، لەت و پەتیان دەکردن و دەیانخستنە ناو گڕە مەشخەڵی ئاگر.

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| تەلسیفان | ٣٥ | ٧١ |
| ستووران | ٤٠ | ٨٠ |
| ئەبدیقان | ٥٠ | ١٠٠ |
| دەلاویکاسری | ٦٠ | ١٠٧ |
| حاجیکویسان | ٣٠ | ٩٠ |
| هارەب میچکی | ٥٠ | ١٢٠ |
| سەرقانی | ٣٠ | ٧٠ |
| هارەب گوزە | ١٥ | ٥٠ |
| هارەب سوسنە | ٢٠ | ٦٠ |
| دیبەق | ٢٥ | ٦٤ |
| دیرونئاگا | ١٠٠ | ١٩٠ |
| مەمکان | ٢٥ | ٥٠ |
| چەیخدر | ٣٠ | ٥٩ |
| باوەرد | ٢٥ | ٦٠ |
| چابوورک | ٢٠ | ٦٥ |
| بانخ | ٣٠ | ٧٥ |
| برنجی | ١٥ | ٣٥ |
| ئەلاکامیچ | ١٢٠ | ٣١٥ |
| سەرجەم | ٧٤٠ | ١,٧٠٦ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| دیرسالیب | ٣٠ | ٦٢ |
| هەرمیس | ٢٠ | ٨٢ |
| چەلیلک(١) | ٢٢ | ٢٨ |
| سەرجەم | ٧٢ | ١٧٢ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| ئازیزا | ٦٥ | ٥ |
| ساهێز | ٤٥ | ٢٢ |
| سەیدان | ٢٥ | ١٥ |
| سیگوی | ٤٠ | ٧ |
| ئیعنۆکی ژۆر | ٤٧ | ١٢ |
| ئیعنۆکی ژیر | ٣٣ | ١٨ |
| دەق | ٥٠ | ٢٩ |
| کۆس | ٢٥ | ١٣ |
| تچانی | ٤٧ | ٩٥ |
| هیزابان | ١٠ | ٩ |
| فاهزان | ٢٥ | ١٢ |
| سەرجەم | ٤١٢ | ٢٣٧ |

(١) ئەحمەد، کەیخودا و چاردە ڕدێن سپی و پیاوماقووڵ بەسەر نێزە کون کون کران و هێشتا نەمردبوون دەستەی سوارە وەسەریان پەڕین و دەژێر پێی ئەسپاندا.

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| کوگنی | ٥٠ | ٢٨ |
| باچمێلۆ | ٤٠ | ٥٠ |
| کارمیچلو | ٣٥ | ٤٠ |
| کورکجی | ١٣ | ٥٨ |
| سەرجەم | ١٣٨ | ١٧٦ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| درهان | ١٠ | ٢٥ |
| نیسار | ١٢ | ١٨ |
| کەسرجزنی | ١٥ | ٢٨ |
| سەرجەم | ٣٧ | ٧١ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|
| کەهموت | ٢٥ | ٥ |
| کاچیر | ١٠ | ٩ |
| کۆف | ٦٣ | ١٦٣ |
| سایر | ١٥ | ٧٥ |
| برویخ | ٢٥ | ٤ |
| گیلدار | ٥ | ٢ |
| سفان | ١٥ | ٢٧ |
| سەرجەم | ١٥٨ | ٢٨٥ |

| ناوی گوندەکان | ژمارەی ماڵی سووتاو | ژمارەی قوربانییەکان |
| --- | --- | --- |
| ئیغنوک | ٢٥ | ٨٠ |
| کرپازار | ٣٠ | ٦٠ |
| کانیکان | ٢٠ | ٤٠ |
| کانیرەچ | ٣٠ | ٥٠ |
| توهلا | ١٥٠ | ١٨٠ |
| جرک | ٦٠ | ٢٨ |
| بورا | ٣٠ | ٤٨ |
| جیبا | ٣٠ | ٦٠ |
| چۆریتیچما | ١٠ | ٢٨ |
| باگجی | ٨٠ | ٤٠ |
| سیرانە | ٥ | ١٥ |
| قەرەبالجیق | ٦٠ | ٨٨ |
| ساقینس | ٦٠ | ٩٢ |
| سەرجەم | ٥٩٠ | ٨٠٩ |

# تورکیا ئەو جۆرەی کە هەیە

هاری. ا. فرانک
ئاگەداریی نووسەر لە کۆواری ئاوتلوک ٢ی
نۆڤەمبەری ١٩٢٧ وەرگیراوە

... من چەند رۆژێک لەمەوبەر لە سەفەری تورکیا گەڕامەوە. وام دانابوو بەرەو رۆهەڵاتی تورکیا بچم و ئەم بەشە بەسەر بکەمەوە. بەڵام ئەم کارە بە ئاسانی دەست نادا، کاتێک داخوازی چوونی ئەرزەرۆمم کرد، دەسبەجێ گوتیان نابێ و داخوازەکەم رەت کرایەوە. من کە پێش ئەوە هەرگیز لە هاتوچۆکانم لە شەست وڵاتدا، کە رەنگە زۆرتریش بن، کەس پێشی پێ نەگرتبووم، هۆی ئەم کارەم پرسی. جوابی من تەنیا ئەوەندە بوو: "بێگانە ئیجازەی نییە بچێتە ئەو هەرێمە." بۆ رۆیشتنی خەرپووت، دیاربەکر، وان و قارس هەر ئەو جوابەیان دامەوە. بەشی ئەوپەڕی رۆهەڵاتی ئاناتۆلی (ئەنادۆڵ)، هەرێمی ئاسیایی کە هەموویان بۆ تورک بەجێ هێشتووە، بە تەواوی بەستراوە و هیچ بێگانەیەک سەر بەهەر چین و توێژێک بێ ئیجازەی پێ نادرێ بەوێدا تێ پەڕێ.

کابرایەکی دژ بە کەمالیستەکان و چەند ئەمەریکایی کە لەمێژ بوو دانیشتووی تورکیا بوون، بەدوور و درێژی هۆی ئەو قەدەخە و قۆرغەیان بۆ باس کردم. باوەکو سانسۆرێک بەرقەرار کرابوو، کە هەرگیز لە وڵاتانی رۆئاوا، تەنانەت لە زەمانی شەڕیشدا، وێنەی نەبیندراوە، ئەم راستییە ئاشکرا بووبوو کە کوشتار و قەتڵوعامی تازە لەو هەرێمانە بۆ ماوەیەک بەرێوە چووە. ئەوجار کوردەکان لە داوی ئەو کوشتارانە کەوتبوون. تورک، بە سروشت، ملهوڕ و زۆردارە؛ دەبێ کەسێکیان دەبەر دەستیدا بێ بەسەریدا بدەن. کاتێک یۆنانی، ئەرمەنی و کریستانەکانی تر خاشەبڕ کران، ئەوجار نۆرەی

لەناوبردنی نەتەوەیەکی هاودینی خۆیان بوو. هەرچەند ڕەنگە بڕوام پێ نەکەن، هۆی کوشتار و قەڵتوبڕی ئەمجارەیان ئەوەیە کە بەعزێک لە کوردەکان ئامادە نەبوون "فێس" لەسەر داکەنن و کڵاوی ئەورووپایی لەسەر بنێن. ئەم کارە (جلوبەرگ گۆڕین) لە باری ئاینییەوە بێ حورمەتی بە دینە. بەم بەهانەیە کوردەکان لەدار دران، راگوێزران و دەست بەسەر ماڵ و داراییياندا- داگیرکردنی ماڵ و دارایی هەردەم هۆی زوڵم و درندەییی ئەوانە- و سەرپێچی لە کڵاو گۆڕین بە شۆڕش لە دژی دەوڵەتی کەمال پاشا لە قەڵەم درا. ئێمە هەواڵی کوشتاری یۆنانی و ئەرمەنیمان دەبیست، ئەوان لە دنیای دەرەدا دۆست و لایەنگریان هەبوو، دەفتەر و ئیدارە و ناوەندگەلێکیان هەبوون کە دنیا لەو کارەساتانەی بەسەریان هاتووە خەبەردار بکەنەوە. کەچی کوردەکان هیچ کام لەوانەیان نییە و وەک شەهیدی خامۆش دەمرن.

زۆرتری میسیۆنە ئاینییە ئەمەریکایی و مەسیحییەکانی تر تورکیایان بەجێ هێشتووە. ئەو چەند مەدرەسە ئاینییەش کە ماون دەبێ ئەو دەرسانە فێری قوتابی بکەن کە دەوڵەتی کەمال دیاری دەکا. دەوڵەت نە تەنیا بەرنامەی سالآنەی مەدرەسەکان دابین دەکا، بگرە جێژن و ڕۆژی پشوودان و دامەزراندنی مامۆستای تورک کە بەتایبەتی دیاری دەکرێن، پاتی مووچەی مامۆستایان، هەمووی بەدەست خۆیەتی و فێرکردن و گوتنی هەر چەشنە بابەتێک کە بۆنی ئاینی لێ بێ قەدەخەیە. تا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت نیشاندانی کتێبی تەورات یا ئینجیل بەشاگردێکی تورک بێ قانوونییە و سزای هەیە. بەڕێوەبەری مەدرەسەکانی تارسووس فەرمانی دا بەمەدرەسەی کوڕانەی ئەمریکایی کە ڕۆژانی یەکشەم مەدرەسە بکەنەوە و بەجێگەی "کتێبی پیرۆز ئینجیل" قورئان دەکار بێنن و خۆیان لەگەڵ دەستووراتی دینی ئیسلام ڕێک بخەن. چەند نەخۆشخانەیەکی ئەم میسیۆنانە لەوێ ماون و کار دەکەن، بەڵام دەخاڵەت و دەستتێوەردانی کاربەدەستانی تورک بێزاری کردوون. زۆرتری ئەو میسیۆنانەی لەوێ ماون بەو هیوایەن ڕۆژێک لە ڕۆژان بارودۆخەکە بگۆڕێ و ئەوان بتوانن دووبارە خزمەت بەو خەڵکە بکەن.

ژنێکی میسیۆنێری ئەمەریکایی لەوێیە کە چەنای چەن ساڵە بەتاکی تەنیا لە بەشی ڕۆهەڵاتی باشووری ئاناتۆلی ماوەتەوە. ئیدارەی میسیۆنەکەی زۆر لەمێژە بەهەموو تواناوە تێ دەکۆشێ ئیجازە وەربگرێ کە کارگەرێکی تر بۆ یارمەتیی ئەو ژنە بنێرێ و لە تەنیایی بێتە دەر، بەڵام هیچ سوودی نەبووە. ڕەنگە ئیزنی بدەن لەوێ بڕوا، بەو مەرجەی ماڵ و سامانی میسیۆن و هی خۆی هەرچی هەیە بۆ دەوڵەت بەجێ بێڵێ. ئەو ژنە دەبێ بەتورکی نامە بنووسێ و بەو حاڵەشەوە لە دە نامە، یەکیان ناگاتە شوێنی مەبەست. پێویست ناکا بێژین کە ئەم ژنە لە شوێنێکە کە هەواڵی کوشتاری کوردەکان دەبیسێ.

نەخۆشخانەیەک لە مارسیوان، بەفەرمانی مستەفا کەمال بەسترا، چون بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە لە شوێنێک کە جاسووسێک گوێی لێ دەبێ، گوتبووی، هەرچەند، کەس لە تورکیا دژی دیموکراسی نییە، بەڵام دیموکراسی بەکوشتار و کاری دیکتاتۆرانە وەدی نایە. پازدە مامۆستای قوتابخانەیەکی میسیۆنی ئەمەریکایی ئیعدام کران چونکە کاربەدەستان لەم مەدرەسەیەدا وێنەیەکیان دۆزییەوە کە تیمێکی فووتباڵی کوڕانەی بە بەرگی شین و سپییەوە (ڕەنگی ئاڵای یۆنانی) تێدا بوو. ئاڵای یۆنان و تورکیاش لەسەریان هەڵکرابوو. ئەم وێنەیە زۆر لەمەوبەر گیرابوو، کاتێک کێبەرکێیەک لەنێو دوو تیمی قوتابیی یۆنانی و تورکی ئەنجام درابوو.

بازرگانەکانیش وەک میسیۆنە ئایینییەکان خەریکن تورکیا بەجێ دێڵن. ئەوان ناتوانن لەگەڵ ئەو مونۆپۆلە تازانەی دەوڵەتی کە بناخەیان لەسەر ساختەچییەتی و دواخستن و شێوەی ناعادلانە و دزی و درۆ دامەزراوە، بەربەرەکانی بکەن. نوێنەری کۆمپانیایەکی گەورەی تووتنی ئێمە چەند مانگە کارخانەی خۆی لەم وڵاتە هێناوەتە دەرەوە، هێشتا ئەم کارەی بۆ ئەنجام نەدراوە. سێ جار کەلوپەلی ئیدارەکەی پێچاوەتەوە بۆ ئەوەی بیانباتە یۆنان کە تورکەکان پێیان کردووەتەوە و پشکنیویانە. ئاخرین جار کە چاوم پێی کەوت هێشتا هیوای ئەوەی نەبوو بتوانێ شتەکانی ڕاگوێزێ. پیاوێکی

ئینگلیزی کە کۆنتراتی باربردنی بە لۆتکەی لەگەڵ زۆربەی ئەو کەشتییانە هەبوو کە دەهاتنە ئەستەنبۆڵ، ساڵێک لەمەوبەر بەزۆر واداریان کرد تەنیا بۆ مۆنۆپۆلی بەندەری (پاوانکاری بەندەری) کار بکا. لەو دەمەوە تا ئێستا یەک پیاستریان نەداوەتێ.

لە زەمانی پێشوودا سوڵتانەکان پاداشتیان دەدا بە نزیکان و خۆشەویستانی خۆیان کە بریتی بوو لە زەویوزاری باش و بێ باج و ئەوانەی دەبوونە خاوەن زەوی هەموو حاسڵ و داهاتەکەیان بۆ خۆیان دەبرد. ئەمڕۆ باج زۆر قورسترە لە زەمانی سوڵتانەکان، ئەو مۆنۆپۆل و پاوانکارییانە بڕستیان لە هەموو کەس بڕیوە و پێشیان بەسوود و قازانجی هەمووان گرتووە. ئەو دەوڵەتەی ئێستا لەسەر کارە و بە رواڵەت کۆمارییە تاقمێکی چەند کەسین کە لە دەوری کەمال کۆ بوونەتەوە. زۆرتری ئەو کەسانە کاری وایان کردووە کە ئەگەر بیشیانەوێ، ناتوانن لە دیکتاتۆر دوور کەونەوە و پێوەندیی لەگەڵ بپسێنن. ئەم کەمالیستە بەنرخانە، مۆنۆپولی زۆربەی ئەو شتانەی زۆر لازم و پێویستن، بەدەست خۆیانەوەیە، هەموو شت بۆ ئەوان پاوان کراوە: خوێ، شەکر، توتن، مەشرووبات، داهاتی بەندەری، رادیۆ، تەنانەت مەلەکردنیش: لە تورکیا مەلەکردن قەدەخەیە، مەگەر ئەوەی بنکەی مەلەکردن ئیزن بدا. ئەویش کاتێک کە پارەیەک بە پاوانکار بدرێ. باربەرە (حەماڵ) فەقیرەکان کە ئێستاش لە ئەستەنبۆڵ و شارەکانی تردا دەبیندرێن، باری زۆر قورسیان بە کۆڵەوەیە و تەنیا بەوە ڕازین نانی وشکیان وەدەست کەوێ. لە کاتێکدا سوودی ئەو کارە کوشندەیان دەچێتە گیرفانی ئەو مفتەخۆرانە کە پاوانکاری بارەبەری (حەماڵی)یان بۆ تەرخان کراوە. لە زەمانی سوڵتانەکاندا ئەم باربەرانە کە (زۆربەیان کورد بوون) دەیانتوانی شتێک بۆ پاشەڕۆژ و پاشەکەوت بکەن و ساڵانی کۆتاییی تەمەنیان بەئاسوودەیی دەژیان.

مرۆڤ نابێ بە رواڵەتی شتەکان لە تورکیای "تازە"دا فریو بخوا. رێژیمی ئێستای تورکیا زۆری پێ خۆشە و بۆی گرینگە بە "پێشکەوتوو" ناوی بەرن؛

نایەوێ لەسەر جینایەت و کارە نارەواکانی رێژیمی پێشوو سەرکۆنە بکرێ. بەڵام پلێنگ بەو ئاسانییە خاڵەکانی ناگۆڕێ کە تورک رووسەری و پێچ و مێزەرەکەی. لەو دەمەوە کە تورکیا شکڵ و قەوارەی خۆی گۆڕیوە، تەنیا بەرواڵەت حکوومەت گۆڕاوە، پروپاگەندەیەکی زۆر بەقازانجی تورکیا یا باشترە بڵێین کەمال پاشا کراوە. کەمال و هاوڕێکانی زۆرباش لە دەروونی رۆئاواییەکان گەیشتوون و وا نیشان دەدەن کە بەرەو دنیای مۆدێرن دەڕۆن و رۆژنامەکانی ئێمەش پڕن لە گوزارشتی بەئەوروپاییبوونی تورکیا و کەسایەتیی بەرچاو و هەڵکەوتەی سوڵتانە تازەکەی کە ناوی "سەرکۆماری" لە خۆی ناوە. بەڵام تورک هەر ئەوەیە کە بوو.

هیچ نیشانە و عەلامەت و بەڵگەیەک لە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و کارساز لەژێر فەرمانی مستەفا کەمال پاشادا کە هێندێک بە فریشتەی ئاسمانییان لە قەڵەم داوە، لە ئارادا نییە. بەڵێ راستە کە ئێستا قوتابخانە لە جاران زۆرتر و باشترن، سەرنجێکی زۆر دەدرێتە لەشساغیی گشتی، ژنهێنان و تەڵاقدان لەسەر هێڵی یاسا ئەوروپاییەکان بەڕێوە دەچێ، چەند هاوسەری بە یاسا پێشی پێ گیراوە و راستە کە تورکیا یاسای مەدەنیی سویسی و یاسای سزادانی ئیتاڵیای پەسند کردووە. بەڵام حکوومەتی رەها و سەرەڕۆی دیکتاتۆر، دیکتاتۆرێکی بێ بەزە و دڕندە، لە ئارادایە و دەسەڵاتی راستەقینەی تورکیای بەدەستەوەیە. گەڕیدەکان کە ٩٠٪ی ئەمەریکایین، لە تورکیا دەگەڕێنەوە پێمان دەڵێن کە چارشێو و ڕووبەند هەڵگیراوە. ئەوە تەنیا لە ئەستەنبۆڵ و ئەنقەرە هەیە و لەنێو خێزانی کاربەدەستانی رەسمیدا بووەتە باو. بەڵام زۆرینەی گەورەی ژنانی ئەم وڵاتە روخساریان داپۆشراوە؛ تورکیای تازە لە هەموو روانگەیەکەوە هەر ئەو وڵاتەیە کە سوڵتانە دواکەوتوو، خوێنخۆرەکان حوکمیان دەکرد.

هەرگیز هەیەجانی قارەمانپەرستی کە بۆ "غازی" (مستەفا کەمال) دەری دەبڕن، وێنەی لە دنیادا نەبینراوە. مستەفا کەمالیان کردووەتە قارەمانی قارەمانان و پێی هەڵدەڵێن. لە هەر ئیدارەیەکی دەوڵەتیدا، لە هەر مەدرەسە و

کلاسیکدا، تەنانەت مەدرەسە ئاینییە بیانییەکانیش دەبێ وێنەی کەمال بەنیشانەی شانازی هەڵواسرابێ. پەیکەری برۆنزیی کەمال لە سەرانسەری وڵاتدا خەریکە قوت دەبێتەوە. ئەگەر ئەو پارەیەی بۆ ئەم مەبەستانە تەرخان دەکرێ بۆ ڕێگەوبان و قوتابخانە خەرج بکرێ. تورکیا بەتەواوی ئاوەدان دەبێتەوە. کاتێک "غازی" (کەمال) هاتە بۆسفۆر بۆ ئەوەی هاوین لە کاخەکانی سوڵتاندا ڕابوێرێ، لە ئەستەنبۆڵ و شارەکانی سەررێگەدا ئەوەندەیان وڵات بۆ ڕازاندبووەوە و تاقی نوسرەتیان بۆ لێ دابوو کە بەپارەکەی دەیانتوانی پایەتەختێکی تازە دروست بکەن. کۆمپانیای کارەبا لە ئەستەنبوڵ لەبەر چراخانی و مەسرەفی زۆری کارەبا بۆ ئەم چەند ڕۆژە ٥٠٪ خەرجی چووەتە سەر. ئەم هەموو پەیکەرە و باقیی کارەکانی مانای ئەوە نییە خۆشەویستی و دڵنیایی لە ئارادایە. کەمال عادەتی لەدادگەدانی کورت و بەپەلە و هەڵواسینی بەیانانی لە فێنکاییی کازیوەدا و کوشتنی ئەوانەی کە زاریان دەکەنەوە و لە دژی ئەو شتێک دەڵێن، جا لە هەر چین و توێژێک بن، وەلا نەناوە و ئەم سیاسەتە ڕواڵەتێکی شادی و ڕەزامەندیی درۆزنانەی داوە بە تورکیا لەژێر حوکمی حاکمێکی تەحسینکراودا. بەڵام موسافیری بەسەبر و حەوسەڵە کە وەخت تەرخان دەکا و هێندێک متمانە وەدەست دێنێ و خەڵک بروای پێ دەکەن، هەموو شتێکی گوێ لێ دەبێ بێجگە لە ڕەزامەندی و خۆشحاڵی لەو دژە کەمالیستە خامۆشانە کە ناوێرن دەنگی ناڕەزایەتی بەئاشکرا هەڵبرن.

لەم کورتە نووسینەدا تەنیا چەند ئیشارەیەک بەو تاوانبارری و سەرەڕۆییانە کە لە تورکیادا ئەنجام دەدرێ، دەکەین. ئەگەر بمانەوێ باسی زۆر شت بکەین دەیان لاپەڕە دەبێ ڕەش بکەینەوە. بێگومان ئەو سێ هۆکارەی لەلایەن ئەوانەی دژایەتییان لەگەڵ ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان کرد، لە جێی خۆیدایە و بەتەواوی دروستە. کەمال بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو زەرەر و زیانەی لە کۆماری ئەرمەنستانی داوە هیچ کارێکی نەکردووە. بەپێچەوانەوە ئەوە تەنگوچەڵەمە دروست دەکا تا ڕێکخراوی رزگاری و یارمەتیی لێقەوماوانی ڕۆهەڵاتی ناوین، نەتوانێ چەند هەزار منداڵی هەتیوی ئەرمەنی

نەجات بدا و پەروەردەیان بكا. مەگەر ئەوەی چەپەكان دەست لە تەبلیغاتی درۆزنانە بۆ توركیا هەڵگرن و لێ بگەڕێن راستییەكان ئاشكرا بن دەنا بەرعۆدەبوونی پاراستنی ئەرمەنی لە توركیادا مومكین نابێ؛ من خۆم حەز دەكەم كاتێك پێوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە نەما خۆم بەچینییەكان بسپێرم نەک بە توركەكان، مەگەر ئەوەی بە كاپیتۆلاسیۆن پابەند بن. ئەو ئەرمەنی و یۆنانییانەی لەدایكبووی توركیان و ئێستا لە ئەمەریكا دەژین ئەگەر بە پاسپۆرتی ئەمەریكایی بگەڕێنەوە توركیا، گیانیان لە مەترسیدایە، من بەچاوی خۆم زۆر مەسیحیم دیوە كە لەپێشدا رەعیەتی توركیا بوون، پاسپۆرتی ئەمەریكاییان لێ دڕ بەدڕ كردوون و پۆلیسی توركیا بەبێ حورمەتی ئیزنی نەداون لە توركیای كەمال پاشا وەدەر كەون. ڕەنگە حیسابدارێكی پسپۆڕ و ئاگەدار بتوانێ لەسەریەک نیشان بدا ئێستا بەبەراورد لەگەڵ زەمانی سوڵتانەكان هێندێک گەشەكردنی زۆرتر رووی داوە. بەڵام توركی ئەمڕۆ و توركیای "تازە" بە هیچ كلۆجێک بۆ ئەوەی نابن ئێمە دەستی دۆستایەتی و لێبووردنیان بۆ درێژ بكەین.

### باری ئابووریی توركیا

بابەتی ژێروو لە كتێبێک وەرگیراوە بەناوی "توركیا". ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن ئیدارەی ئابووریی ئەمەریكاوە بڵاو كراوەتەوە. نووسەری كتێب، جی. بای رۆندال، لە كاتی نووسینیدا سەركونسوڵی ئەمەریكا بووە لە ئەستەنبوڵ.

"لە سەرانسەری توركیادا، ئامرازی سەرەكیی ڕاگوێزتن، برێتین لە عارەبانەی ئەسپ، عارەبانەی كەڵ و گامێش، بارگینی باری، كاروانی گوێدرێژ و كاروانی وشتران....

"گرینگیی شكانی یۆنانییەكان لە سمیرنا كە بوو بەهۆی دەربازبوونی گشتی، نەک هەر سوپای یۆنان، بگرە یۆنانییە خۆجێییەكان و ئەرمەنی و پاشان جوولەكەكانیش، دەتوانین لە پێوەندی لەگەڵ ژمارەی كارخانە و شوێنە بەرهەمهێنەرەكان بخەینە بەر سەرنج. ئەم تێڕوانینە نیشان دەدا كە یۆنانی و

ئەرمەنی و جوولەکە لە ساڵی ١٩١٥دا نزیک بە ٧٥٪ سەرمایە و ٨٥٪ ی هێزی کاری پیشەسازی و سنعاتی تورکیایان بەدەستەوە بووە.

"بەرهەمەکانی ئەمەریکایی کە بازاڕێکی گەرمیان لە تورکیادا هەیە بریتین لە: گەنم، برنج، شەکر، گلۆکۆز، مارگارین، رۆن، بەرهەمە نەوتییەکان، مەکینەی کشتوکاڵی،... هتد.

"هاوردەی ئەمەریکا لە تورکیا بریتین لە: تووتن، هەنجیری سمیرنا، مێوژ و کشمیش، فەرش و مافوور (زۆربەی ئێرانین کە دووبارە دەیاننێرنە دەرەوە.) مووی مەرەز، خوری، گوێز، بەڕوو، گۆشتی ناوڕیخۆڵە ( باسترمە، سۆسیس)، ریشەی مێمووک، تریاک، بەرگن، پێست.

"لەبارەی گرینگیی بازاڕی تورکیا زۆر نووسراوە و گوتراوە، بەڵام ئەگەر بەوردی چاو لەو مەسەلەیە بکەین دەبینین کە ئەو مەودایە زۆر بەرتەسکە و ئەو گرینگییەی نییە. تەواوی دانیشتوانی تورکیا، سەرجەم لە ٧,٥٠٠,٠٠٠ کەس تێ ناپەڕێ و باوەڕ ناکەم کە خەرجیی ساڵانەی تورکیا لە دەرەوە بگاتە ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار.[٣٣]

"بازاڕی بەرهەمەکانی دەرەوە دەکەوێتە شارەکانی قەراخ دەریا و دوو سێ شار و ناوەندی ناوەوەی وڵات کە رێگەی ئاسنیان بۆ دەچێ. بەڵام تەنانەت لەم شوێنانەشدا ڕێژەی کڕیاران کە بیانەوێ کەلوپەلی ئەوروپایی یا ئەمەریکایی بکڕن زۆر کەمە.

"کەوا بوو، کیسە هەڵدروون و پڕوپاگەندەکردن بۆ توانایی بازاڕی تورک بۆ کڕینی کەلوپەل هاوردەکان بەسوودی کەس نییە و لە ڕاستی بەدوورە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە فرۆشتنی ئەم بەرهەمانە لە خودی ئەمەریکادا قازانجی زۆرترە لەوەی هەناردەی تورکیا بکرێن.

"زۆرینەی جەماوەر کە لە ڕوانگەی ئابووری و لە هەمان کاتدا کۆنەپەرستییەوە هاتوونەتە بان، زۆرتر روو لەو شمەک و کەلوپەلە دەکەن کە کۆن و لە کار کراون.

"لەژێر ئەم بارودۆخەدا هەوڵی شێلگیرانەی بازاڕی جیهانیی ئەورووپا بۆ ئەوەی بڕواتە ناو بازاڕەکانی تورکیا "کارێکی ژیرانە نییە.

"بەڵام، وڵاتە ئەورووپاییەکان زۆرتر بۆ ئەوە سەرنجیان بۆ بازاڕی تورکیا ڕاکێشراوە، چونکە دەیانەوێ لەسەر کەشف و دۆزینەوەی نەوت و وزە و، بەکارهێنانی ئۆگر پێرسونێلی تەکنیکی و هێزی کار و سەرمایە وەگەڕ بخەن. ئەوان زۆر گیرۆدە و خوازیاری بازاڕی ناوخۆی تورکیا و جەماوەری موشتەری و کڕیاری ئەم وڵاتە نەبوون.

"وەکو هەموو بوارەکانی تر، بیمەی دەریایی لە دەست بیانیدایە و تا ئەم دواییانەش لە گەشەکردندا بوو. لە حاڵی حازردا ئەویش بەهۆی کەسادی و راوەستانی بازاڕ فەشەل بووە. هاوردە و هەناردەی تورکیا لە هەموو بارێکدا بەجارێک دابەزیوە و تەنیا نێوی هەیە و ناوەڕۆکی نییە.

"بازرگانی تورک بە ئەندازەی هەڤرکە ڕۆئاواییەکەی جێگەی باوەڕ و متمانە نییە. بارودۆخی ئیعتبار و بڕوا پێکراوی لە وڵاتێکی کە هیچ نوێنەر و بریکار و وەکیلێکی کە کاڵا و بازرگانیی بپارێزێ نییە، جێگەی ڕێزگرتن و رەزامەندی نییە.

"تێبینی بەپێی نووسراوەی ڕۆژنامەی Commerce Annuaire de فەرەنسایی ١٩١٣، یۆنانی و ئەرمەنی ٦٦٪ی کاروباری بازرگانییان بەڕێوە دەبرد و بەتایبەتی کاری ناردن و هاوردن بەتەواوی لە دەست ئەواندا بوو. جوولەکە و ژمارەیەک بیانییش لەو کارەدا دەستیان هەبوو.

(سەرنووسیار)

"لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا ئەو دەنگویە بڵاو کراوەتەوە کە ئیمکانی هەیە قەرزی دەوڵەتی (٥٨٦,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار) بەفرۆشتنی کۆشک و کاخی پادشایی و دارایی بنەماڵە گەورەکان بدەنەوە. ئاخۆ ئەوە راستە و ئیمکانی هەیە یا نا، کەس ناتوانێ بەمتمانەوە قسەی لێ بکا. بەهەرحاڵ ئەم قەرزە گەورەیە بارێکی قورس و ترسێنەرە بەسەرشانی تورکیاوە.

"له بەرانبەر ئەو هەموو قەرزانەدا کە دەگاتە ٧٩١/٩٥٨/٨٧٧ دۆلار کۆماری تورکیا هیچ پاشەکەوتێکی زێڕی نییە و ڕەنگە زێڕێکی زۆر کەم لەم وڵاتەدا هەبێت. ئیعتیباری دەوڵەت، ئەگەرچی مەترسیی تێداچوونی لەسەر نییە، بەڵام لە نابوودی دووره، بەو حاڵەشەوە لەگەڵ بێ متمانەییی ئەوانە ڕووبەڕوو بووەتەوە کە قەرز دەدەن بەدەوڵەت. بەکورتیی کەلام ئەم وڵاتە پیشەسازی و سنعاتێکی ئەوتۆی نییە و تەوەری کشتوکاڵیشی لەبەر کۆچکردن و شەڕ و هەرای دە ساڵی رابردوو، لە گرێژەنە چووە. لە ئاکامدا هەرچەند سیاسەتی کەمکردنەوەی هاوردە (واردات) ڕەچاو کراوە بەڵام هاوسەنگیی بازرگانی بەتەواوی دژ بەم سیاسەتەیە.

## وێنەیەک لە تورکیای کەمالی

هێرفیدرۆ، هەواڵنێرێکی ئوتریشی کە تازە (سپتێمبەری ١٩٢٨) لە سەفەرێکی ئاناتۆلی گەڕاوەتەوە، لە ڕاپورتەکەیدا دەڵێ:

"من بەهەموو سووچ و قوژبنی ئاناتۆلی ئاشنام.... کۆنسوولێکی بەریتانییایم هاوڕێ بوو.... ئەوەی لەوێ چاوم پێ کەوت لەگەڵ ئەوەی بیستبووم عەرز و عاسمانی فەرق بوو. من پێم وا بوو تورکیا چووەتە نێو بازنەی گەشەکردن و شارستانەتی. بەڵام بەداخەوە، ئەوەی دیتم وا نەبوو. لە ئەستەنبۆڵ و ئەنقەرە و سمیرنا پیاو نیشانێک لە بزووتنەوەیەکی نوێ هەست پێ دەکا، بەڵام باقیی ناوچەکان هیچ گۆڕانێکیان بەخۆوە نەدیوە. زۆرینەی تورکەکان بەسەری ڕووت دەخولێنەوە و نایانەوێ کڵاو لەسەر بکەن و پێیان گوتم کە لە کاتی خەوتندا "فێس" لەسەر دەکەن. دەمارگرژیی ئاینی وەک جاران بەهێزە.... بەڕێوەبەرانی کەمالیست هیوادارن لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا ئەم بیروڕا و سایکۆلۆجییە بگۆڕن. دیارە، ئەڵبەتە ئەوەش هیوایەکی پووچە، بارودۆخی ئێستا، ئەوەی هەیە، هیچ جێگەی هیواداری نییە. خەڵک بەدەست نەداری و دەستتەنگییەوە دەناڵێنن. بازرگانی بەتەواوی ڕاوەستاوە. پیشەسازی زۆر ساوایە و گەشەی بەخۆوە نەدیوە. شەریکە و کۆمپانیاییەکان

هەمـــوو پارەچک بوون و تێــدا چوون. دەوڵەت بەتایبـــەتی زۆر بێ پارەیە. ئەوروپاییەکان قەرزی نادەنێ. ئەم بارودۆخە هیوابڕە لە حاڵەتی قاتیوقڕیدا خۆی دەرخستووە کە لەپێشدا لە ناوچەی ئیکۆنیم سەری هەڵداوە و هەر ئێستا خەریکە سەرانسەری ئاناتۆلی بگرێتەوە.(٣٤)

## هێرکلۆتزێل هەواڵنێری ڕۆژنامەی بێرلینر تاگبلات،

له کتێبه تازەکەی خۆیدا دەنووسێ:

"..... له قەراغ دەریاوە (ترابووزان) تا ئەرزەڕۆم (١٧٦ مایل) وڵات چۆڵوهۆڵ، پەپووی لێ دەخوێنێ. بێجگە له یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەماندا کەسمان نەدی. (هێرکلۆتزێل به سواریی ئەسپ گەڕاوە) هەرکە پێت لەو ناوچانە نا کە زەمانێک ئەرمەنی تێدا نیشتەجێ بوون بێجگە له وێرانی هیچ شتێک نابینی.

"ئەم کاولکارییه له گەڕیانی شەڕ لەگەڵ رووسیادا کراوە" ئەمە قسەی ئەم موسافیرە تورکانەیە که پیاو تووشیان دەبێ.

بەڵام ئەم قسەیە هیچ بەڕاست ناچێ.

تەواوی بیناکان له کاتی کوشتاری ئەرمەنییەکاندا وێران کران. باپیرت، لەسەر نیوەی ڕێگەی ترابووزان و ئەرزەڕۆم، تەنیا شارێکە کە هێندێک ماڵی بەپێوە ماوە – دوو له سێ بەشی بەتەواوی رووخێنراوە. له ئەرزەڕۆم چەند کاربەدەستێکی رووسیای سۆڤیەتی دەبینرێن!.

ئێستا ئەم شارە تەنیا شوێنێکی ڕۆهەڵاتی تورکیایە کە تورک و هێندێک ئێرانی و عەرەبی تێدا نیشتەجێن. (عەرەبەکان بازرگانن و بۆ سەردان هاتوون). ئەرزەڕۆم پێش شەڕ ٧٠,٠٠٠ نیشتەجێی هەبوو، هێشتا ئەم ژمارە بووەتە ٧٠٠٠ کەس.

هیچ شتێک ترسناکتر و ناحەزتر له دیتنی شارێک نییە کە له ئادەمیزاد و حەیوانات چۆڵ کرابێ. کڵێسا و نوێژگە و گۆڕستانی ئەرمەنییەکان بەتایبەتی کەوتوونەتە بەر کاولکارییەکی وەحشییانە بەدەست تورکەکان.

توركیا بە وێرانکردنی ئاسەواری دوژمنی قەدیمی تورکان، بەمەبەستی خۆی گەیشتووە. بەڵام ئەو سەرزەوینە کە زەمانێک شارستانەتیی تێدا هەبوو، ئێستا بیاوانێکی چۆڵوهۆڵە. "

## سەردانی هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئاخشام

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ئەستەنبۆڵ ئەم هەواڵنێرە دەنووسێ:

مووش ئێستا بریتییە لە کۆگایەک کەلاوەی بەسەریەکدا ڕووخاو... نزیکەی ٣٠٠ ماڵێکی گڵی بەیەکەوە نووساون. دیمەنێکی خەمناک و ناخۆشە: دووکاندارەکان بە درێژاییی ڕۆژ بەلای کەلوپەلی دووکانەکانیانەوە دادەنیشن کە بریتییە لە چەند سەلکە پیاز، کاغەزی سیغار و چەند قوتوو شەمچە و هێندێک کشمیش و برنج، شەقامەکان وەک گۆڕستان چۆڵ و خەڵوەتن: نیشانێک لە ژیان نابیندرێ. (مووش لە ساڵانی پێش شەڕدا ٣٥٠٠٠ کەسی تێدا نیشتەجێ بوون و ئێستا ئەم ژمارەیە بۆ ٢٠٠٠ دابەزیوە.)

وانیش هەروەها بەتەواوی کاول کراوە.

جاران زۆر لۆتکە و کەشتی بەسەر ئەو دەریاچەوە دەهاتن و دەچوون. (دەریاچە ٣٦ کیلۆمەتر درێژە و پاناییشی هەر ئەوەندەیە) ئێستا تەنیا داڵ و سیسارگ بەسەریدا دێن و دەفڕن. تەنیا سێ بینای تەقولەق لە بەندەرەکەدا ماوە. حاکمی شار کە پیاوێکی خەواڵووی خەمگین و کز و لاواز بوو. دەعوەتی کردم چای لەگەڵ بخۆمەوە؛ من هێندێکم خواردەمەنی پێ دا. ئەو پیاوە فەقیرە چەند ڕۆژ بوو خۆراکێکی پاک و خاوێنی نەخواردبوو.

پاشان ئێمە سوار بووین و چەند سەعاتێک بەدەوروبەری دەریاچەدا گەڕاین. وڵاتێکی خاپوور و وێران، بەڕاستی بیاوانێک. سەرەنجام گەیشتینە گوتومبابا وردە وردە شەو داهات و دێهاتییەکان بۆ ڕووناکی داریان دەسووتاند.... (وان پێش شەڕ ٦٥٠٠ دانیشتووی هەبوو، ئێستا کەم بووەتەوە و گەییوەتە ٢٥٠٠ کەس)

## پەراوێزەکانی ئەم کتێبە:

١- ئەمیر (شازادە) سووڕەیا بەدرخان، نەوەی گەورەی شازادە بەدرخانی ئازیزان، ئاخرین دەسەڵاتداری نیوە سەربەخۆی دەوڵەتی کوردی جەزیرە بوو، کە ساڵی ١٨٤٧ تورکیا داگیری کرد. ئەو لە پشتی خالیدی کوڕی وەلید، سەرۆکی عەشیرەی بەنی کوزەیمە، کە محەمەد پێغەمبەر (د.خ) یەکەم جار لە بەرامبەریدا خۆی بۆ ڕانەگیرا و شکستی خوارد. عەبدولعەزیز نەوەی خالید، کە جەزیرەی لە سەدەی حەوتەمدا گرت، لەلایەن عومەرەوە وەک سێیەمین خەلیفەی خانەدانی خالید و میری فەرمانڕەوای ئەو وڵاتەی گرتبووی، دیاری کرا. لەو سەردەمەوە بەبێ پسانەوە، باووباپیرانی بەدرخان تا دەگاتە باپیرەی، بەسەر جزیرەدا فەرمانڕەوا بوون.

سەرنووسیار

٢- لە تورکیای پێش شەڕدا لێژنەگەلی ئاینییە ئەمەریکایی ١٠٤٩ مەدرەسەیان دانابوو یا سەرپەرستییان دەکرد، کە ٥٠,٠٠٠ کەس لەواندا پەروەردە دەکران- لەو دەمەوە تا ئێستا مەدرەسەکان کەم بوونەوە و یازدەیان نەبێ نەماوە کە تەنیا ٢٥٠٠ قوتابییان تێدایە لە ڕابردوودا ئەم مەدرەسانە، لە ڕاستیدا، دامەزراوەی لێژنەی ئەمەریکایی بوون؛ لە باری بەڕێوەبردن و بەرنامەی دەرسییەوە سەربەخۆ بوون و فێرکردنی بابەتی ئاینی (مەسیح) بنەمای کار و بوونیان بوو. بەڵام ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کەمالیستدا یەکجاری بوونەتە تورک و سێکۆلاریزە (دوورەئاین) کراون. ساڵی خوێندن و وەرگرتنی دەستەی مامۆستایان، وەک مەدرەسەی تورکەکان لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێکوپێک کراوە و فێرکردن و گوتنەوەی دەرسی ئاینی یاساغە، ئەم سیاسەتە هەلپەرستانەی لێژنەکان، کار و ئاکاری ئەوانی بردووەتە ئاستی هەڵسووڕانێکی بازرگانی. ئەوان ئێستا هیچ قەدر و حورمەتێکیان لای ئەوانەی وەلایان ناون، یا ئەوانەی

ئێستا خەریکن "ڕوونیان بکەنەوە"، نەماوە.

بارودۆخی لێــژنە ئاینیـــیـەکــانی ئەمـــەریکا زۆر وەک بارودۆخی بـازرگــانە ئەڵمانییەکان لە ژاپۆن دەچێ. پێش کردنەوەی ڕێگەی بازرگانیی ژاپۆن بەهۆی پێری Perryیەوە، بۆ ماوەی چەند سەدە، ئەڵمانییەکان دەبووایە خاچ لەژێر پێی خۆیان بنێن و پێشێلی بکەن و ئیهانەتی پێ بکەن و بەم جۆرە ئیزنی چوونە ناو ژاپۆنیان پێ دەدرا.

سەرنووسیار

٣- حاڵەتی قات و قڕی ئێستا لە ناوچەکانی ئیکۆنیۆم، سیواس، جەزاریا، نگرە و ئەنجەلی بەردەوامە و نەبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی هەڕەشەی قات و قڕی لە هەموو تورکیا دەکا. دەوڵەت کۆمیتەیەکی تایبەتی داناوە کە ئەم بارودۆخە بخەنە ژێر چاوەدێری، ئەگەر بۆشیـان بکرێ، لە شـتی هەرزان و ڕزیو مـەعـجـوونی خۆراکی بۆ جەماوەری برسی ساز بکەن.

سەرنووسیار

٤- باری ئابووری و پوولی لە تورکیـادا تەنگژەییـیـە و بەتوندی بەرەو هەڵدێری فەشەلبوون دەڕوا.

داهاتی دەوڵەت، سەرەڕای باجی زۆرەملێ، تەنیا ٦٠٪ی خەرجییەکان لە سەدی هەزینەکان جێبەجێ دەکا. ئێستاش ئەم وەزعە وەک زەمانی پێش شەڕ وایە، هەرچەند فەلەستین، سووریا، عەرەبستان و میزۆپۆتامیا (نێوان دوو چۆمان عێراق) جیا بوونەتەوە.

دەوڵەت بەهرە و سوود و سرویسی ئیداری و بانکی لەسەر قەرزی جەماوەر ڕاگرتووە و سەرچاوە داراییـیەکانی بۆ کاروباری قەرز و قـۆڵەی بیـانی لەژێر چۆکی خۆی ناوە (ڕێککەوتننامەیەک لەم دواییانەدا ئیمزا کراوە) ساڵی ١٨٨١ تورکیا حاشای لە دانەوەی قەرزەکانی کرد کە دەگەیشتە ١,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار. بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ خاوەن قـەرزەکـان، ئەم قـەرزە کـەم کـرایەوە بۆ ٥٧٣٠٣٦١٧٠ دۆلار و جێبەجێکردنەکەی درا دەست کۆمیتەیەک لە بەشداران بەناوی کـۆمـیـتـەی هەڵسووڕاندنی قـەرزی گشتی و نیشتمانی و هێندێک

سەرچاوەی داهاتی بۆ دیاری کرا.

لە ڕاستیدا تورکیا هیچ کات قەرزی نیشتمانی، تەنانەت بەشێکی کەمیشی چ بیانی چ ناوخۆیی- نەداوەتەوە و زۆربەی قەرزە ناوخۆییەکانی حاشا لێ کردووە و هیچ بەهرەیەکیشی نەداوە بەو پاتەی ماوەتەوە. هاوسەنگبوونیbalance بازرگانی هەردەم بەزەرەری تورکیا بووە. بەپێی نووسراوەی پسپۆڕێکی ماڵی و ئابووری، سامانی گشتی، کە وەک ئەو دەڵێ دەگاتە٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار، لە هەشت ساڵاندا لەو ناتەرازی و نابەرانبەرییە بازرگانییەدا بەو نرخەی کە هەیەتی تەواو دەبێ.

کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت لە ١٩٠٩ەوە تا ١٩٢٤ گەیشتە ١,٦١٥,٥٠٠,٠٠٠ دۆلار کەبەشێکی بەقەرزکردن لە خەڵک درایەوە قەرزی ناوخۆ و دەرەوە- بەشێکی هەر نەدراوە و دەوڵەت دانی پێ داهێنا کە ناتوانێ بیداتەوە.

قەرزی ناوخۆ لێرە وەک وڵاتانی پێشکەوتوو نییە، لێرە پوول چاپ دەکەن و هەڵامسان (تورم) پێک دێنن. ماڵ و موڵکی خەڵکیش داگیر دەکەن.

ئەگەر ئێستا دەوڵەت بیەوێ بودجەی خۆی تەراز و هاوسەنگ بکا، تەنانەت ئەگەر قەرزی جەماوەریش نەداتەوە، دەبێ ئەو ئەرتەش و سپایەی ڕای گرتووە بیکاتە نیوە، یا بەشی کارمەند و سیڤیلەکانی دوو لە سێ کەم بکاتەوە. لە هەردووک حاڵەتاندا، پشێوی و ئاژاوەی ناوخۆ و پاڵەپەستۆی بیانی روو دەدا و ئاکامی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە. بۆ قەرز وەرگرتن لە ئەورووپا. تورکیا دەبێ قەرزی میللیی ناوخۆ بە رەسمی بناسێ و کۆنترۆڵی قەرزی بیانی و ئەوانەی قەرزی پێ دەدەن لەسەر داهاتی خوی قبووڵ بکا.

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، هاوسەنگی (توازن) نامیزانیی بازرگانی بەفرۆشی "سامانی قەدەخە" (ئەو شتانەی دەوڵەت مافی فرۆشتنی نییە)، ماڵ و سامانی مەسیحییە ڕاونراوەکان، سەرمایەی بانکەکان، فرۆشی موڵک و سامانی دەوڵەتی- دارایی سوڵتانەکان و ئەوقاف، هەروەها قەرز و قۆڵەی تر، بەهیوای فرۆشتنی سەرچاوەکانی وڵات، جێبەجێ کراوە.

ئەم ژمارانەی ڕێژە و باری ئابووری و ماڵیی تورکیا

لە حاڵی حازردا نیشان دەدەن

نێوانگینی بازرگانیی پارەی کاغەزی

| | |
|---|---|
| پارەی کاغەز کە لە ١٩١٥ەوە لە چاپ دراوە. بەهای رواڵەتی | ٦٢٨,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار |
| بەهای ئەمڕۆ لە بازاردا پاشەکەوتی زێر یا بەرانبەرەکەی | ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار<br>هیچ |

قەرزی نیشتمانی و گشتی

| | |
|---|---|
| قەرزی بیانی، بەدەوڵەتەکان<br>قەرزی خۆماڵی، بەدابەزاندنەوە | ٥٨٦,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار<br>٢٠٥,٩٥٨,٨٧٧ دۆلار |
| سەرجەم | ٧٩١,٩٥٨,٨٧٧ دۆلار |

| تێچوو (خەرج) | باج | ساڵ |
|---|---|---|
| ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٢٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٩١٣ |
| ٨٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٩٢٣ |
| ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٩٢٤ |

| هاوردە | هەناردە | ساڵ |
|---|---|---|
| ١٩٨,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٠٨,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٩١٢ |
| ٨٧,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ٥١,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار | ١٩٢٣ |

| ساڵ | هەناردەی ئەمەریکا بۆ تورکیا | هاوردەی تورکیا لە ئەمەریکا |
| --- | --- | --- |
| ١٩٢٣ | ٣/٥٠٠/٠٠٠ دۆلار | ١٣/٠٠٨/٠٠٠ دۆلار |
| ١٩٢٦ | ٢/٩٢٧/٩٨٠ دۆلار | ١٦/٨٣٤/٤٦٠ دۆلار |

٥- تورک بۆ یەکەم جار لە سەدەی حەوتەمدا گەیشتنە عەرەبەکان. لە شەڕێکی مێژوویيدا لە نەهاوەند (٦٤٢ز) سوپای عومەر خەلیفەی ئیسلام، کە لە ٣٠,٠٠٠ کەس پێک هاتبوو لەژێر فەرمانی نوعماندا، ئەرتەشی ١٥٠,٠٠٠ نەفەری یەزدگردی پاشای ئێرانی، کە فەرماندەکەی فیروزان بوو، تێک شکاند. پاش ئەو شەڕە تەواوی ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی عەرەب، یەزدگرد چاری نەما و رۆیشتە "مەرو" و داوای یارمەتیی لە ئیمپراتۆری چین کرد. تورکەکان گەیشتنە هاواری و چەند ساڵێک لە ناوچەکانی مەرودا یارمەتییان دا، بەڵام سەرەنجام پاشەکشەیان کرد. ساڵی ١٠٥٥ سوڵتان توغرولی سەلجووقی گەیشتە بەغدا و لەلایەن "قایم" خەلیفەی ئیسلامەوە بەناوی "ئیمپراتۆری رۆهەڵات و رۆئاوا"وە پێشوازیی لێ کرا. توغرول کچی قایمی لە خۆی مارە کرد و بوو بەحاکم و دەسەڵاتداری کاتیی خەلیفە. ساڵی ٥٧٢ خوسرەوی پاشای ئێران بە تۆڵەی ئەو شکستەی فارسیان پادشای رۆم لە سارگاتۆن پێی دابوو، هێرشی بردە سەر ئاپامیا، سووریا و ٢٩٢٠٠٠ کەسی لێ بە دیل گرتن و بەهەزاران کچ و دیلی مەسیحیی بۆ خانی تورک نارد. بەڵام ساڵی ٦٢٦ ئیمپراتۆر هەراکلیوس ئەم تورکانەی وەک هاوپەیمانی خۆی لە دژی سەهربارازی ئێرانی بەکار هێنا و بۆ قەدر زانین لەم هاوکارییە کچی خۆی، ئیپی فاینا، لە ژەبوو خانی تورک مارە کرد. ئەخلاقی ناونەتەوەییی ئەو سەردەمیش لەوەی کە ئێستا هەیە باشتر نەبوو!.

سەرنووسیار

٦- سیلیسی یا سلووکیە کە ناوی خۆی لە سیلوکۆس سەرداری ئەسکەندەری مەقدۆنی وەرگرتووە (پێش زاین ٣٢٣- ٣٣١) وڵاتێک بوو لە رۆهەڵاتی نزیک و ناویندا، سیلوکۆس، زنجیرەی سلووکی دامەزراند و بەسەر ئێران و سووریا و باختەردا فەرمانیان دەرۆیی. لە یەکەم سەدەی پاش زایندا تۆورانییەکان ئەم وڵاتانەیان داگیر کرد.

٧- له زه‌مانی ئیمپراتۆریی ڕۆهه‌لاتیدا (٩٥٩) ئاسیای گچکه (٢٤٠,٠٠٠ مه‌تری چوارگۆشه) جه‌ماوه‌رێکی ٣٢,٠٠٠,٠٠٠ی هه‌بوو. له‌و ده‌مه‌وه که‌م بووه‌ته‌وه و گه‌یشتووه‌ته٣,٠٠٠,٠٠٠.

سه‌رنووسیار

٨- تورکی تورکیا، له بنه‌ڕه‌تدا دواکه‌وتووترین شاخه‌ی نه‌ژادی مه‌غۆلین. ئه‌و تۆره‌مه‌یه له نۆموسڵمان و غولام و کۆیله و ئه‌سیر و ئه‌وانه‌ی به‌زۆره‌ملێ ئاینی خۆیان گۆڕیوه، له هه‌موو نه‌ژاد و قه‌وم و نه‌ته‌وه‌کانی قه‌راغ ده‌ریای مه‌دیته‌رانه و ده‌ریای ڕه‌ش متوربه کراو و ئه‌و تورکه‌ی لێ که‌وته‌وه. هه‌روه‌ها عونسورێکی به قه‌وه‌تی ڕه‌شپێست له به‌رده‌کانی سوودانی و ئه‌فه‌ریقاییی تێکه‌ڵاوی ئه‌م نه‌ژاد بووه. دزی و ڕێگریی ده‌ریایی که بۆ ماوه‌ی چه‌ند سه‌ده و تا نێوه ڕاسته‌کانی سه‌ده‌ی نۆزده‌م له ده‌ست تورکه‌کاندا بوو، دز و درۆزنی دنیای لێره کۆ کردبووه‌وه. پیاوکوژ و ڕێگری زۆر له هه‌موو گۆشه و که‌ناری دنیاوه ده‌هاتنه ئێره. له تێکه‌ڵبوونی ئه‌م وه‌حشی و ڕێگر و جه‌رده و پیاوکوژانه، تورکی ئه‌مڕۆ به‌رهه‌م هاتووه. ئه‌وه‌ی که ئه‌و قه‌ومه خه‌سڵه‌ته کۆنه‌کانی خۆی پاراستووه، له یاسای مه‌نده‌لدا باسی لێ کراوه. زانایه‌ک به‌ناوی مه‌دیسۆن گرانت له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ مرۆڤناسیدا قانوونی مه‌نده‌لی به‌کار هێناوه و ده‌ڵێ: "به‌رهه‌می تێکه‌ڵبوونی دوو ڕه‌گه‌ز له درێژخایه‌ندا، تۆره‌مه‌یه‌کی لێ ده‌که‌وێته‌وه که ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر تیپ و نموونه‌ی په‌ست و دواکه‌وتووی سه‌ره‌تاییی خۆی."

سه‌رنووسیار

٩- ساڵی ١٩١٤، ئه‌نجوومه‌نێک له ئه‌سته‌نبۆڵ پێک هات به‌ناوی "ئه‌نجوومه‌نی وه‌جاغی تورک" که ئه‌نوه‌ر پاشای وه‌زیری شه‌ڕی ئه‌و سه‌رده‌مه ره‌ئیسی بوو و تورکه‌کان له لقی توورانی (مه‌غۆلی) بنه‌ماڵه‌ی به‌شه‌رین، ئامانجی ئه‌م ئه‌نجوومه‌نه به‌رقه‌رارکردنی پێوه‌ندی له نێوان تورکی ئاناتۆلی و قه‌فقاز و ئه‌ودیوی ده‌ریای خه‌زه‌ر و به‌دوایدا دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تێکی تورک بوو که له تراسه‌وه تا ئاسیای ناوه‌ندی ده‌گرێته‌وه.

توورانییه‌کان ژماره‌یان ده‌گاته ١٢,٠٠٠,٠٠٠ که‌س، تورکی تورکیا و باشووری

قەفقاز ٤,٠٠٠,٠٠٠، تارتار، كۆمۆكس، نۆغای لە باكوری ئێران، ڕۆهەڵاتی ئەودیوی قەفقاز، قەراغی ڕۆئاوای باكوری دەریای خەزەر، ناوچەكانی ئۆراڵ و ولْگا، ٤,٠٠٠,٠٠٠؛ باشكیری ئەستراخان و ئۆفا ١,٥٠٠,٠٠٠ كەس؛ توركمانی قەراغی ڕۆهەڵاتی دەریای خەزەر، ئارال، خیوە و باكوری ئێران ١,٢٠٠,٠٠٠ كەس. ئۆزبەكی بوخارا و تاشكەند و پامیر، سنووری باكوری هیندوستان و ڕۆئاوای چین ٣,٥٠٠,٠٠٠ كەس؛ قرقیزی توركستانی باكوری٥,٠٠٠,٠٠٠ و كاشگارلاكی و تارانچی ڕۆئاوای چین١,٥٠٠,٠٠٠ كەس.

هەموو ئەم تیرانە دەچنەوە سەر بنەچەكەی تووراني؛ بەزاراوەی جۆراوجۆری هاوبەش قسە دەكەن و هەمووشیان موسڵمانن.

خەون و خەیاڵی ئیمپراتۆری تووراني، سیاسەتی سەرەكی و داڕژاوی كەمالیستەكانە و بۆ ئەوان مەسەلەی مەرگ و ژیانە. بەكرێگیراوانی كەمالی، جاسووس، ئەفسەر، سیاسەتوان و تاقمی جۆراوجۆر، هەر ئێستە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لەنێو تورك و تاتاری ئێرانی و قەفقاز و ئەرمەنستان و رووسیادا خەریكی كار و چالاكین. كەمالیستەكان چەكوچۆڵ بۆ ئەو تاتارانە دەنێرن؛ بۆ ڕۆژێك كە "خەباتگێڕی" تورك بۆ ڕزگاریی برا توركەكان دێتە گۆڕەپانی خەبات. بۆ وەڕاست گەڕانی ئەم ئامانجە دەبێ كورد و ئەرمەنی لەسەر ڕێگادا نەمێنن و ئێران و رووسیا و بەریتانیای گەورەش تەسلیم بن.

سەرنووسیار

١٠- حزبە سیاسییەكانی تورك چووك و بێ دەسەڵاتن و لە چەند تاقم و كەسانێك پێك هاتوون. بەبیروڕای ئێمە ئەوانە حزب نین. حزبەكەی كەمال، حزبی گشتی یا نەتەوەیی، لە ژمارەیەك ئەفسەر و كاربەدەست پێك هاتووە كە پێشان لە كۆمیتەی یەكەتی و پێشكەوتندا هاوكارییان دەكرد و ئێستا بەگشتی پێیان دەگوترێ "توركانی گەنج".

١١- بەشی زۆری ئەدەبیات، لەمەڕ مێژووی كەونارای فارس، ئەرمەنی و كورد، لەسەر ئەفسانە و بۆچوونی غەڵەتی كتێبە پیرۆزەكان دامەزراوە. بەشی زۆری

ئەم بەهەڵەداچوونە، بۆ ئەنجـــوومـــەنە بەپەلە دامـــەزراوەکـــان و گـــەلاڵە جـوگرافـیـاییـیـەکـانـیـان لـە پێـوەندی لەگـەڵ ڕەگـەز و زباندا دەگـەڕێتـەوە. پرۆفـیسـۆرێکی هەڵکەوتەی مێـژوو، لە کتـێبـێکی ئەم دواییـانەی خـۆیدا باسی سەرکەوتنی ماردۆنیـۆسی پارسی بەسـەر پۆسانیۆسـی ئیسپـارتیدا، لە شـوێنێک بەناوی پلاتۆیا دەکا، لە ٤٧٩ی پێش زایندا و ئەوەی بە "یەکەمـین هێرشی ئاسیا بۆ سەر ئەوروپا" لە قەڵەم داوە. بەڵام هەم ماردۆنیۆس و هەم پۆسانیۆس ئاریایی بوون و بەزبانێکی هاوبەش قسەیان دەکرد. ئێمە ئێستاش بەبەڵگە و شاهیدی ئاڵۆز و پەرش و بـڵاوی خـەیاڵی و گـریمانکراو بەسـتـراوینەتەوە بۆ حـاڵیـبـوون و ناسینی دەورانێکی تەماوی و لەسـەر ئەم شاهید و بەڵگانە کە جێی متمـانە نین، مـێـژوو دەنووسـینەوە. زۆربەی ئەو شـتـانەی ئێـسـتـا دەیزانین، بێگومـان دەبێ دووبارە بخـوێندرێنەوە و ئەگەر هەمـووشی پێداچوونەوەی نەوێ دەبێ زۆر بەشی تایبەتی لەژێر ڕووناکیی لێکۆڵینەوە و کەشـفـەکانـی ئەمڕۆدا مـروور بکرێتـەوە و هەڵەبڕ بکرێن.

لە کـۆتاییی "دەورەی بەردین"دا وێ دەچێ لـە دەشـتـە هەراوەکـانی ڕۆژهـەڵاتی ئەوروپادا لە نێوان چۆمەکانی ویستۆلا و ولگادا هەمـوو هیندوئەوروپاییـیەکان وەک گـەلێکی یەکپـارچە نیشـتـەجێ بووبن. ... پێش ئەوەی گـرنگی مـێـژوو لە سـەران بدا، ئەو گەلە یەکگرتووە لێک جیـابوونەوە و بـەچەند دەسـتـە و جـەمـاوەر دابەش بوون... (بیندر Bender)

ئێمـە ئێسـتـا دەزانین کـە ئەم مـەڵبـەندانەی فـارس، ئەرمـەنسـتـانی باکوری و کوردسـتـان لە ٦٠٠٠ سـاڵی پێش زاینەوە ئاوەدان بوون و مـاد (فـارس) و قـەومـە جۆراوجـۆرەکـانی ئەو سـەردەمی تێـدا نیشـتـەجێ بـوون کـە زۆربەیان وردە وردە تێکدا توانەوە و دەوڵـەتی هاوبەش (کۆنفیـدراتیو)یان دامـەزراند و لە ئاراراتەوە، لە ڕۆژهەڵات، تا چیاکانی ئامـانووس، لە ڕۆژئاوایان خستە ژێر دەسەڵاتی خـۆیان، لەوانە سومێرییەکان یا ئۆرارتو یا ئاراروو ، پاشان ئەرمەنییەکان لە دەورووبەری دەریاچەی وان نیـشـتـەجێ بوون، ئەوجـار ئاکـادی و گـۆتۆ و پاشـان کـورد یا گوردۆیین بـوون کە باکوری مـیزۆپۆتامیـایان لە دەورووبەری مووسـڵ، باشـووری ئۆرارتوو (ئۆراردوو)، داگرت. هـیـتـیـیـەکـان باریکانیکیـان لە ڕۆژئاوای ئەکـەد و ئۆرارتوو بەدەسـتـەوە بوو. ئەوانە هـەمـووی ئارییایـی ئاڵپـی بوون، بێـجگە لە

هیتییەکان کە نەئاریان (غەیرە ئاریایی) بوون. هەمووشیان بەشێوەزارە جۆراوجۆرە ئاریاییەکان قسەیان دەکرد. ئەم زبانانە تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕیان بەسەر هات و لە گرێژە نەچوون، بەڵام لە بەرانبەر هجووم و زاڵبوونی بێگانە و ڕووداوەکانی تردا ئەسڵ و ریشەی هاوبەشیان پاراست.

ئاریانەکان، کە لەو دەمەدا ناویان سیمری بوو، دەوروبەری هەزاری پێش زاین گەیشتنە باشووری قەفقاز، کوروش ئەوانی تێک شکاند، لە ٥٣٨ی پێش زایندا ئیمپراتۆری ماد هێرشی بۆ بردن و لە ٢٢٦ زاینیدا لەژێر فەرمانی ئەردەشێردا ئەوانە ئیمپراتۆری پارتییان لەناو برد کە لە ٢٥٠ی پێش زاینەوە دامەزرابوو. بەم جۆرە مادەکان و پارتەکان زۆربەیان لەگەڵ فارسەکان تێکەڵ بوون و زبانی ئەوانیان وەرگرت. پارتییەکان، زۆرتر وەک غەیرە ئاریایی دەچوون. لە زەمانی پارتییەکاندا چەند دەستە سیزیان Seythians و توتۆنیک Teutonic و ئالان هاتنە قەفقاز، بەڵام هیچ هەواڵێکمان لە هاتنی توورانییەکان تا تێداچوونی دەوڵەتی سەلجووقی باختەر لە سەدەی یەکەمی پاش زایندا، پێ نەگەیشتووە. هەروەها زمان و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئاریانە جیرانەکان پارتی دەباتە ریزی بنەماڵەی ئاریایی. تیرداد شای ئەرمەنستان و سنت گریگۆری کە بوو بەپێشەوای ئاینی ئەرمەنستان و گەلێک لە جێنشینەکانی دوایی هەمووی لە بنەچەکەی پارتی بوون. وێکچوونی ئاشکرا و داوونەریت پێمان دەسەلمێنێ کە تۆرەمەیەکی غەیرە ئاریایی لە ئارادا نەبووە.

نیشتمانی کورد یا گوتوو، کودوو یا ئەکەد، باکوری میزۆپۆتامیا یا باشووری ئۆرارتوو بوو کە لە ڕۆهەڵاتەوە بە ماد و لە ڕۆئاواوە بە وڵاتی هیتییەوە نووسابوو. کورد بە نەژاد و بە زمان لەگەڵ جیرانان پێوەندییان هەیە. هەڵوەشانی دەوڵەتی هیتی (٨٠٠ – ١٢٠٠ پێش زاین) بەدەست ئاسووری و فریگی Phrygians هۆکارێک بوو بۆ تێکەڵبوونی جەماوەرێکی زۆری هیتی لەگەڵ کوردان لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوری ڕۆئاوای سووریا و ئێمە لەسەر ئەم مەبەستە بەڵگەی زیندوومان هەیە. لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا تەواوی ئەم مەڵبەندانە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پارتییەکان، کە زمانی خۆیان پەهلەوی– کە لە فارسەکانیان وەرگرتبوو، بەسەر زۆربەی کوردەکاندا سەپاند. بەڵام ئەو کوردانەی کە پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ هێرشکارانی فارس پەیدا کردبوو،

زاراوەیەکیان بەکار دەهێنا کە زۆر لە (سانسکریتی)ی هیندی نزیک بوو. ئەوانی مابوونەوە، بەرەو ڕۆئاوادا، زاراوەیەکی نزیک لە ئەرمەنییان وەرگرت. لەوێوە سێ زاراوەی گرینگی، کرمانجی، بابان، زازا بەجێ ماون. زمانی سانسکریت لەلایەن هێرشکارانی ئاریاییەوە گەیشتە هیندوستان ئەو کارە بەدەست سەکاییەکان لە ١٢٠٠ی پێش زایندا ئەنجام درا و پاشان شکڵی نووسراوی بەخۆیەوە گرت و کتێبی وێدا Veda بە شیعر لە دەوروبەری ٣٠٠ی پێش زایندا بەو ڕێنووسە نووسراوەتەوە. ناوی "سانسکریت" واژەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەشی ساکای Sacae و کر Kir یا کرل Krel بەمانای "نووسراو بەزبانی ساکای" پێک هاتووە.

لە سەدەی دەیەمی پێش زایندا، هاوکات لەگەڵ هێرشی سیمێرییەکان بۆ سەر ئاسیای گچکە، جەماوەرێکی ئاریایی لە باشووری ڕۆهەڵاتی ئەوروپاوە، خزم و تۆرەمەی فریگی و ئاخایی Achaeans، ئەولاد و تۆرەمەی هێلێنی، کە یۆنان و کەنارەکانی دەریای ئێژە لە ئاسیای گچکەیان گرتبوو، لە هێلێسپۆنت Hel-lespont هێرۆدوت، پلونیۆس، دێمۆرگان) تێ پەڕین: گەیشتنە کاپادۆسیا لە داوێنی چیای ئارگۆس لە سەدەی هەشتەمدا و وڵاتی هاد Had یان داگیر کرد و لە جساریە Cesarea دانیشتن. (لەو دەمەوە ناوی های Hai یا High، لە زبانی ئەرمەنیدا ناوێکی نەژادەکەیانە) ئەم شوێنە فریکییەکان لە سەدەی دوازدەی پێش زایندا ئاوەدانیان کردبووەوە و لە دەست هیتییەکانیان هێنابووە دەرێ و لە سەدەی حەوتەمدا فەرمانڕەوایی خۆیان گەیاندە وڵاتە بەرز و شاخاوییەکان. لێرە لە ٥٨٠ی پێش زایندا کۆنفیدراسیۆنی حەوت دەوڵەتی ئۆرارتوو یا سۆمیر (سۆمەر)یان تێک دا و خۆیان لەگەڵ جەماوەری خەڵک تێکەڵ بوون. لەقەب و ناوی، لانی کەم ٤٠ بنەماڵەی گەورە و نەجیب لە ئورارتووییەکان یەک بەدوای یەکدا تا دەوری مەسیحی لەلایەن بنەماڵە گەورە و شازادەکانی هەرمەنی پارێزرابوون، ئیمپراتۆر تێئۆفیلووس Theophilus فەرمانڕەوای بیزانس، تئۆدۆر مارینووسی کە ئەرمەنییەکی رۆمانزادە لە بنەماڵەی ئەرمەنی مامی کۆنیان بوو، وەک شەریک و هاوبەش بۆ خۆی دیاری کرد. فۆرد ( Foord). لە بیرمان بێ کە لە بیزانسدا، دە ئیمپراتۆر، دوو شاژن و دوو جێنشینی پاشا (لە نێوان ٥٢٨ تا ١٠٥٦) لە رەگەزی ئەرمەنی بوون.

لە ئێرانی سەدەی شەشەمدا و لە نووسراوەکانی میخی (بزماری)

هەخامەنیشیدا ئەم سەرزەوینە بە ئەرمینا Ar-mina و لەوێوە ئەرمەنیا ناوی هاتووە. تیگرانی یەکەم فەرمانڕەوای ئەرمەنیا لەگەڵ کوروش لە ٥٢٥–٥٣٥ی پێش زایندا پەیمانی دۆستایەتیی بەست. "ئار" Ar و مینا Mina دوو واژەی سۆمێرین و بەمانای وڵاتی ئاریان بەکار کراون. بەزمانی ئەرمەنی "ئار" یانی "کار" و "ئافراندن"؛ "ود" یا "ئۆد" بەمانای "پێ" و "دوو" یانی "دراو– پێدراو". لەسەر ئەم بنەمایە ئارارات مانای پێگەی ئافرێنەرە (پێگەی خوا)؛ ئۆراردوو Ur-ar-du شتێک کە خوا داویەتی. ئەرمینا ڕەنگە ناوێکی لێکدراو بێ، بەشی ئاخرییەکەی (مینی) رەنگە ناوی یەکێک لە دەوڵەتەکانی کۆنفیدراسیۆنی ئۆرارتوو بێ. یا ڕەنگە ناوێکی نەژادی لە تراسیانە Thracians هێرشکەرەکان بێ کە شارێکیان بەناوی ئارمینیۆم لە تراسدا هەبوو. پاشان کە بەرەو ڕۆهەڵات پێشڕەوییان کرد لە ناوچەی بیتانیا Bithania چیایەکیان ناو نا ئۆرمینیووس Orminius و لە ناوچەی هالیس یا ڕووباری قزل ناوی شارێکیان کردە ئەرمێنۆن Armenon کە ئێستا پێی دەڵێن ئاکلیمان، لەمەڕ زمانی ئەرمەنی پرۆفیسۆر بێندر Bender پێمان دەڵێ. ... "مرۆڤناسی ئەڵمانی هێنریش هابشمان Hein-rich Hubschmann ڕوونی کردووەتەوە کە زمانی ئەرمەنی زمانێکی هیندوئەورووپاییە، لە بنەماڵەی ئەو زمانانەیە کە ئینگلیزیش یەکێکە لەوان..."

نەژادی ئەرمەنی وەک ئەڵمانیی باشوور، فرەنسای ناوەندی، ئیتاڵیایی باکور ئەڵمانی ئوتریشی، زۆربەی رووسەکان، رۆمانی و یۆنانی و ئاڵپی لە نەژادی سپی پێک هاتوون (گرانت).

ماکی پێکهێنەری سێ نەژادی بەرباس برێتین لە: فارس، ماد، سیمێری و زۆربەی پارتییەکان، سامی (ئاشووری و بابلی)، هێندێک یۆنانی (خەڵکی مەقدۆنیەی دەورەی سلووکی سەدەی چوارەمی پێش زاین) بەدەگمەن ئەرمەنی و کورد. ئەرمەنی تراسی و فریکی، ئۆرارتوو یا سۆمێری و بەدەگمەن مادی و هێندێک پارتی، سیمێری و یۆنانی و لاتین. (لە دەورەی پاشایەتیی سیلیسیدا– ١٣٧٥ –١٠٨٠ پاش زاین. کورد، ئەکەد، هێندێک سیمێری، ماد، پارتی و بەدەگمەن هیتی).

گورجییەکان، کە ریشەی زمانەکەیان دەچێتەوە سەر ئۆرارتوو، ڕەنگە لە تۆرەمەی ئۆرارتوو بن، کە تراسیانە هێرشکەرەکان بەرەو چۆمی چۆرووک

راویان نان؛ ئۆسیتەکان کە بەزمانێکی وەک ئەرمەنی قسە دەکەن، پاشماوەی قەومی ئۆتۆنیکی ئالانن و لازەکانی داوێنە چیاکانی بارکار کە سیما و زمان و داوونەریتیان دەیانباتەوە سەر ئۆرارتوو یا قەومە هێرشکەرەکانی باکوری لە قەراخ دەریا، هەر لەو بنەچەکەن.

مادیسن گرانت دەڵێ: ئەم "ئاڵپی ئەرمەنۆیدانە" (سومێری، ماد، ئەکەد) ڕەنگە زمانی ئاریانیان داهێنابێ و گەشەیان پێ دابێ و لە ۳۰۰۰ی پێش زایندا ئەم زمانە و زانستی کەڵک وەرگرتن لە برۆنزیان بە ئەوروپا ناساندبێ. هەم زمان و هەم فەرهەنگی فیکریی خۆیان فێری نۆردیکەکان کردووە؛ ئەوانە لە گەشەپێدانی شارستانەتیی جیهانیدا زۆر چاک بوون. هەر ئەوانە بوون کە پێشکەوتن و فەرهەنگی ئاسیایان گەیاندە ئەوروپا. ئەوانە زانستی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و باڵندە ڕاگرتنیان بە ڕەوەند و ڕاوکەرەکانی ئەوروپا فێر کرد...."

بەڵگەنامەی پەرش و بڵاو و زانیاریی لێرە و لەوێ، ئیشارە بەم بۆچوونانە دەکەن: لە چەرخی دووەمی "دەوری بەرد"دا ئارییاییەکان هێندێک بەرەو ڕۆهەڵات و بەشێک بەرەو ڕۆئاوا وەڕێ کەوتن و مەکۆی سەرەکییان لە ڕۆهەڵات بناری ئارارات بوو. ئەوەش لە رووی ئەم ئامراز و کەل وپەلانەوە دەزانین کە لەم ناوچە و لە ئەوروپای ڕۆئاوای و ناوەندا دۆزراونەتەوە؛ ڕەوتی ئەم تێپەڕینە لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ ڕۆئاواوە دەگەڕێتەوە بۆ لانی کەم ۳۰۰۰ ساڵ، پێچەوانەکەشی لە ڕۆئاواوە بۆ ڕۆهەڵات، ئەو جۆرەی ناساندنی فەرهەنگی کانزا لەلایەن ئاڵپنشینەکانەوە بۆ ڕۆئاوا پێمان دەڵێ؛ بەدوای لەناوچوونی شارستانەتیی چین لە ۷۰۰۰ی پێش زایندا، کە ڕەنگە گەیشتبێتە میزۆپۆتامیا، ناوچەی ئارارات بوو بە بنکەی درەوشانەوەی فەرهەنگی ئاڵپی- ئاریانی و پاشان شارستانەتیی میسر و بابل و ئاشووری لێ کەوتەوە.

داستانی باخی عەدەن کە بە چوار چۆمی تایبەت ئاو دەدرا، گەیشتە ناوەندی ئەم وڵاتە ئاڵپییە و ڕەنگە ئەم ئەفسانەیە ڕەمزێک بێ کە ئیشارە بەیەکەم پێگەی ئینسان و سەرهەڵدانی شارستانەتی بکا. بانگەوازی یەرمیا بۆ پاشاکانی ئارارات، مێنی و ئاشینێز (ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی ئۆرارتوو)... وە پاشایانی ماد لە دژی بابل و پێکهاتنی هاوپەیمانی لە نێوان کوروشی پارسی مادی (۵۳۸ پێش زاین و تیگرانی ئەرمەنی کە بوو بەهۆی ڕزگاربوونی دیلەکانی جوولەکە

پاش ٧٠ ساڵ دیلی و دەستبەسەری، رووناکیی زۆرتر دەخاتە سەر باری فیکری و زەینیی ئەو ئەفسانەیە، لەمەڕ شارستانەتییەک کە لە نێوان ئارارات و باکوری میزۆپۆتامیادا پەرەی گرت و گەشەی کرد. داستانی کەشتی و تۆفانیش لەم پێوەندییەدا ئاماژەیەکی ماقووڵە. ئەم داستانە وێناکردنی کۆچباربوونی نووح نیشان دەدا کە ٤٠ ڕۆژی لە بیاوانەکانی ئاراراتدا پێ چوو؛ هەروەها حەوت مانگ ئاوارەیی لە سەرزەمینی ماڵی داهاتوویدا نیشان دەدا، پێش ئەوەی شوێنێک بۆ نیشتەجێبوونی کاروانەکەی بدۆزێتەوە. هەروەها بارودۆخی قاتوقڕی و تاعوون، کە ١٥٠ ڕۆژ درێژەی هەبوو و ئەو وڵاتەی دافەتاندبوو کە جێی هێشتبوو، وێنا دەکا. نوکتەی سەرنجڕاکێش لە داستانی کەشتیدا ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا لە مەڵبەندی ئارارات شارستانییەکی تا ڕادەیەک پێشکەوتوو لە ئارادا بووە. بەداخەوە بەشی زۆری بەڵگە و ئاسەواری ئەو سەردەمە لە بن عەرزدا ماوەتەوە و مەڵبەندەکەش تورک دەستی بەسەردا گرتووە.

سەرنووسیار

١٢- محەمەدی پێغەمبەر (د.خ)، ساڵی ٥٧٠ پاش زاین لە مەککە لەدایک بوو؛ ساڵی ٦١١ پەیامی خۆی ڕاگەیاند و ساڵی ٦٣٢ وەفاتی کرد. دەوری دینی محەمەد (ئیسلام) لە ٦٢٢دا دەست پێ دەکا کە کۆچکردنی محەمەد (هیجرەت) لە مەککە بۆ مەدینەیە.

سەرنووسیار

١٣- خەلیفە عومەر (د.خ) پاش گرتنی ئێران لە ٦٤٢دا کوردەکانیشی بەزاند و کوردستانی بەسەر چەند میرنشینی جیاوازدا دابەش کرد کە باج و خەراجیان دەدا.

سەرنووسیار

١٤- جەماوەرێکی زۆر لە کوردەکان، بەتایبەتی ئێزدی، تا ئێستا ئاینی زەردەشتییان بەرنەداوە و نەستوورییەکان کە ڕەنگە بە نەژاد کورد بن مەسیحی مەزەبن.

سەرنووسیار

١٥- سوننی له زمانی عەرەبیدا بەمانای ئەو کەسەیە کە پێڕەوی بنەما دینییەکانە و شیعە بەمانای تەفرەقەخواز و بەرهەڵستکارە. تورک و کورد سونین؛ ئێرانییەکانیش شیعەن. پێویستە بزانین کە مەبەستی نووسەری ئەم بابەتە کوردی نیشتەجێی تورکیان. ئەگینا لە ئێران و عێراقدا بەشێکی گەورەی کوردەکان شیعەن و ئێرانییەکانیش هەموویان شیعە نین و بەشێکیان سوننی مەزهبن (وەرگێڕ).

فاتیمە کچی پێغەمبەر، لەگەڵ ئیمام عەلی زەماوەندی کرد. بەرهەمی ئەم ژن و مێردایەتییە دوو کوڕ بوون بەناوی حەسەن و حوسێن. عەلی لە ساڵی ٦٥٦دا بوو بەخەلیفەی چوارەم. موعاویە کە لەلایەن عومەر، خەلیفەی دووەمەوە حکوومەتی شامی پێ سپێردرابوو، سەری بۆ عەلی دانەنواند و شەڕ و کێشە کەوتە نێوانیان. پاش دوو ساڵ شەڕ و پێکدادان و دانوستاندن و هاتوچۆی نێوان، موعاویە لە بەشی ڕۆژئاوای خەلافەتی ئیسلامیدا وەک خەلیفە و پادشا جێگیر بوو. سەرەنجام ساڵی ٦٦١ عەلی بەدەست پیاوێکی موعاویە کوژرا و حەسەن جێگەی گرتەوە. بەڵام لە دەی ئاگۆستی ٦٦١دا ناچار کرا بەسوودی موعاویە لەسەر کار لاچێ و بەم جۆرە موعاویە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ (٦٦١ - ٦٨٠) وەک خەلیفەی بێ ڕەقیبی ئیسلام دەسەڵاتداریی کرد. پاشان بەپیلانی موعاویە حەسەن بەدەست خێزانی خۆی دەرمانداو کرا و براکەی، حوسێنیش، لەگەڵ خاوخێزانی بەفەرمانی یەزیدی کوڕی موعاویە کە حاکمی سووریا بوو لە کەربەلا کوژران (٦٨٠ پاش زاین). لەو ڕۆژەوە هەوادار و لایەنگرانی حەسەن و حوسێن لە دژی موعاویە هەڵتەزینەوە و بەیعەتیان پێ نەدەکرد و بەداگیرکەر و قاتلی ئیمامی عەلی خەلیفەی ڕاستین و کوڕەکانیان دەناسی و ڕقیان لێ هەڵگرتبوو. بەتایبەتی حوسێنیان وەک میراتگری ڕاستەوخۆی پێغەمبەر چاو لێ دەکرد. ناوی "شیعە" بەم تاقمە سەرکێش و نافەرمانە درا. دژایەتیی نێوان عەلی و موعاویە و بنەماڵەکانیان دەگەڕێتەوە پێش محەمەد. ئەم دژایەتییە دوژمنایەتیی نێوان دوو قەبیلەی هاشمی (قەبیلەی محەمەد) و ئومەیە بوو کە هەردووکیان لە قەبیلەی قوڕەیش کەوتبوونەوە. پاش ئەوەی بەغدا لە ساڵی ١٠٥٥دا کەوتە دەست تورکانی سەلجووقی و توغرولی تورک بوو بەخاوەن دەسەڵاتی جێگە و پێگەی خەلیفە، عەرەبەکان بەنهێنی نیشانەکانی خەلیفە (عەبا، عەمامە، پەرچەم و دوو

داو له مووی ریشی پێغەمبەر)یان له ساڵی ١٠٦٠دا نارده میسر. سوڵتان سەلیم کاتێک له ساڵی ١٥١٧دا میسری گرت، ئەو شتانەی داگیر کرد، لەو سەردەمەوە تا کۆتایی پێهاتنی خەلافەت له ١٩٢٣ بەدەست کەمالیستەکان، سوڵتانەکان خۆیان بەجێنشینی پێغەمبەر دەناساند. بەپێی وەسیەت و ڕێنوێنیی پێغەمبەر، جێنشینی دەبووایە بەهەڵبژاردن بێ. چەندان کەسیش که قورئانیان تەفسیر کردووە پێیان وایە دەبێ جێنشین له بنەماڵەی پێغەمبەر دەستنیشان بکرێ.

سەرنووسیار

١٦- له ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کورد به دەست تورک، شەڕ و شۆڕشی زۆری بەدوا داهات. ساڵی ١٨٠٦ له سلێمانی عەبدوڕەحمان پاشای بابان، سوپای سوڵتانی تێک شکاند، بەڵام پاش دوو ساڵ شەڕی نابەرامبەر تەسلیم بوو. ساڵی ١٨١٢ ئەحمەد پاشای بابان کوڕی عەبدوڕەحمان پاشا دەستی کردەوە به شەڕ و تا دەوروبەری بەغدای گرت. ساڵی ١٨٢٠ زازاکان و له نێوان ساڵانی ١٨٢٩ تا ١٨٣٩ عەشیرەتەکانی ڕەواندز، هەکاری، توورعابدین، سنجار و دیاربەکر له دژی تورکان ڕاپەڕین و دامرکاندنەوەی ئەم ڕاپەڕینانه بۆ "بابیعالی" زۆر گران تەواو بوو. مارشاڵ وان مۆڵتکه، کە ئەرکی ڕێکوپێککردنی ئەرتەشی تورکی بەعۆده بوو، زۆر شەڕی نێوان کورد و تورکیشی بەچاوی خۆی دیبوو. لەو نامانەدا کە بۆ دایکی نووسیوه به ئافەرین و واژه و ڕێکەوەندی تەحسین و سەرسوڕمانەوه باسی ئازایەتیی کوردان دەکا. بەڵام به نەفرەت و بێزارییەوه جینایەت و وەحشیگەریی ئەفسەر و سەربازی تورک لەسەر ژن و منداڵی کورد، دەگێڕێتەوه.

بەرچاوترین ڕاپەڕینی کورد له دژی تورکیا له دەورەی پێش شەڕی جیهانیی یەکەمدا ساڵی ١٨٤٧ بەسەرۆکایەتیی شازاده بەدرخانی جەزیره کە چەندان عەشیرەتی بەهێزی لەگەڵ کەوتبوو، دەستی پێ کرد. سوڵتان سوپایەکی ٦٠,٠٠٠ کەسیی نارده سەر بەدرخان، بەڵام لەلایەن کورده یەکگرتووەکانەوه تێک شکێنرا. لەشکرێکی تری ١٠٠,٠٠٠ نەفەریی بەسەرکردایەتیی تۆپاڵ عوسمان پاشا هەر بەو چارەنووسە چوو. بەڵام کاتێک سەرکەوتن نزیک بوو، سوڵتان پەنای بردە بەر فێڵ و تەڵەکە، ئەو توانیی برازای بەدرخان کە

فـەرمـــاندەی باڵـی چەپی ســوپای مـامـی بوو، بکرێ و فـریو بدا و ئەم پیـــلانە چارەنووسی تاڵ و زەهـراویی بۆ کورد لێ کەوتەوە. ئەلەکسـاندر ژابا لە کـتێبی Recuel de notices et Recits Kurdesدا دەڵـێ "…. شــــــازادەی نـاوبـەدەرەوە، بەدرخـان کە زۆر سەرکەوتووانە سـاڵی ١٨٤٧ لەگەڵ سوپای تـورک شەڕی کـرد. تەنیا بەپیلانێکی عوسمان پاشا شکستی خوارد…"

لە سـاڵانی ١٨٧٥، ١٨٨٤ و ١٨٨٩دا ڕاپەڕینی تر لەلایەن عەشـیرەتە کوردەکانەوە هەڵایسـاوە. هـێندێک لەم بـەرهەڵسـتکارییـانە بە زێڕ و پـوول دامـرکـانەوە، بەڵام هێندێک لە دژی حـوکـمـڕانی تورک درێژەیان بـەخـەبات دا. ڕاپەڕینی ئێسـتـای کـورد، پاشـمـاوەی ڕاپەڕینـەکانی پێشــووە، بەڵام لە بارسـتـایەکی گـەورەتردا و نیـشـانەی لێـبڕاوەییـی کـوردە بـۆ هـەڵگرتنی نیـری کـۆیلەیتـی تورک لەسـەر ملی خۆی.

سەرنووسیار

١٧- نە ئیسـلام و نە حکوومـەتی تورک نەیانتـوانی ژیانی کـۆمـەڵایەتیی کـورد بگۆڕن. کـوردەکـان بێـجگە لە هێندێکیـان کـە لاسـای تورک دەکـەنەوە، لـە یەک ژن پـتـر ناهێـنن. ژنی کـورد بـەئازادی دێ و دەچـێ و ڕووبەند و چارشـێـو بـەسـەردا نادا، مــەگــەر ئەوەی لـەگـەڵ تورک ڕووبەڕوو بێـتــەوە. لـە ژیانی ژن و مـێـردایـەتیـدا لەچوارچێـوەی مـاڵ و ژیـانی خـۆیدا ئـازاد و خـاوەن دەسـەڵاتە و لـە کـاروبـای کۆمەڵدا بەشداره و وەک کچ و ژنی ئەمەریکایی سەربەخۆیە و متمانەی بەخـۆی هەیە. تەڵاق و جـیـابوونەوە زۆر کـەمــە و لە خـراپـتـرین حـاڵەتدا ڕوو دەدا. ئینسکلۆپیدیای گـەورە Le grande Encyclopedie دەڵێ: هەسـتی مـاڵ و مـێرد و خانەوادە خۆشویستن لەنێو ئەواندا زۆر بـەرزە. ژنانی کورد، وەفـادار، نەجیب و ڕووخـۆشن. ژنی کـورد لـە ژنانی ئێـرانی و تورک ئازادترن، بـێ چادرە و ڕووبەند دێن و دەچـن. ژنهــێنانی زۆر لـە نێــویـاندا باو نیـــیـە مـــەگــەر لـەنێــو چـەند دەوڵەمەندێکدا. کورد ڕقی لە تورکە. ئەوان شێتی مۆسیقا و هەڵپەڕکێن.

نووسەر

١٨- پێش پـەرەگـرتنی ئاینی مـەسـیـحی، ئەرمـەنیـیـەکـان سـێ خـوایان دەپەرست، ئەرامـازت (Aramazt خـوڵـقـێنەری هـەرچی هەیە) ئەنـاهیـد (خـوای عـەقڵ، داد،

جوانی، بەزەیی) و واکاکن (Vakakn هێز، دەسەڵات). ئەم شێوە خواناسییە بەستێنی بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ئەرمەنستان خۆش کردبوو. ئەرمەنییەکان کە خواناس بوون بەتێکۆشانی حەوارییەکانی مەسیحی بوون بەخاچپەرست (دەگەڕێتەوە بۆ ٤٤ی پاش زاین) و کڵێسایەکی نەتەوەییی خۆیان لە ٣٠١دا دامەزراند. ئەو کڵێسایە بەدرێژاییی مێژوو لە بەرانبەر تۆفانی ڕووداوەکاندا ڕاوەستاوە و ئەمڕۆش بەرقەرار و زیندووە. ئەرمەنییەکان، لە دنیای کفر و تاریکیدا یەکەم نەتەوە بوون کە ئاینی مەسیحییان وەرگرت. (لە بڵاڤۆکی هاربورد ڕیپۆرت ١٣ی ئەپریلی ١٩٢٠ وەرگیراوە)

کڵێسای پیرۆزی ئەرمەنستان کە لەلایەن حەوارییەکانی وەک سەنتتادیوس St. Thadeus و سەنت بارتۆلۆمی St. Bartholomew دامەزرا لەو دەمەوە تا ئێستا بێ پسانەوە ١٣٧ کەشیش یا کاتالیکۆس (Cathalicos گەورەی کڵێسا) کاروباری ئەو کڵێسایان بەڕێوە بردووە. ئەم کڵێسایە لە بناری ئاراراتە. هەموو ئەرمەنییەکان بێجگە لە ١٠٠,٠٠٠ کەسیان کە سەر بەکڵێسای کاتولێک و ڕێڕەوی پرۆتستانین، وێکڕا سەر بە کڵێسای دایکن.

سەرنووسیار

١٩- کوژراو و زیانی گیانیی "تورک- ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕدا کوژران. ئەوانەی لە تۆڵەکردنەوەدا کوژران و ئەوانەی لە برسان، لە نەخۆشی و بە ئیعدام مردن- لە ٢,٠٠٠,٠٠٠ زۆرتر بەراورد کراوە. بەپێی ئاماری ئەرتەشی ئەمەریکا ٦٠٠,٠٠٠ تورک بەتیفۆس مردن و تەنیا بیست لە سەدی جووتیارە تورکەکان کە چوونە بەرەکانی شەڕ، گەڕانەوە سەر جێ و شوێنی خۆیان..."

سەرنووسیار

٢٠- ڕۆژی ٢٣ی ژوئەن (حوزەیران)ی ١٩٢٠ لۆید جۆرج (سەرەک وەزیرانی بەریتانیا) لە مەجلیسی عەوامدا گوتی کە "... پەیمانی تورکیا بە داخوازی ئەمەریکا دوا خرا" هەروەها سێرئۆستین چامبرلەن، لە بیرمەنگام، ڕۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ گوتی: ".... کۆنفرانسی ئاشتی کاری ئامادەکردن و تەدارەکی پەیمان لەگەڵ تورکیای زۆر وەدرەنگ خست. ئەم دواکەوتنە بوو بەهۆی چارەڕەشی و کاریگەری خراپ لەسەر تەواوی بارودۆخەکە. هاوپەیمانان

باوەڕیان بە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کە دەیەوێ دەورێکی کارامە و کارساز لە جێبەجێکردنی کاری تورکیادا بگێڕێ...."

ئیم ئۆگۆست بێنارد (ئەفسەری ئەکادیمی) لە ئایگیلۆن Aiguillon دەڵێ: ".... فرەنسا ساڵی ١٩١٩ ڕازی بوو ١٢٠٠٠ سەرباز ڕەوانەی کۆماری ئەرمەنستان بکا و دەستووری بەسەرهەنگ برۆمۆن دا لە سیلیسیا ئەرتەشێکی ئەرمەنی پێک بێنێ. ئەگەر پیلانگێڕی و ئاژاوەنانەوەی هەندێک لە زلهێزەکان نەبووایە، ئەو بەرنامەی فرەنسا دەبووە هۆی ڕزگاری و خۆڕاگرتنی کۆماری ئەرمەنستان. بەڵام دەوڵەتی ئەمەریکا کە ناردنی سوپای ئێمەی بۆ ئەرمەنستان پەسند کردبوو، پاش چەند ڕۆژ بەئێمەی ڕاگەیاند کە ئەوان خۆیان سوپا دەنێرنە ئەرمەنستان. بەرپرسی پیلانی سەر ئەرمەنستان دەکەوێتە ئەستۆی ئینگلیز و ئەمەریکا. لە کاتی پێویستدا دەگەڕێنەوە سەر ئەم باسە و بێ سەرنجدان بە ڕەخنە و نکووڵیکردن، ڕوونکردنەوەیەکی تەواو لەسەر ئەو بارودۆخە کە بەرهەمەکەی پشت تێکردن و بەجێهێشتنی هاوپەیمانی وەفادار ئەرمەنستان بوو، بەدەستەوە دەدەین..."

دواخستنی دوو ساڵە، کە ئەمەریکا بەسەر هاوپەیمانانی داسەپاند، دەرفەتی زێڕینی بۆ تورکان ڕەخساند، کە بەرەنگاریی خۆیان سازمان بدەن و ئەرمەنستانی لە پێشنیازی یارمەتی و پشتیوانیی هاوپەیمانان بێبەش کرد. لە حاڵێکدا ئەم سیاسەتی تەفرەدانە دەکرا خۆی لێ بپارێزی، بەڵام بێ خەبەری و نائاگایی لە بارودۆخ و چەند و چۆنی بەشداران ئەم چارەنووسە تاڵەی لێ کەوتووەتەوە.

سەرنووسیار

٢١- بەپێی پەیمانی نێوان مۆسکۆ لەگەڵ ئەنقەرە، نوێنەری تورکیا، ئەحمەد موختار بەگ، باڵوێزی ئێستای تورکیا لە وڵاتەیەکگرتووەکان دەڵێ، تورک و بۆلشەڤیک ڕێک کەوتن، هاوکات هێرش بکەنە سەر ئەرمەنستان. هەروەها مۆسکۆ ڕازی بوو بەشێک لە کۆماری ئەرمەنستان بدرێ بە تورکیا، وەک قارس، ئەردەهان و ساریقامیش.

سەرنووسیار

٢٢- ئەرمەنستان ساڵی ١٣٧٥ (زاین) سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا و لە نێوان رووس و تورکیا و ئێراندا بەش کرا. لە ١٩١٤دا ژمارەی ئەندامانی ئەم نەژادە ٤,٥٠٠,٠٠٠ کەس بوو کە نزیکەی زیاتر لە ٤,٠٠٠,٠٠٠ کەسیان لە تورکیا و رووسیا دابوون و لەوەدەمەوە لە کەمیان داوە و بوونەتە ٣,٠٦٩,٠٠٠ (بەمەزندە).

لە شەڕی جیهانیدا ٣٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی لەگەڵ سوپای هاوپەیمانان یا وەک تاقمگەلێکی سەربەخۆ، شەڕیان دەکرد و زۆرتر لە ١٠٠,٠٠٠ کەسیان لێ کوژرا. پاش تێک رووخانی دەوڵەتی رووس لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا، ئەرمەنییەکان لە بەرەی شەڕی قەفقازدا کارامە بوون و نزیکەی هەشت مانگان لەگەڵ تورکان شەڕیان کرد و لە ٢٨مەی ١٩١٨دا کۆمارێکیان لە ئەرمەنستانی رووسدا هێنا سەرکار. لە دوامین حەوتووی مانگی مایدا لە شەڕێکی پێنج رۆژە لە سەردارئاباد و قەرەکلیسدا، سی گوردانی ئەرمەنی لە بەرامبەر پەنجا گوردانی تورکدا راوەستابوون و لە چواری ژوئەنی ١٩١٨دا تورکیا ناچار بوو کۆماری ئەرمەنستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە رەسمی بناسێ. ئەم کۆمارە ئەودەم لەلایەن ئەڵمان و سۆڤیەتەوە بەرەسمی ناسرا و سەرەنجام دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ئەمەریکاوە بەرەسمی ناسرا. پەیمانی سیڤەر (دەی ئاگۆستی ١٩٢٠) کە ئەرمەنستانیش تێدا ئەندام بوو، بەشێک لە ئەرمەنستانی تورکیای دا بە کۆماری ئەرمەنستان. وا بڕیار بوو سنووری ئەم وڵاتە لەژێر چاوەدێریی هاوپەیمانان و تورکیا و ئەرمەنستاندا لەلایەن سەرکۆماری ئەمەریکاوە دیاری بکرێ. بەڵام، لە سێپتامبەری ١٩٢٠دا رووسیای سۆڤیەت و تورکیا پێکەوە هێرشیان بردە سەر ئەرمەنستان و دوو لە سێ بەشی وڵاتەکەیان گرت. پاشان لە مارسی ١٩٢١، مۆسکۆ بەشێکی لە ئەرمەنستان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی لە فیدراسیۆنی رووسیادا و ئەرمەنستانی سۆڤیەتی وەک ئەندامێکی سەربەخۆ تێدا دامەزراند- بە مافی جیابوونەوە- ئەگەر بتوانێ. فەرماندە ئێچ. دەبلیوو. چی تێمپرلی، باوەڕپێکراوی سنوورناسی لژیۆنی هبریتانی لە کۆنفرانسی وێرسای، لە کتێبی "مێژووی کۆنفرانسی ئاشتی"دا دەنووسێ:

"له پایز و سەرەتای زستانی ١٩٢٠دا ئەرتەشی سوور و ئەرتەشی تورکیای ناسیۆنالیست، هاوکات هێرشیان کرد. کازم قەرەبەکر (فەرماندەی تورک) قارسی گرت... لەولاشەوە سەربازانی سۆڤیەت کە لە پێشدا ئازەربایجانیان گرتبوو و خەریک بوون گورجستانیش داگیر بکەن لە باکوری ڕۆهەڵاتەوە هێرشیان بردە سەر ئەرمەنستان، ئەوان دەوڵەتێکی ئەرمەنیان لەگەڵ خۆ هێنابوو. داشناکەکان (حزبی دەسەڵاتدار) تێک شکان و بۆلشەڤیکە ئەرمەنییەکان هاتنە سەر کار و ئەوان بوون کە پەیمانی ئاشتییان لەگەڵ قەرەبەکر مۆر کرد."

پرۆفیسۆر ئارنۆلد. جی، توینبی لە زانکۆی ئاکسفۆرد لە کتێبی "پێداچوونەوەی کاروباری ناونەتەوەیی Survey of Inter national Affairs"ئەم بابەتەی خوارەوەی هێناوە:

"لە مانگەکانی مەی و ژوئەنی ١٩٢٠دا لە چەند شوێنی کۆماری ئەرمەنستاندا ڕاپەڕینی بۆلشەڤێکی لە ئارادا بوو. لە کۆتاییی مانگی جولایدا مۆسکۆ ئۆلتیماتۆمی دا بەئەرمەنستان کە دەقی پەیمانێک مۆر بکا کە لە پێشدا درابوو بە ئەرمەنستان، بەڵام ڕەت کرابووەوە چونکە دەبوایە ئەرمەنستان ئیزن بدا سەربازانی رووسی بەرێگەی ئاسنیی ئەرمەنستاندا خۆیان بگەیەننە تورکیا و هاوکاریی سوپای تورک بکەن لە شەڕی یۆنانییەکاندا. ڕەتکردنەوەی دووبارەی ئەم ئۆلتیماتۆمە هێرشی ١٠ی ئاگۆستی لێ کەوتەوە.

پێش تەواوبوونی مانگی سێپتامبەری ١٩٢٠، کازم قەرەبەکر، فەرماندەی ئەرتەشی ڕۆهەڵاتی تورکیا، هێرشێکی غافڵگیرانەی بردە سەر ئەرمەنستان... لە دوازدەی ئۆکتۆبەردا ئەرمەنییەکان شکان. هەروەها ڕۆژی سێزدەم، مۆسکۆ ئۆلتیماتۆمی دا بە ئێرەوان کە ڕەت کرایەوە... لە ڕۆژی بیست و یەکدا قەرەبەکر قارسی گرت و ڕاپەڕینێکی موسڵمانان لە ناوچەی ئەلیکساندرۆپۆڵ لە دژی بەشی دواوەی سوپای ئەرمەنستان، فەرماندەی پلەبەرزی ئەرمەنیی ناچار کرد لە حەوتی نۆڤەمبەردا داخوازی ئاگربەست بکا..."

حکوومەتی کۆماری ئەرمەنستان کە لەلایەن سوپای یەکگرتووی ڕووس و تورک لە خاکی خۆی ڕاونرابوو (١٣ی جولای ١٩٢١) ئێستا بەناوی "نوێنەرایەتیی

کۆماری ئەرمەنستان" لە پاریس بنکەی خۆی هەیە.

سەرنووسیار

٢٣- ناوچەی کێشە لەسەری مووسڵ، کە پاشەکەوتێکی گەورەی نەوتی تێدایە، بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە ١٦ی جولای ١٩٢٥، ژماری دانیشتوانی دەگاتە ٧٩٩٠٠٠ کەس، کە لەوانە ٥٢٠٢٦٤یان کوردن (کۆمیسیۆن ٢٦٢٧٥ ئێزدی بە جوێ داناوە) و ٣٦٦٥٢ کەسیش تورکن. عیسمەت پاشا، لە کۆنفرانسی لۆزاندا کێشەی دەفرۆشت کە زۆرینەی خەڵکی ئەم ناوچەیە تورکن؛ تەوفیق رەشید، کۆمیساریای دەرەوەی تورک، لە سپتێمبەری ١٩٢٥ لە بەرانبەر ئەنجوومەنی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکاندا دەیگوت "عیسمەت ڕاست دەڵێ" تورکەکان کوردیان خۆش دەوێ و کوردەکان لەسەر ئەوە پێداگرن کە برا خۆشەویستەکانیان حکوومەتیان بەسەردا بکەن!.

سەرنووسیار

٢٤- هیچ سەرژمێرییەکی نەتەوەیی کورد تا ئێستا بێجگە لە هەرێمی مووسڵ ئەنجام نەدراوە. زۆر تەخمین و قەبلاندن لە پێش شەڕدا هەبوون کە دەڵێن ژمارەی نفووسی کورد بەینی سێ تا پێنج ملیۆنە. چەند کەس لە کوردان ئێستە لە تورکیادا دەژین، ڕوون نییە.

کتێبی زەردی دەوڵەتی فرەنسا کە لە ١٨٩٢دا بڵاو کراوەتەوە ژمارەی کوردی تورکیا ٣,١٢٨,٨٩٧ کەس دادەنێ. جەنەراڵ زەلەندی (رووس) کوردی تورکیای بە ٢,٨٠٠٤٧٥ کەس داناوە. بەپێی مەزەندەکردنی دەوڵەتی تورکیا لە ١٩١٤دا تەنیا لە زۆر Zor و مووسڵدا ژمارەکە ٢,٥٢٧,٨٤٠ کەسە.

